


# تایبەت بەڕێزلێنانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

---------------------------------------------

ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی


# پێرست


١- ڕاپۆرتی کاری کۆڕی ڕێزلێنانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە ........................................... ٤
٢- وتاری دەستپێکی ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان ........................................................ ٩
٣- پەیامی کۆمیتەی ئامادەکاری بۆ ڕێزلێنان لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە ................................ ١١
٤- ئاورێکی کورت لە ژیانی خەباتکارانەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە .................................... ١٣
٥- وتاری کۆمیتەی نۆرویژی حیزبی دیموکراتی کوردستان .................................................. ١٨
٦- وتاری کاک ئەمیر قازی (سەرۆکی پارتی سەربەخۆیی کوردستان) .......................................... ٢٢
٧- وتاری کاک بابەشێخ حوسەینی (سازمانی خەبات) ........................................................ ٢٥
٨- وتاری کاک دڵشاد خدر (نوێنەری حیزبی شیوعیی کوردستان) ............................................. ٢٧
٩- پەیامی کاک مەحمود برۆ نوینەری پارتی ئازادی کورد لە سوریە ......................................... ٢٩
١٠- وتاری کاک ئەحمەد جهانگیری ................................................................ ٣٢
١١- بروسکەی پارتی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ ................................................. ٣٤
١٢- پەیامی کومیتەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە نۆرویژ ......................................... ٣٥
١٣- پەیامی ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان لە نۆرویژ ................................................ ٣٦
١٤- پەیامی کومیتەی خەباتی شۆرشگێری کوردستان لە نۆرویژ .......................................... ٣٧
١٥- پەیامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان ........................................................ ٣٩
١٦- پەیامی کۆمەڵەی کولتووریی کوردی ........................................................... ٤١
١٧- وتوویژ لە گەڵ کاک ئامانج نوێنەری پارتی دێموکراتی کوردستان ................................... ٤٣
١٨- وتاری کاک هاشم ڕۆستەمی ................................................................. ٤٤
١٩- وتاری مامۆستا ئاشق ...................................................................... ٤٩
٢٠- پەخشانێک لەلایەن لاوی ڕووناکبیر کاک یاسین حاجیزادەوە ........................................ ٥٦

٢١- وتاری خوشکە خەدیجە مەعزوور .......... ٥٧
٢٢- پەیامی کاک سامان خانەقینی .......... ٦٠
٢٣- پەیامی جەنابی سارمخانی سادق وەزیری .......... ٦٣
٢٤- پەیامی مامۆستا فەوزی ڕەمزی مەلا مارف .......... ٦٦
٢٥- پەیامی کاک مەلا عەزیز ئەحمەدی .......... ٦٨
٢٦- پەیامی کاک حوسێن شەبەق .......... ٦٩
٢٧- پەیامی کاک هاشم کەریمی .......... ٧٠
٢٨- پەیامی مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو .......... ٧١
٢٩- پەیامی دوکتۆر حەسەن شەتەوی .......... ٧٢
٣٠- گوڵبژێرێک لە وتەکانی مامۆستا حەسەنزادە کەلەنێوئاخنی بەرنامەکەدا خوێندرانەوە .......... ٧٥
٣١- وتاری مامۆستا حەسەن زادە .......... ٧٩
٣٢- وتەی کۆتایی .......... ٨٦
٣٣- پەیامی کاک حەسەن حاتەمی .......... ٨٨
٣٤- پەیامی کاک مەلامحەممەد خزری (قەرەقشڵاغی) .......... ٩١
٣٥- پەیامی کاک برایم جەهانگیری .......... ٩٣
٣٦- پەیامی کاک هەیاس کاردۆ .......... ٩٧
٣٧- پەیامی کاک کەریم ئەڵڵاوەیسی .......... ١٠٠
٣٨- پارچە شێعرێک بۆتەمەنێک (ئازاد سەردەشتی) .......... ١٠٢
٣٩- پەیامی ئازاد عەباسیان .......... ١٠٤

*************************************

# ڕاپۆرتی کاری کۆڕی ڕێزلێنانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە



پۆلێک لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە وڵاتی نۆروێژ لە کارێکی زۆرسادقانەو شۆرشگێڕانە دا بەهیممەتی بەشیکی بەر چاو لە دۆست و لایەنگرو ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پلانێکی چڕو پڕ و هەمەلایەنە توانیان ، وەک وەزیفەیەکی سەرشانیان بۆ یەکەم جار لە ئاستی کەسێکی بە توانا و بلیمەتدا کە بەشێکی زۆری تەمەنی خۆی فیدای گەلی کوردو ئامانجەکانی کردوە ڕێز لە خەباتو تیکۆشان و زەحمەتەکانی لە پێناو گەلی کورددا بگرن. بۆ ئەم مەبەستە بە هاوکاریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی کۆمیتەیەکیان بۆ ئامادەکاریی ڕیزگرتن لەم کەسایەتییە پێکهێنا کە بریتی بوون لە:

١- حەسەن غەمبار بەرپرسی کومیتە.

٢- غفور واوەیی.

٣- یوسف عەبدوڵلاپووری.

٤- ڕەسووڵ پەناهی.

٥- نادر ئەمینی.

٦- لوقمان حوسەینی.

٧- ناسر قادر پوور.

٨- عەلی خاس.

٩- هەمزە ئاگووشی.

١٠- جەعفەر رەسووڵی.

١١- یاسین حاجی زادە.

١٢- جەعفەر شەریعەتی.

١٣- عوسمان مامەش.

بە هاوکاریی هەریەک لە بەڕێزان:

١- هاشم ڕۆستەمی.

٢- خوسرەو قادری.

٣- عەلی لالە.

لە ماوەی نزیک بە ٢ مانگ دا هەمووکارەکان بە پێی توانا ئامادەکران و بەرەو تەواوبوون چوون.

هەروەها ئەم کەسانە لە بەشی وێنە و فیلم بەرداری هەموو ئەرکە کانیان بە ئەستوە گرتبوون:

١- پیران.

٢- حەمەرەسووڵ کەریمی.

٣- ئازاد بانەیی.

٤- کەماڵ ئافەرین.،

٥- سیروان بەرزەگەر.

ڕۆژی ١٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣ لە وڵاتی نۆڕوێژ لە ناوچەی ئوسفۆلد لە شاری" رۆدە" بە بەشداریی نیزیک بە ٣٠٠ کەس لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی، کولتووری و فەرهنگی یەکان و هەروەها کەسایەتی یە سەر بەخۆکان و نووسەر، شاعیر و کەسایەتی یە مەزهەبی و سیاسی‌یەکان‌و بەشێک لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە وڵاتانی دوورو نیزیک لە سویس، فرانسە، ئەڵمان، سوێد، دانمارک، فەنلاند و بریتانیاوە هاتبوون و هەروەها

بەشێک لە ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە ڕێوڕەسمێک بۆ ڕێزلێنانی ناوبراو پێک هات. ساڵۆنەکە بە دروشمی عەبدوڵلا حەسەنزادە تەمەنێک خەبات و خزمەت بە نەتەوەی کورد رازابۆوە.

چەندین پلاکارتی پڕنێوەرۆک و پڕمانا ئامادە کرابوون و تابلۆیەک بە جامەدانییەک، قەڵەمێکی ١ میتری و دار زەیتوونێک نەخشابوو، بە دەیان کوڕو کچی جوان و گەنج بە لیباسی جوانی کوردی یەوە پێشوازی یان لە میوانەکان دەکرد و وێڕای ئەوە هەموو ئەندامانی حیزب لەوشارە لە حاڵەتی کارو پاراستنی ئەمنیەت و پەزیرایی لە میوانەکان دا بوون، بە پێشکەش کردنی چایی و قاوەو، کێک و میوەو، ساردەمەنی، ئەرکی میوانداری یان بە ئەستۆوە گرتبوو. پێویستە بگوترێ بە هۆی سنووردار بوونی شوێنی مەراسیمەکە نەدەتوانرا هاتن بۆ هەمووان ئازاد بێ و بە کارتی دەعوتی نەبا، جێگەی زیاتر لەو کۆمەڵە خەڵکە نە دەبۆوە و مجبوور بووین گلەیی و گازەندەی دەیان کەس لە دوورو نزیک قەبوول کەین و لە دعوت کردنیان خۆ بپارێزین. کومیتە ی ئامادەکاری بۆ تێکڕای میوانە کان ٢ هەدیەی ئامادە کردبوون کە بریتی بوون لە باجێکی سەر سینگ کە بە وێنەی مامۆستا نەخشابوو لەگەڵ نووسراوی عەبدوڵلا حەسەنزادە تەمەنێک خەبات و خزمەت بە نەتەوەی کورد، هەروەها قەڵەمێک کە بە هەمان شوعار نەخشابوو. سەعات ١٣ بە کاتی ئورووپا دەستی بەکارەکان کرد.

لە پێش دا، بە دەنگی هونەرمەندانی هەر چوارپارچەی کوردستان، بە لاوک و حەیران و مەقام و بەستە واریدی ساڵۆنە کە بوون. سەعات ١،٣٠ دەقیقە، دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕیزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستا ن ڕاگەیەندرا. هەریەک لە لاوی قەڵەمبەدەست و نووسەر کاک یاسین حاجیزادە و خاتوو رووئیا مەعرووفی وەک بەڕێوەبەری بەرنامە بە چەند پارچە شێعرو گێڕانەوەی قسە بەنرخەکانی مامۆستا چرای ڕێزگرتنەکەیان هەڵکرد. لە پێش دا پەیامی کومیتەی ئامادەکاری لە لایەن بەرپرسی کومیتە کاک حەسەن غەمبارەوە پێشکەش کرا.

ئەمجار بیووگرافیی مامۆستا بە شێوەی فیلم بە پرۆژێکتۆرو بە دەنگی بەڕێز نووسەر و پێشمەرگەی ڕۆژانی سەختی کوردایەتی کاک هەیاس کاردۆ بۆ ماوەی ١٦ دەقیقە پێشان درا، پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ لە لایەن بەرپرسی کومیتە کاک ئەسعەدی خزری یەوە پێشکەش کرا.

بەدوای ئەوەدا پەیامی کاک ئەمیر قازی، سکرتیری پارتی سەر بەخۆیی کوردستان، کاک بابە شێخ حوسەینی

سکرتیری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کاک محمود بیروو ئەندامی سەر کردایەتیی پارتی ئازادیی کورد لە سووریە. کاک سەلاحەدین عەباسی نوێنەری سازمانی خەباتی شۆرشگێڕ، کاک سالار شوانی بەرپرسی کۆمەڵەی کولتووریی کورد لە ئوسفۆلد، کاک سامان شۆڕش بەرپرسی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکیەتیی نیشتمانی لە نۆرویژ ، کاک سامان خانەقینی شاعیر، ئەنجومەنی گۆران لە نۆرویژ و پەیامی خۆشکە خەجیج مەعزوور پێشکەش کران. هەروەها هەڵسەنگاندنێکی سیاسی لە لایەن کاک هاشمی رۆستەمی و هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبی لە لایەن مامۆستا ئاشقەوە پێشکەش کران. ناوبەناو دەنگی هونەرمندان کاک خوسرەوی ماملێ و کاک هێدی قادری و کچە کوردی دەنگخۆش سازگار غەمبار مێشکی بەشدارانی زاخاو دەدا .

برگەیەکی دیکەی بەرنامەکە تەرخان کرابوو بۆ ڕێزگرتن لە مامۆستا و هاوسەرەکەی و کاک مستەفای حەکیم زادە و خۆشکە خەجیجەی مەعزوور، کە لەلایەن کومیتەی ئامادەکارەوە ڕێز لێنانەکە بەمشێوە بوو، هاوسەری مامۆستا لە لایەن خاتوو کوێستان گادانی یەوە چەپکە گولی ڕێزلێنانی پێبەخشرا، لە لایەن حاجی حسین حدادەوە بە چەپکە گوڵ ڕێز لە هاوڕێی ماندوویی نەناس یارو یاوەرو پارێزەری هەریەک لە نەمران دوکتۆر قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی و هەروەها مامۆستا عبدالله حسنزادە گیرا، کە بەسەردانێک لە کوردستانەوە سەفەری ئورووپای کردبوو. هەر وەها لە لایەن کاک نادر ئەمینی یەوە چەپکەگوڵ بە تاقانە خەجەکەی حیزب و یادگارە بەوەفاکەی رادیۆی کوردستان و قاسملوو شەرەفکەندی پێشکەش کرا. چەپکە گوڵیک لە لایەن کاک رەزا ئەمینی بە نوێنەرایەتیی کومیتەی وڵاتی نۆروێژو دیاری یەکی زۆر جوان و بەنرخ لە لایەن کاک حەمەرەسووڵی کەریمییەوە بە چەپکە شێعرێکەوە پێشکەشی مامۆستا کران، هەروەها لەلایەن ژنانی تیکۆشەرەوە بە دانی چەپکەگوڵێک ڕێز لە مامۆستا گیرا، کە لەلایەن هەریەک لە لاوی تازە پێگەیشتوو نیاز هەمزەیی، کچە شەهید نەرمین محەممەدی، هاو سەری شەهید خەجیجە ئەحمەدی، کەم ئەندامی حیزب کاک محمد غەمبار، ژنە تێکۆشەر جمیلە قادری، کۆنەزیندانی کاک خسرو قادری و پێشمەرگەی دێرین، عەوبدوڵڵا شەخسە و عەلی باڵەکی و عەلی شەم، چالاکی نێوخۆ نادر ئەمینی، ئەڵقە گوڵینە لە ملی مامۆستا کرا. ئەڵقە گوڵی کۆمەڵەی کولتووریی کوردی لە لایەن عوسمان مامەش، غەفوور واوەیی، خەجیجەی قادرپوور، محمد غریبی، یوسف پوری، خالد عبداللەزادە، حەمەدەمین مەعرووفی و فەریدە قوبادی خرایە ملی سیاسەتوانی گەورەی گەلەکەمان. لە لایەن کاک سالار شوانی یەوە تابلۆیەکی زۆر بەنرخ، کە وێنەی ڕێبەرانی گەلی کورد، نووسەران و شاعیرانی کوردی تیدا جێ کرابۆوە تەقدیم کرا. هەروە ها بە بۆنەی نیزیک بوونەوە حەفتاو پێنجەمین ساڵی لەدایک بوونی مامۆستا (یووبیلی ئەڵماس)ەوە، تابلۆیەکی بە نرخ کە بە زێڕ نەخشێندرابوو، لە لایەن بەشێک لە ئەندامانی کومیتەی ئامادەکاری ڕێوڕەسمەکەوە

تەقدیمی مامۆستا کرا کە هەریەک لە لوقمان حوسەینی، ڕەسووڵ پەناهی، هەمزە ئاگووشی، جەعفەر ڕەسووڵی، جەعفەر شەریعەتی. محموود خاس، حەسەن غەمبار پێشکەشیان کرد. چەپکەگولی ژنانی هەردەم ماندوویی‌نەناس بە نیشانەی قەدرزانی لە لایەن ژنانی تێکۆشەر، گوڵێ حەیدەری، خانم وەتمانی، زارا ئوستاد ئەحمەدی، ئامینەی ئەمینی، ناهیدەی فوزیە، زێرین درا بە مامۆستا. بروسکەو پەیامی ئەم حیزبو ڕێکخراوانە کە بریتی بوون لە برووسکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە نۆروێژ، یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان لە نۆروێژ، سازمانی خەباتی کوردستانی ئیران. کۆمەڵەی شورشگێڕی کوردستانی ئیران، کۆنگرەی نەتەوەیی کوردو هەروەها چەند حیزب و لایەنی تر. بەرێز مامۆستا دوای وەرگرتنی خەڵاتەکان لەنێو شادیو خۆشی و چەپڵەڕێزانی ئامادەبووان دا، چووە پشتی میکرۆفۆن و بۆ ماوەی ٢٥ دەقیقە قسەی کرد. ئاخرین بەش بە پەیامی ڕێزو حورمەت بۆ میوانەکان، پەیامی کۆتایی لە لایەن کاک حەسەن غەمبارەوە کۆتایی هات. خوشکانی تێکۆشەر، ماندوویی‌نەناسانە و بە شێوەیەکی زۆر جوان و کوردانە، خواردنێکی بە تامیان بۆ هەموو میوانەکان ئامادە کردبوو، کە دەیان جار دەستخۆشی بۆ ئەم دەستپوختە خۆشە دووپات کرایەوە. پێویستە بگوترێ دوای ٧ سەعات کاری بەردەوام مەراسیمەکە چەند بەگەرموگوڕی دەستی پێکردبوو هەروا بە گەرموگوڕی کۆتایی هات کە لە کەم ڕێوڕەسمێک دا بەو شێوەیە دیتراوە.

✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲



# وتاری دەستپێکی ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان




“ نەفرەت و لەعنەت لە هەموو ئەو گوللانە دەکەم کە لە تفەنگی کوردێکەوە هاتوون بەرەو کوردێکی دیکە"

بەڵێ، ٧٥ ساڵ لەمەوبەر گوندە جوانەکەی سیسێر تۆی لە باوەش گرت تاوەکوو ئەمڕۆکە ئێمەمانان و چەندین بەرەی دوای ئێمەش لە کوردستان و لە نێو هەموو ئەو میللەتانەی کە نەفرەت لە شەڕی براکوژی دەکەن پەیکەرێکی مەرمەڕی لە باڵات داتاشن تاوەکوو وەک سێمبولی ئازادی، سێمبولی لەخۆبردوویی، سێمبولی گەورەیی و فیداکاری، سێمبولی بەرخۆدان و سێمبولی دژی شەڕی خۆبەخۆ و براکوژی کرنۆشت بۆ بەرن... نەفرەتی تۆ لەو گوللانەی کوردێکی شۆڕشگێڕ بە کوردێکی شۆڕشگێڕی دیکەوەی دەنێ، لە بێدەسەڵاتی نەبوو، لە داماوی و بێ دەرفەتی نەبوو، لە باوەڕی قووڵی تۆوە بەو وتەیەت، لەو نەفرەتەت سەرچاوەی دەگرت. ئەوکاتەی ئەو قسەیەت کرد، سەرکردەی ڕەوتێکی مەدەنیی سەرشەقامەکان نەبووی، خاوەنی هێز و بە سەدان چەکداری ئازا و گیان لەسەر دەست بووی... بەڵام خۆت وتەنی: شەڕ بە هەموو ترسەنۆکێکیش هەڵدایسێ، بەڵام سوڵح بە پیاوانی گەورە دەپارێزرێ ...

بەڵێ هاوڕێیان! ئێمە ئەوڕۆ لێرە کۆ بووینەتەوە تاوەکوو ڕێز لە پێشمەرگەیەک، لە کادرێک، لە ڕێبەرێک، لە ئەدیبێک، لە سیاسەتوانێک، لە دیپلۆماتێک و لە خەباتکارێک کە نزیک بە تەواوی تەمەنی پڕ لە شانازیی خۆی بۆ خزمەت بە میللەتەکەی، بە نیشتمانەکەی تەرخان کرد، بگرین. ڕێز لە کەسایەتیی ناسراوی گەلەکەمان، لە تەمەنێک خەبات و تێکۆشان لە پێناوی گەل و نیشتمان، ناوی ئاشنا، وێردی سەر زمانان، مامۆستا عەبدوڵڵا

حەسەن زادە، بگرین. ڕێز لە کەسایەتی‌یەک بگرین کە بۆ باس لەسەر تواناکانی، گیانفیدایی، خۆبەختکردن و سەروەری یەکانی، تەنانەت وشەکانیش لە پەسنی دۆش دادەمێنن...

هاوڕێیان، میوانانی زۆر بەڕێز و ئازیز و خۆشەویست! لە لایەن پێکهێنەرانی ئەو ڕێورەسمی ڕێزلێنانەوە، کە لە کۆمەڵێک تێکۆشەری دێرین، بنەماڵەی شەهیدان، کەمئەندامان، تێکۆشەرانی نێوخۆ، زیندانی‌یانی سیاسی، ژنانی شۆڕشگێڕ و لاوانی وشیار و ئاگا پێک هاتوە، پڕ بە دڵ بەخێرهاتنتان دەکەم و، دەبێ بڵێم کە وێڕای بەشداریی ئێوەی زۆر ئازیز و خۆشەویست، کە بەشداریتان مایەی سەرفەرازیمانە، جێگای زۆر دۆست و هاوڕێ و خۆشەویستی جەنابی مامۆستاش بەتاڵە، کە بەداخەوە بە هۆی گرفتی هاتوچۆ و کەمیی ئیمکانات و دەرەتان نەیانتوانیوە لەم ڕێورەسمەدا بە شێوەی حوزووری بەشداری بکەن، بەڵام بە دڵ و بە ناردنی پەیام لەگەڵمانن...

بۆ ئەم ڕێورەسمە، چەندین بڕگەی جۆراوجۆر، وەک وتار، پەیام و بروسکەی حیزب و کەسایەتی یەکان، وتاری شیکاری، شێعر، پەخشان، گۆرانی و چەندین بڕگەی جۆراوجۆری دیکە ئامادە کراوە کە بەریز پێشکەشتان دەکرێ... سەرەتا، داوا لە پێشمەرگەی دێرین، کوڕی ڕۆژە سەختەکان و تێکۆشەری ناسراو کاک حەسەن غەمبار دەکەم کە تەشریف بێنێ و وتاری کۆمیتەی ئامادەکاری ڕێورەسمەکە بەم بۆنەیەوە پێشکەش بکا.

*************************************************



# پەیامی کۆمیتەی ئامادەکاری بۆ ڕێزلێنان لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە



ئامادەبووانی هێژا!

نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان!

ئەدیبان، نووسەران، شاعیران، ڕۆژنامەنووسان!

تێکۆشەرانی دێموکرات!

خوشک و برایانی خۆشەویست!

بەخێر بێن. ڕێگەم بدەن لە لایەن ئێوەشەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی کەسایەتیی ناسراوی نەتەوەکەمان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بکەم کە ئەمڕۆ لەم کۆڕەدا بەشدارە و شەرەفی ڕێزلێنان لەو گەورە پیاوەمان پێبڕاوە.

بەڕێزان! مێژووی خەباتی پڕ لە هەوراز و نشێوی نەتەوەکەمان، لەگەڵ ئەوەی بە قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە و گەلێک ڕووداوی لەبیرنەکراوی بە خۆیەوە بینیون، هاوکات کۆمەڵێکیش گەورەپیاو و مەزنەژنی لە دڵی خۆیدا تۆمار کردوون کە هەر یەک بە شێوەیەک و لە بوارێکدا شوێنپەنجەیان لە ڕەوتی بزووتنەوە و سەرهەڵدانەکان و پێشکەوتن و ڕۆشنبیری دا هەبووە و لە پێناو ژیانێکی ئاسوودە و دواڕۆژێکی ڕووناک بۆ نەتەوەکەمان دا، لە خۆیان مایەیان داناوە، بەڵام لە نێو ئەوانیش دا کەسانی تایبەتی تر هەڵ کەوتون کە بەشێوەیەکی زۆر دیارتر جێپەنجەیان لە بواری جۆراوجۆر دا نەک هەر بە ڕەوتی ڕووداوەکانەوە دیار بووە و دیارە، بەڵکوو ژیان و خەباتیان پڕە لە دەرس و ئەزموون و، سەرچاوەی ئیلهام و لێ فێربوون. بێ گومان لە نێو ئەو بلیمەتانە دا، ناوی

کەسایەتی و سیمای سیاسی و ئەدەبیی ناسراوی گەلەکەمان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە لووتکە دا دەدرەوشێتەوە.

بەڕێزان!

پۆلێک لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە هەنگاوێکی ئەمەگناسانەدا و بە پێکهێنانی کۆمیتەیەکی ڕێزلێنان و لە کۆڕێکی دۆستانە دا، وەک وەفایەک بۆ رابردووی لێوڕێژ لە خزمەت و فیداکاری، ئەمڕۆ ڕێز لە سەرکردە و ئەدیبێک دەگرن کە بەشی هەرە زۆری تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی نەتەوەکەی تەرخان کردوە و لە سەنگەری پێشمەرگایەتی یەوە بە بیر و ئەندێشەو قەڵەم، بەرگری لە شوناسی نەتەوەییمان کردوە .

خۆشەویستان !

ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، هاوکاتە لەگەڵ نزیکبوونەوەی جێژنی ٧٥ ساڵەی لە دایکبوونیشی، بۆیە بە هەردوو بۆنەوە لە لایەن کۆمیتەی ڕێزلێنانەوە پیرۆزبایی پێ دەڵێین و هیوای تەمەن درێژی و سەرکەوتنی هەرچی زیاتری بۆ دەخوازین.

لە کۆتایی دا وێڕای بەخێرهاتنی دووبارەی ئێوە بەڕێزان و دووپاتکردنەوەی پیرۆزبایی لە جەنابی مامۆستا، حەز دەکەین ئاماژە بەوە بدەین کە ڕێزگرتن لە تێکۆشەرانی ماندوویی نەناسی گەلەکەمان ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە. بە خۆشی یەوە حیزبی ئێمە لەم بوارەش دا زۆر دەوڵەمەندەو کەم نین ئەو تێکۆشەرانەی کە بەشی هەرەزۆری تەمەن و ژین و ژیانیان بۆ خزمەتی نەتەوەکەیان تەرخان کردوە، هیواداریین لە دەرفەت و کات و ساتی گونجاودا، تێکۆشەرانی دێموکرات، ئەو دەرفەتەیان بۆ بڕەخسێ کە وەفاداری و ئەمەگناسیی خۆیان بۆ ئەوانیش پێشکەش بکەن و کۆڕی ڕێزلێنانیان بۆ پێک بێنن.

هەربژین و سەرکەوتوو بن.

کۆمیتەی ڕێزلێنان لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

١٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣

# ئاوڕێکی کورت لە ژیانی خەباتکارانەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە



عەبدوڵلا حەسەنزادە ساڵی ١٣١٧ای کۆچی، بەرامبەر بە ١٨٣٨ای زایینی لە ئاوایی "سیسێر" سەر بە ناوچەی گەورکایەتیی سەردەشت لە بنەماڵەیەکی کاسبکاردا لەدایک بووە. هێشتا منداڵ بوو کە باوکی کۆچی دوایی کردو ئەوی لە موحیبەت و پاڵپشتییەکانی خۆی بێبەش کرد. بەمجۆرە ئەرکی سەرپەرستی و پێگەیاندنی عەبدوڵڵای منداڵ کەوتە ئەستۆی برا گەورەکەی کە هەروەک خۆی دەڵێ وەک باوکێکی چاک خەمی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی دەخوارد.

بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی ئەمڕۆیی لە گوندەکەیان، عەبدوڵڵای منداڵ نێردرایە حوجرەی فەقێیان بۆ وەی دەرسی مەلایەتی بخوێنێ و لەو ڕێگایەوە خزمەتی خەڵکی موسوڵمان بکا. عەبدوڵلا کە بیرێکی تیژ و هۆشێکی کەموێنەی هەبوو، قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕین و سەرەنجام ساڵی ١٣٤٠ای هەتاوی لە مەهاباد خوێندنی تەواو کردو وەک مەلای دوازدە عیلم پێی نایە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی.

بە چەند هۆی گرنگ، بیری نەتەوایەتی و ویستی خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی زۆر زوو کەوتە نێو دڵ و دەروونی عەبدوڵڵاو بەمجۆرە هەر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە لە ڕێگای بوون بە ئەندامی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانەوە

وەک تاقانە حیزبی سیاسیی ئەو سەردەمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی بە خەبات کرد. لەو هۆیانەی عەبدوڵڵای مێرمنداڵیان زوو دەگەڵ بیری نەتەوایەتی ئاشنا کرد، ژیان لە ناوچەی موکریان وەک مەکۆی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بوونی ژمارەیەکی زۆر تێکۆشەری ڕێگای کوردایەتی لە گوندەکەی خۆی سیسێر، و ئینجا بوونی مامۆستایانی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز کە هەموو فەقێکانیان هان دەدا دەفکری خزمەتی زیاتر بە نەتەوەکەیاندا بن، دەتوانین ناو بەرین. تەمەنی عەبدوڵڵای حەسەن زادە هێشتا نەگەیشتبووە ڕادەی قانوونی کە فۆرمی ئەندامەتیی حیزبی دێمۆکراتی پڕ کردەوە و بەمجۆرە پێی نایە مەیدانی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادی یەکانی گەلی کورد.

جگە لەوە، عەبدوڵڵای مێرمنداڵ زۆر زوو دەگەڵ زمان و ئەدەبیاتی کوردی ئاشنایەتیی پەیدا کرد و بەهۆی ئۆگریی زۆری بەو بوارە بە خێرایی تێیدا چووە پێش. ناوبراو کە توانای لەبەرکردنی شێعری یەکجار زۆر بوو، زۆر زوو کەوتە بەر سەرنجی کەسایەتی یەکانی ئەوکات و لە کۆڕی ئۆگراندا داوای لێ دەکرا ئەو شیعرانەی لەبەری کردبوون بخوێنێتەوە. هەرچەند قەت وەک شاعیر خۆی دەرنەخست و نەناسرا بەڵام خۆشی شێعری زۆر بوون و لەکۆڕی دۆستانەدا دەیخوێندنەوە.

لە بواری خەباتگێڕانە دا ساڵی ١٣٤٦ کە ڕاپەڕینی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستپێشخەریی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان سەری هەڵ دا، مامۆستا حەسەنزادە هەم وەک ئەندامی حیزب و هەم وەک دۆستێکی نیزیکی سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوەیە و بەتایبەتی مەلا ئاوارەی شەهید بۆ ساواک ناسرا و بەجۆرێک مەیدانی پێ تەنگ کرا کە ناچار بوو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێ بێڵێ و ڕوو لەگەرمێن بکا. بەمجۆرە زستانی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی ماڵ و منداڵی بەجێ هێشت و بەتەنیا ئاودیوی سنوورە دەستکردەکان بوو. لەو ڕۆژەوە ئیتر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی مامۆستا حەسەنزادە گۆڕا و ئەمجارەیان جگە لە ماوەیەکی کەم هەتا خۆی گرتەوە، باقیی ژیانی خۆی بەشێوەی تەواوکات سەرفی خەبات بۆ ئازادیی گەلەکەی لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکرات دا کرد کە ئەو ڕەوتە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.

دوای شکستی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦، ١٣٤٧و شەهیدبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەشدارانی ئەو خەباتە چەکداری یە، ناهومێدی یەکی زۆر باڵی بەسەر ئەندامانی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەدا کێشا کە هەوڵی کەسانی وەک مامۆستا حەسەنزادەو لەسەرووی هەمووشیانەوە دوکتۆر قاسملووی نەمر حیزبی ڕێک خستەوە و گیانێکی تازەی

بەبەردا کردەوە. ساڵی ١٣٤٨ لە کۆنفرانسی دووەمی حیزب دا کە لە باشووری کوردستان گیرا مامۆستا حەسەنزادە وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێردرا کە دواتر لە کۆنفرانسی سێ (١٣٥٠) و ئینجا لە کۆنگرەی سێ (١٣٥٢)دا دیسان وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لەنێو کۆمیتەی ناوەندیيش دا وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵ بژێردرا.

بە هۆی وردبینی لە مەسەلە سیاسیەکان دا و جوان و پاراونووسین لەزمانی کوردی دا، مامۆستا حەسەنزادە زۆر زوو وەک نووسەرێکی ڕۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان خۆی دەرخست و هەر ئەوەش بوو بەهۆی مانەوەی بەردرێژی لە بەشی ڕاگەیاندنی حیزب دا. سەرەتای هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران مامۆستا حەسەنزادە یەک لەو ئەندامانەی حیزب بوو کە لەنێو کۆمیتەی "زاگرۆس"دا خۆیان گەیاندەوە نێوخۆ و دەستیان بەڕێکخستنی خەڵک بۆ بەربەرەکانی دژی دەسەڵاتی پاشایەتی کرد. لەو بەرپرسایەتی یە دا کە شاری مەهابادی وەبەر کەوتبوو، مامۆستا توانی لێوەشاوەیی خۆی دەربخاو لە ماوەیەکی کەم دا خەڵکو حیزبی دێموکرات پێک ئاشنا بکاتەوە.

لە کۆنگرەی چواری حیزبدا کە زستانی ١٣٥٨ی هەتاوی لە شاری مەهاباد بەسترا، دیسان مامۆستا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی هەڵبژێرایەوە و ئیتر دوای ئەوە لە هەموو کۆنگرەکانی حیزب دا جگە لە کۆنگرەی هەشت کە خۆی کاندیدا نەکرد، وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی دەنگی متمانەی وەرگرت. لەدوای کۆنگرەکانی شەش و حەوت مامۆستا وەک جێگری سکرتێری حیزب دیاری کرا و لە کۆنگرەکانی دە، یازدە و دوازدەش دا وەک سکرتێری حیزب هەڵبژێردرا. ئەو لەکاتێک دا بەرپرسایەتیی یەکەمی وەرگرت کە حیزبی دێموکرات دووپارچە بوو، بەڵام تەنیا ساڵێک دواتر بە هاوکاریی دڵسۆزانی دیکە توانی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات وەسەریەک بخاتەوە. ئەگەرچی دەورانی سکرتێریی مامۆستا دەورانێکی سەخت و پڕکەندوکۆسپ بوو، بەڵام ناوبراو بە لێوەشاوەیی کەشتیی حیزبی دێموکراتی لەو گێژاوە نەجات داو لە هەموو بوارێک دا سەربەخۆیی فکری و سیاسی و تەشکیلاتیی حیزبی پاراست.

دوای کۆنگرەی سێزدە کە حیزبی دێمۆکرات تووشی لێکدابڕان هات و بوو بە دوو بەش، کەسایەتیی مامۆستا لە سەرخستن و بەردەوامیی ئەو بەشەدا کە بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ناسرا ڕۆڵی کاریگەری گێڕا و لەڕاستیدا ئەو بە لانی کەمی ئیمکانات و توانای ماڵی، حیزبی لەسەر پێ ڕاگرت. لە کۆنگرەی چاردەی حیزبی دێمۆکراتی

کوردستاندا مامۆستا کە یەکەم شانسی هەبوو هەتا دیسان ببێتەوە سکرتێری گشتی، دەستپێشخەریی کردو نەریتی وازهێنانی داخوازانە لە بەرپرسایەتی یە حیزبی یەکانی هێنایە نێو سیاسەتی کوردی. لەو کاتەوە مامۆستا حەسەنزادە هەرچەند بەکردەوە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی سیاسی دوور نەکەوتۆتەوە، بەڵام هیچ بەرپرسایەتی یەکی حیزبیی وەر نەگرتوە و تەنیا وەک کەسایەتی یەکی خاوەن ئەزموون لەو مەیدانەدا ماوەتەوە.

وردبینیی مامۆستا لەکاری سیاسی و دیپلۆماسی دا وای کردبوو کە ئەو کاتانەی ئەندامی ڕێبەرییش نەبوو، حیزبی دێمۆکڕات بەردەوام لە تواناکانی کەڵک وەرگرێ و لە دانوستانی زۆر گرنگی نێوان ڕێکخراوەکان و هەروەها نێوان حیزب و حکوومەتی ناوەندی دا بەشداری بکا. لە ماوەی کاری سیاسیی خۆی دا، مامۆستا دەگەڵ زۆر کەسایەتی و لایەنی نێوخۆیی و دەرەوەیی دانیشتنی هەبووە کە نوێنەرایەتیی حیزبەکەی خۆی کردوە و بەو هۆیەش کە توانا و دڵسۆزیی زۆری نیشان داوە کەمترین ڕەخنەی هاتۆتەوە سەر. جگە لەوانە نووسین و گەڵاڵەکردنی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب لە زۆربەی کۆنگرەکان دا هەر لە ئەستۆی ناوبراو بووە کە ئەو ئەرکەی زۆر بە دیققەت و وشیاری یەوە ئەنجام داوە.

ناوی عەبدوڵڵا حەسەنزادە و چوارچێوەی خەبات و تێکۆشانی ئەم تێکۆشەرە تەنیا لە مەیدانی سیاسەت و ئەویش هەر لە چوارچێوەی حیزبی دێمۆکڕات دا کورت ناکرێتەوە. مامۆستا حەسەنزادە هاوکات زمانزانێکی ناسراو، نووسەرێکی بەتواناو وەرگێڕێکی خۆش قەڵەمە. مامۆستا سەرەتا کاری نووسینی لە ڕۆژنامەی کوردستان دا دەست پێ کرد کە دواتر خۆی بوو بە سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە. هاوکات زەمانێک کە بنکەی حیزب لە شاری بەغدا بوو بۆ ماوەی چەند ساڵ بۆ ڕۆژنامەی" هاوکاری" دەنووسی. ئینجا بۆ گۆڤاری نێو خۆی حیزب بە ناوی "تێکۆشەر" و دواتر بۆ "تێکۆشەر" بابەتی دەنووسین. هاوکات بەشی زۆر لە ڕاگەیەندراوە ڕەسمییەکانی حیزب بە قەڵەمی مامۆستا دەنووسران کە وردبینیی زۆریان پێوە دیار بوو. دواتریش کاتێک ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەستی بەکار کرد مامۆستا چ وەک بەرپرسی ڕاستەوخۆ یان هاوکار بەردەوام وتاری بۆ دەنووسی.

جگە لە سەدان وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە گۆڤار و ڕۆژنامە حیزبی و ناحیزبی یەکان دا، مامۆستا هاوکات کاری وەرگێڕانیشی کردوە کە لەو بوارەداو بەتایبەت بە وەرگێڕانی کتێبی "کوردستان و کورد"ی دوکتۆر قاسملوو و پاشان "گێلە پیاو"ی عەزیز نەسین و ئینجا سێ جلد ڕۆمانی "حەمەدۆک" نووسینی یەشار کەماڵ ناوبانگی دەرکرد. جگە لەوانە چەندین کتێبی دیکەی وەرگێڕاون یان بۆخۆی نووسیونی کە لەنێو ئەوان دا کتێبی دوو جلدیی "نێو

سەدە تێکۆشانُ" وەک بەشێک لە مێژووی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بەرچاو دەکەوێ. مامۆستا حەسەن زادە هاوکات لەبواری زمانەوانییش دا شارەزایی یەکی باشی هەیەو زۆرجار وەک سەرچاوە پرسی پێدەکرێ. شارەزایی مامۆستا لەو بوارەدا وای کردوە کە ئەکادیمیای کوردی لەهەولێر وەک ئەندام وەری بگرێ و لەتواناکانی کەڵک وەرگرێ.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە زیاتر لە نیوسەدەیە ڕاستەوخۆ و بە شێوەی بەردەوام بۆ ڕزگاریی گەلەکەی خەبات دەکا. هەرچەند هەموو خەباتی ناوبراو لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکڕات دا بووە بەجۆرێک کە حیزب و مامۆستا لێک جودا ناکرێنەوە، بەڵام ناو و ناوبانگی عەبدوڵڵای حەسەنزادە ئەو سنوورەی بڕیوە و لەمێژە وەک کەسایەتی یەکی سیاسی، نەتەوەیی و شارەزا لە زۆر بواردا قبووڵ کراوە. لەو ماوە دوورو درێژەی خەبات دا، هەم مامۆستا لە کەسانی وەک دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر شەرەفکەندی و زۆر کەسایەتیی دیکە شت فێر بووەو هەم زۆر کەسیش لە شارەزایی ناوبراو کەڵکیان وەرگرتوە. ئێستاش بەخۆشی‌یەوە مامۆستا هەڵسووڕ و چالاکە و هەروا خەرمانی ئەزموون و زانیاری یەکانی دەخاتە خزمەت دۆزی خەباتی نەتەوەکەی.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە مرۆڤێکی بە تەحەممول لەکاری سیاسی دا، دڵسۆز بۆ حیزب و گەلەکەی، بەبەرنامە بۆ ژیانی سیاسی و خسووسی، خۆش بەرخورد لەدۆستایەتی دا، میوانگر و دەرگائاوەڵا، بە موحیبەت بۆ ماڵ منداڵ و نەرم لە کاری بەکۆمەڵ و دەستجەمعی دایە.

**********************************



# وتاری کۆمیتەی نۆرویژی حیزبی دیموکراتی کوردستان

## بۆ کۆڕی ڕێزگرتن لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە



دۆستانی بەڕێز!

ئامادەبووانی هێژا!

لێرە کۆ بووینەوە بۆ ئەوەی ڕێز و خۆشەویستی و پێزانینی خۆمان بەرامبەر کەسایەتی یەک پێشان بدەین کە زیاتر لە نیوسەدە لە تەمەنی خۆی بۆ خەبات لە ڕێگای ئازادی و سەربەرزیی نەتەوەی کورد و خزمەتی زمانی کوردی و کاری ئەدەبی و نووسین و وەرگێڕان بەو زمانە، تەرخان کردوە.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، لەو کەسایەتی یانەیە کە نەک هەر لە ئاستی هاوڕێیان و هاوسەنگەرانیان دا، بەڵکوو لە ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی دا، شایانی ئەوەن ڕێزیان لێبگیرێ و کۆڕ و کۆبوونەوە و فستیڤاڵ بۆ ئاوڕدانەوە لە ژیانی پڕبەرهەم و خزمەتە جۆراوجۆرەکانیان پێک بێ.

کاتێک دەڕوانینە لایەنی سیاسی و خەباتگێڕانەی ژیانی مامۆستا حەسەنزادە، دەبینین سەرەڕای خەبات و تێکۆشانی بەردەوام لە حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەشداریی بێپسانەوەی لە ڕیزی پێشەوەی بزووتنەوەی

نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا وەک تێکۆشەرێک، لە قۆناغ و سەردەمە ئاستەمەکان دا لە ئاستی هەرەبەرز، بەرپرسایەتیی هەبووە و وەکوو ڕێبەرێک و کەسایەتی یەکی شوێندانەر لە حیزبی دیموکرات دا ڕۆڵ و دەوری هەبووە. کەس ناتوانێ نکوولی لە کاریگەریی دیاری مامۆستا لە سەر سیاسەتداڕشتن و هەڵوێستە مێژوویی یەکانی حیزبی دیموکرات لە نیوسەدەی ڕابردوو دا بکا.

خەسڵەتێکی هەرە گرنگی کاری سیاسیی مامۆستا، گەڵاڵەکردن و دەربڕینی سیاسەت و هەڵویست و بڕیار و روانینەکانی حیزبەکەی بە نووسین و ئاخاوتن بووە. بۆئەمەگییە ئەگەر دان بەوەدا نەنێین کە بیرکردنەوە و قەڵەم و زمانی عەبدوڵلا حەسەنزادە، شانسێک و نێعمەتێک بوون کە فریای ئەدەبیاتی حیزبی دیموکرات کەوتوون. چونکە سەرکەوتوو بوون لە گەیاندنی ئامانج و پەیام دا، هەروەها سەرکەوتوو بوون لە ڕاکێشانی سەرنجی بەردەنگ و شوێندانان لە سەر گوێگران و خوێنەران دا. دیارە بێگومان نێوەرۆک و جەوهەری نەتەوەیی، شۆڕشگێڕانە، واقیعبینانە، دیموکراتی یانە و ئینسانیی پەیام و هەڵوێستەکان جێگای خۆیان هەبووە، بەڵام کاتێک نووسین و ئاخاوتنی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، بووەتە زەرفی دەربڕینیان، پاراویی زمان و دەوڵەمەندیی مەنتیق و بەڵگاندن و، کراوەیی فکرو زەوق و هۆش و زەکاوەتی ئەو ئینسانە، گرنگی و بایەخ و تام و چێژ و ڕەنگ و بۆیەکی دیکەی پێداون. ڕاستییەکەی ئەوەیە، نەک هەر چەند نەسل لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات، بەلکوو تێکۆشەرانی حیزبەکانی دیکەش هەم لە ڕۆژهەڵات و هەم لە باشووری کوردستان، ئاگایانە، یان بێئەوەی بە خۆیان بزانن، لە ئیستیدلال و دەربڕین و روانین دا، کەم و زۆر کەوتوونە ژێر تەئسیری بیر و زمان و قەڵەمی حەسەنزادە.

ڕەهەندێکی دیکەی خزمەتەکانی مامۆستا، ئەو کارە بە نرخانەن کە لە تەنیشت کاری حیزبایەتی و سیاسی یەوە کردوونی و کتێبخانەی کوردی و زمانی کوردیی پێ دەوڵەمەند کردوون. حەسەنزادە، بارستایی دەیان کتێبی قەبارە گەورە، نووسینی سیاسیی هەن کە ناوی ئەویان لە سەر نیە و بوون بە مڵکی حیزبی دیموکرات. بەڵام ئەو نووسین و وەرگێڕانانەش کە بە ناوی خۆیەوە بڵاوی کردوونەوە، کەم نین. هەم لە باری ژمارەوە زۆرن، هەم لە باری ڕەهەند و بەستێنەوە، جۆراوجۆرن. لە بەرهەمی سیاسی و مێژوویی یەوە لە نێویان دا هەیە تا ڕۆمان و کورتە چیرۆک، لە شاکارە ئەدەبی یەکانی ناودارانی جیهانەوە تا دەگاتە نووسین و بۆچوونەکانی خۆی لە بارەی زمان، وەرگێڕان، ڕۆژنامەنووسی و هتد. دیارە مامۆستا حەسەنزادە لە بواری نووسین و وەرگێڕانیشدا، بە هۆی سەبکی تایبەت بە خۆی و تایبەتمەندی یە حاشالێنەکراوەکانی، زۆر لە هۆگرانی نووسین و وەرگێڕان وەک

قوتابخانەیەک، لێی دەڕوانن و تەعامولی شارەزایانە و وردبینانە لە گەڵ زمان و گواستنەوەی واتای لێ فێر دەبن.

مامۆستا، وەک هەر مرۆڤێکی دیکە، بێگومان لەو عادەتانەی ئینسانەکان لە ژێر کاریگەریی پەروەردەی بنەماڵەیی و ئایینی، لە ژێر کاریگەریی هاوڕێیان و کۆمەڵگە و واقیعی دەوروبەریان دا، تێیاندا پێک دێ بە دوور نەبووە و بە دوور نابێ. ئەویش چ لە ژیانی تایبەتی و چ لە ژیانی سیاسی و خەباتگێڕانەی خۆیدا، بێهەڵە و لاوازی و کەموکووڕی نەبووە. ئەگەر لە سەرکەوتن و شانازییەکانی مێژووی حیزبی دیموکرات پشکی زۆری پێدەبڕێ، بێگومان لە کەموکوڕی یەکانیش دا بەرپرسیارەتی و بەشی هەیە. ئەمەش نیشانەی بەرزیی کەسایەتیی ئەوە کە لە چەند بۆنە دا، دانی بەم ڕاستییەدا ناوە و بەم جۆرە هاندەر و ڕێنوێنی هۆگرانی خۆی بووە کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەی تێکەڵ بە ڕێز و پێزانین،خزمەت و تێکۆشانی ڕێبەران و کەسایەتی یە خۆشەویستەکانیان،

هەڵسەنگێنن و هەڵە و کەموکوڕی یەکانیشیان ببینن.

بەڕێزان!

باسکردن لە تەمەنێک خەبات و سەرکردایەتیی کەسێک کە کارنامەیەکی پڕشنگدار و دوور و درێژی لە خزمەت لە بواری جۆراوجۆردا هەیە، لە پەیامێک، وتەیەک یان بابەتێک دا ناگونجێ. جگە لەمەش، لەم کۆڕەدا زۆر لە ئامادەبووانی دیکە هەن کە وتار و باس و بابەتیان بۆ ئەم بۆنەیە ئامادە کردوە. ئێمە دەستخۆشی بەو دۆستانە دەڵێین کە ٧٥ ساڵەی لەدایکبوونی مامۆستا حەسەنزادەیان کردوە بە دەرفەتێک بۆ ڕیزگرتن لە تێکۆشان و خزمەتە بە نرخەکانی ئەو کەسایەتی یە. بە نۆرەی خۆشمان وەک کۆمیتەی نۆڕوێژی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پیرۆزبایی ٧٥ ساڵەی لە دایکبوون لە مامۆستاحەسەنزادە دەکەین.

وێڕای بە ئاوات خواستنی سڵامەتی و تەمەن درێژی بۆ مامۆستای خۆشەویست، هیوامان ئەوەیە حیزبی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و زمان و ئەدەبی کوردی، دەیان ساڵی دیکەش بە وجوودی پڕبەرەکەتی ئەو زاتە دڵخۆش و پشتگەرم بن.

بەو هیوایەی ئاوڕدانەوەی بەوەخت و بەجێ لە کەسایەتی یە پڕخزمەتەکانی نەتەوەکەمان و ڕێزلێ گرتنیان بە تایبەتی کەسایەتی یە خەباتکار و فەرزانەکان، ببێ بە نەریت لە نیو نەتەوەکەمان دا.

حیزبی دیموکراتی کوردستان

کۆمیتەی نۆرویژ

١٩ای ئۆکتۆبری ٢٠١٣

*******************************************



# وتاری کاک ئەمیر قازی ( سەرۆکی پارتی سەربەخۆیی کوردستان )



جەنابی مامۆستا مەلا عبدالله!

مامۆستاژنی بەڕێز!

بەشدارانی ئەم کۆرە ڕێک و پێکە بۆ ڕێز گرتن لە شەخسیەتی مامۆستا مەلا عبدالله سڵاوتان لێ بێ .

لێرەڕا بە نێوی پارتی سەربەخۆیی کوردستان و بە نێوی خۆم وەکوو دۆست و ئاشنا و هاوکاری ماوەیەکی دوورودرێژی جەنابی مامۆستا مەلا عبدالله، ئەورەسمە تازەیەی، ئەو دەستپێشخەریەی، ئەو کومیتەیە کردوویەتی، بە کارێکی بە ئەرزش و بە کارێکی پڕ قیمەت دەزانم و لێرەڕا سوپاسیان دەکەم و هیوادارم نموونەی ئەو شێوە فکرە، نموونەی ئەو شێوە بۆچوونە لە کۆمەڵگای ئێمەدا دابکەوێ و ببێتە فەرهەنگ و سەقافەتێکی ئینسانی بۆ ڕێزگرتن لەو شەخس و ئینسانانەی کە لە پێناو ڕزگاری خەڵک و نەتەوە و وڵاتی خۆیان دا تێکۆشاون و خەباتیان کردوە.

من دەمەوێ لێرە وا دەست پێ بکەم کە درێژ نەبێ، وا دەست پێبکەم کە زیاتر لە سەر ئەوە بێ کە ئەمن چۆن و کەنگێ و لە چ شەرایتێک دا بە خزمەت مامۆستا مەلا عبدالله گەیشتووم و پێکەوە دیداری دۆستانە و هاوکاریی سیاسیمان دەست پێکردوە.

ئەگەر لە بیرم بێ ئەو بەسەرهاتانە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٦٣ و ١٩٦٤ی زایینی، چونکە ئەمن ئەوانەی ئێرانم لە بیر چۆتەوە و نازانم چۆنە و چەندە، لە مێژە لێی دابڕاوم، لە بیرمە من لە سوونێڕا لە بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕا لە گەڵ گشتە برادەرێکی پێشمەرگەی حیزب بۆ کار دەگەرامەوە ناوچە و دەوروبەری مەهاباد ، ئێوارەیەک ئەگەر لە بیرم بێ گەیشتینە نزیک گوندی هەڵوێ، ئەگەر لە بیرم بێ لێم تێک نەچووبێ لە گەڵ دێیەکانی دیکەی ناوچەی سەردەشت، کاک عەبدوول نستانی کە ئەو وەختی لەگەڵ بوو، کەریم نستانی لە گەڵ بوون، ئێوارە داهاتبوو گوتیان دەچینە ماڵی برادەرێک بۆ نانی ئێوارێ، جا دوایە ئەمن لە چۆمی کەڵوێ بپەڕێننەوە و ئەو وەخت حیزب تەشکیلاتی هەبوو، سازمانی هەبوو، لە ڕێگای ئەو تەشکیلات و سازمانەوە ئەمن تەحویلی ئەوان دەدرام و دەهاتم بۆ ئەو کارەی کە دەبوایە بەڕێوەی ببەم و جێبەجێی بکەم. چوینە ماڵی ئەو برادەرە بەڕێز و خۆشەویستە، زۆر پەزیرایی یەکی گەرموگوڕمان لێکرا، نان و خوانێکی باشی بۆ ئامادە کردبووین، لە گەڵ ئەوەش کە ئەو وەخت کەڵ بە موو بەند بوو، ساواک لە کاردابوو، حکوومەتی شا بەدەسەڵات و بەقودرەت بوو، ئەو دیدارە لە گەڵ مامۆستا بۆ من و ئەو ئەوەی پێی دەڵێن غیرەت و لەخۆبوردوویی یەک کە ئەو وەخت قیمەتی هەبوو، نرخی هەبوو، بۆ من بوو بە تەجروبەیەکی خۆش لە دۆستایەتی داهاتوو و لەو پێکەوە بوونە کە ساڵانێکی پاشتر پێکەوە ئێمە تێکۆشاوین.

وەک لە سەرگوزەشت و بۆچوونەکان دا کە لە سەر ژیانی مامۆستا نووسرابوو ئێستا گوێتان لێبوو هاتوە، پاش جووڵانەوەی ساڵەکانی ١٩٦٦ و ٦٧ و ئەوە، مامۆستا کەوتە گەرمێن، ئێمە لە گەڵ مەجمووعە برادەرێک کە زانیمان مامۆستا گەیشتۆتە مارەدوێ، لە بناری کێوی چەکوچ و نزیک سوونێ، هەستاین چووینە خزمەتی و چووینە دیداری و ئەو پێوەندی و دۆستایەتی‌یە تازە کراوەتەوە و لەو ڕۆژەڕا ئێمە لە خزمەت مامۆستادا بە کاری سیاسی بۆ تێکۆشان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، هاوپەیمان و هاوعەهد بووین و دەستمان پێکردوە، لە تەواوی ئەو ماوە دوورودرێژەدا کە نزیک دەبێتەوە مومکینە لە ٥٠ ساڵ، ئەمن لە خزمەت مامۆستادا بووم و هاوکاری سیاسی بووین بە یەکەوە و هەموو موشکیلات و هەموو نارەحەتی و هەموو چوزانم، ناتەواویمان بە یەکەوە و لە گەڵ یەک و بە مەشوەرەتی یەک و تا ئەو جێیەی کراوە بە دۆستانی دیکەشەوە هێناوە، لەو ماوەیەدا زۆر جار وا هەڵکەوتوە پێکەوە لە سەر مەسائیلی سیاسی و فکری خۆمان بۆ بەرەوپێش بردنی کاری سیاسیی خۆمان و کاری خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەکوو یەک مومکینە بیرمان نەکردبێتەوە، بەڵام لە هیچیەک لەو پلە و لەو ناتەبایی یە سیاسی یانە و نەزەری‌یانە دا کە ئەگەر هاتبێتە پێشێ لە بەینی ئێمەدا، نە هاوکاریی سیاسیی ئێمە نشوستی پێ هاتوە و نە ئەو نزیکی‌یەی لە مامۆستای بەڕێز لە ڕوانگەی منەوە قەت خەدشەی هێناوە، لەو ماوەیەدا وا

هەڵکەوتوە کە ئەمن کەوتوومە دەرەوە، لە دەرەوە ژیانی سیاسی و ژیانی ئاسایی خۆم بەڕێوە بردوە، وا هەڵکەوتوە لە پێوەندی و تەماس و دیدار لە گەڵ مامۆستا دا فاسیلە و وەقفە کەوتبێتە بەین و هەڵکەوتبێ یەکترمان نەدیتبێ یا پێکەوە مەشوەرەتمان نەکردبێ یا پێکەوە قسەی سیاسی و جەدەلی سیاسیمان نەبووبێ، بەڵام هەر وەخت گەیشتووینەوە یەک، ئەوە بەردەوام بووە، هەم ئەو هاوکاریە سیاسیە هەم ئەو دۆستایەتی یە و هەم ئەو یەکتر تەحەممول کردنە، ئەو بەیەکەوە بوونە، بۆخۆی بیر و باوەڕێک و خاتراتێکی زۆر دووردرێژی لە فکر و زکری من دا هەیە و لە گەڵ خۆم دەیگێرم و لە گەڵ خۆم دەیبەم و پێی دا دەچمەوە و ئەمن تەجربەیان لێوەردەگرم.

کەسایەتیی مامۆستا مەلا عبدالله وەک شەخسیەتێکی عیلمی و سیاسی و فەرهەنگیی کوردی، جێی ئینکار نیە و جێی بەحس نیە. لێرەدا کە ئەمن لە سەری بدوێم، ئەوە بۆ خۆی لە خۆی دا دیارە و بۆ خۆی خۆی دیاری کردوە، ئەو شەخسیەتە کە لە ڕاستی دا خودساختەشە، بۆ خۆی خۆی دروست کردوە و بۆ خۆی بە زەکاوەتی خۆی بەوەی پێی دەڵێن کاریزمای خۆی، ئەوەی تێدا پێک هاتوە و ئەوەی دەخۆی دا موجود کردوە و بەرهەمی هێناوە، ئەو بەرهەمە دەگاتەوە خزمەتی نەتەوەیی، دەگاتەوە خزمەتی سەبەخۆخوازیی وڵات و میللەت و نەتەوەی کورد، دەگاتەوە ڕێی تازە بۆ سەقافەت کولتوورێکی دیکەی سیاسی، بۆیە هیوادارم مامۆستا مەلا عبدالله عومری درێژ بێ و پڕ بە دڵ هیوادارم لە داهاتووش دا لەو ژیانەی کە ماویەتی لە ڕێی ئازادی و ڕزگاری و خزمەت بە نەتەوەی خۆی کۆتا نەیە و لەو پلە و مەرحەلانەدا کە ئەمن ئەو چەند کەلیمەیە لە سەر مامۆستا عەرز دەکەم لە هەموو ئەو مەرحەلانە دا سوپاس و ڕێزی خۆم بۆ هاوسەری بەڕێزی، مامۆستاژن کە بۆ من ئینسانێکی بەڕێز و خۆشەویستە، رابردوویەکی زۆر و زەوەندی لە خزمەتی شۆرش و ئاشنا و دۆست و کەسانی مامۆستادابووە، پڕ بە دڵ داوای سەرکەوتن دەکەم بۆ هەرتکیان، بەو ئومێدەم کە مامۆستا لە کاری فەرهەنگی و لە کاری سیاسی هەروا بەردەوام، هەروا پڕزەوق، هەروا پڕتوانا لەسەر بڕوا و ئیدامە بدا و سوپاستان دەکەم.

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

# وتاری کاک بابەشێخ حوسەینی (سازمانی خەبات)



ئامادەبووانی هێژا!

جەنابی مامۆستا عبداڵله حەسەنزادە!

مامۆستاژنی بەڕێز!

سڵاوتان پێشکەش، ئومێدم سەرکەوتنی هەموو لایەکتانە.

ئەگەر چی لە خودی ئەو فیلمەدا کە لە سەر ژیانی مامۆستا پێشکەش کراو ناو ناو لەم کۆرە پرشکۆ و خنجیلانەدا قسە دەکرا لە سەر کەسایەتی و شەخسیەتی مامۆستا زۆر گوتراو زۆر لایەن و مەیدانی ژیانی سیاسی و ئەدەبی و زانستیی مامۆستا خرایە بەر دەست، بەڵام بۆ من وەک کەسێک کە ماوەیەکی زۆر لە خزمەت جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کوردستانا بووم و بیرەوەریی زۆرم هەیە لە ڕۆژە سەختەکان و بە تایبەتیش ئەو ڕۆژانەی کە ناکۆکی و چەند بەرەکی لە ناو لایەنە سیاسی‌یەکانی جووڵانەوەی کوردستانی ئێراندا هەبوو، پێم خۆشە زیاتر لەو مەیدانەدا باس بکەم، کە نەقشی مامۆستا و ئەمن مەعلوماتم هەیە و زانیومە هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش، نەقشێکی سازندە و باش بووە، خۆزگە هەموو کەسەکان کە بەشدار بوون لە جووڵانەوەی کوردستاندا ئەو ڕوانگە و بیرکردنەوەی مامۆستایان هەبووایە کە باوەڕی بە تەسفیەی ئەوانی کە نەبوو. بەداخەوە بەشێکی زۆر لە توانا وهێزی هێزەکانی کوردستانی ئێران بۆ تەسفیەی یەکتر و لە ناوبردنی یەکتر بوو کە ئەو نەوعی بیرکردنەوە و لێکدانەوانە وای کرد حاڵی جووڵانەوەی کوردستانی ئێران، خەباتی ئازادیخوازیی کورد لە کوردستانی ئێران بگاتە ئەو قۆناغەی کە هیچمان خوازیاری ئەو ڕەوتەی کە ئێستا هەیە نیین، بەڵام جێگەی خۆشی یە ئەمرۆ لەم کۆرە دا

کە بەشدارین و ڕێز لە خەبات و زەحمەت و ماندوویی کەسایەتی یەک دەگرین کە بەراستی هیچ کات حەزی لە شەر و ناکۆکی و تەسفیەی یەکتر نەبووە. خۆش دەبێت کە بەشێکی گەورە لەو سەرمایەی کە مامۆستا هەیەتی بگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو و هەموو لێی فێر بین کە دەکرێ بە یەکەوە بە تەبایی بە یەکەوە کار کردن گەلەکەمان بەرەو بەختیاری و ئازادی بەرین. من کاتێک کە برادەرانی حیزبی دێموکرات پێیان گوتم کە بۆنەیەکی بەم جۆرەمان هەیە کە ڕێزو تەقدیر لە زەحمەت و ڕەنجی چەندین ساڵەی مامۆستا دەگێرێ کە بێگومان بەم کۆرە و چەندین کۆری لەم جۆرەش ناکرێ وەڵامدەرەوەی زەحمەت و ڕەنجەکانی مامۆستا بن، جا کاتێک بە منیان گوت ئەمن پێمگووتن زۆر بەخۆشحاڵییەوە بەشدار دەبم، چونکە مامۆستا کەسایەتی یەکە کە لە لای من قەدر و ڕێزی زۆری هەیە و ئەمن هەمیشە وەکوو کەسێک کە لە سەرەتای شۆرشەوە لە مبارزەدا بووە، ئیحترامی تایبەتم بۆی هەبووە و بە تایبەتییش کە هەم لە سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران نزیک بووەو هەم لە مامۆستا سەید جەلالی حوسێنی و مامۆستا مەلا خدری عباسی کە لە دامەزرێنەرانی سازمانی خەبات بوون نزیکایەتی هەبووە و هەمیشە تەقدیر و ڕێزی بۆ وان هەبووە. ئەمن هیوادارم کاری لەم جۆرە زۆر بکرێ و هیوادارم هەموومان سەرەڕای بۆچونی ناکۆک و ئیختلافاتمان، بۆچون و نەزەری جیاواز، ئیحترام لە خەبات و تێکۆشانی یەکتر بگرین چونکە ئەگەر ئێمە ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی یەکتر نەگرین هیچ وەختێک نابێ چاوەڕوان بین دوژمن حیسابمان بۆ بکات و دوژمن ڕێز لە بۆچون و تێکۆشان و زەحمەتمان بگرێ.

ئەمن دەستخۆشی دەڵێم بەو بەرێزانەی کە ئەم کۆرە پڕ شکۆیەیان ساز داوە. هومێدم وایە سەرکەوتوو بن ، دیسانەوە بە خێرهاتنی مامۆستا دەکەم و ئومێدم ئەوەیە تەمەن درێژ بێ و ئیشاڵلا بەردەوام دەبێ لە خزمەت بە جووڵانەوەی گەلی کورد و بە ئەدەبی کوردی.

سوپاستان دەکەم.

*************************************************

# وتاری کاک دڵشاد خدر ( نوێنەری حیزبی شیوعیی کوردستان )




ئامادە بووانی بەڕێز!

ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ڕێزلێنانە لە تێکۆشان و خەبات و ئەو تەمەنە درێژەی مامۆستا لە نێو بزوتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخوازیدا سەرفی کردوە. تەمەننا دەکەم کە هەمان ڕێز لێنان بۆ مامۆستای بەرێز لە لایەن دەزگا بەرپرسە بەرزەکانی هەرێمی کوردستانەوە بکرێ، چونکە مامۆستا وەک کەسایەتی‌یەک هەم لە خەباتی تێکۆشانی سیاسی‌دا، هەم لە بواری هونەری‌دا کاریگەریی یەکجار باشی هەبووە لە کوردستانی باشوور و مامۆستا وەک کەسایەتی‌یەک تایبەتمەند نەبووە بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

بەڕێزان! لێرە ئەگەر باسی مامۆستا بکرێ دەبێ بە دوورودرێژی باسی هەموو ئەو بوارانە بکرێ کە مامۆستا کاری تێدا کردوە، بەڵام من بواری ئەدەبی بۆ نووسەران و ئەدیبەکان بە جێ دەهێڵم کە بتوانن هەڵسەنگاندنێک بۆ ئەو ژیانە درێژەی مامۆستا بکەن لەو بوارەدا ، بەڵام لە بواری سیاسی‌دا کە مامۆستا شوێن‌پەنجەی لە تێکۆشان و تەمەنی حیزبی دێموکراتڕا دیارە، من دەمەوێ باسی کاتێکی زۆر محدود و دیاری‌کراو بکەم کە کاتێک بوو کە حیزبی دێموکرات لە وەزعێکی زۆر ئاڵۆزدا بوو، باس کردنی تەمەنی مامۆستا لە بواری سیاسی‌دا دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە پەنجا ساڵ، بەڵام من دەمەوێ لە کاتێکی محدوددا کە ئەو کاتی مامۆستا ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی لە دەستدا بوو، بۆ ئێوەی خۆشەویست بگێرمەوە، ئەو کاتانە بوو کە شەڕی نگریسی براکوژی کوردستانی باشووری گرتبۆوە و کۆماری ئیسلامی و دەزگا ئەمنی‌یەکانی بە شێوەیەک لە کوردستانی باشووردا باڵادەست بوون دەیانتوانی

هەموو کار و چالاکی‌یەک بکەن، هەموو ئامانجیشیان ئەوە بوو کە گەورەترین زیان لە حیزبی دێموکرات بگەیەنن، کە هێزێکی سەرەکی بوو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانی لە کوردستانی رۆژهەڵات.

بەڕێزان، ئەو کاتی لە کاتی شەڕەکاندا، مامۆستا توانی دەورێک بداتە حیزبی دێموکرات کە لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو هێرشە نارەوایە بۆ سەر حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات دەکرا بەڵام مامۆستا بە لێهاتوویی خۆی، بە تێگەیشتنی خۆی، بە دووربینینی خۆی بۆ دوا رۆژی تێکۆشان و بزووتنەوەکە و حیزبی دێموکرات توانی کارێک بکا حیزبی دیموکرات لە ژێر هەموو فشارەکاندا، نەبێتە بەشێک لەو شەڕە کە کۆماری ئیسلامی دەیخواست و دەشیزانی ئەگەر حیزبی دیموکرات ببێتە تەرەفێک لەو شەڕەدا، داهاتووی حیزبی دیموکرات دەچێتە چ قۆناغێکەوە، بەڵام خۆشبەختانە بە لێهاتوویی مامۆستا و بە تێگەیشتن و بە دووربینینی بۆ دوارۆژی بزوتنەوەکە، توانی حیزبی دیموکرات لەو قۆناغە رزگار بکات و بە ڕووسپی بۆ مێژوو حیزبی دێموکرات بگەیەنێتە قۆناغێک کە هەموو کەسێکی شۆرشگێر شانازیی بەو هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتی ئەوکاتی بکاتن. ئێستاش هەموو دۆست و دوژمنەکانی حیزبی دێموکرات شاهیدی دەدەن بۆ ئەو قۆناغە کە مامۆستا توانی دەورێک بگێرێ، ئەو دەورە تەنانەت بچێتە خزمەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی و ئەوەش بسەلمێنێ کە حیزبی دێموکرات لە هەموو قۆناغەکاندا لە ژێر هەر فشارێک بێ تەنیا ئەو ئامانجەی هەیە کە خزمەتکاری بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی بێ لە هەر پارچەیەکیتر بێ، ئەو دورەی کە مامۆستا وەک سکرتێر دیتی لەو قۆناغەدا دەورێک کە جێگای شانازی‌یە بۆ هەموو تێکۆشەرانی پارچەکانی تر و هیواداریین هەموو لایەنەکانی تری بزووتنەوەی رزگاریخوازی بتوانن دەرسێک لەو ئەزموونە وەر بگرن و لە داهاتوودا هەموو کار وخەباتی هێزە سیاسییەکان بچێتە ئەو خانەیەی کە تەنیا لە خزمەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانیدا بێ.

لە کۆتایی دا نامهەوێ وەختتان بگرم هەر ئەوەندە دەڵێم هیوای تەمەنێکی درێژ بۆ مامۆستا و هەروەها هیوای تەندروستی‌یەکی باشی بۆ دەخوازین بە درێژایی تەمەنی خۆی .

زۆر سوپاس بۆ ئێوەش.

# پەیامی کاک محمود برۆ ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی ئازادیی کوردی سووریە کۆمیتەی ئورووپا.



خۆشک و برایەن بەڕێز،
سیاسەتمەدارێن هێژا،
کۆمیتا حیزبی دێموکڕات!

سلاوێکی گەرم لەوەبێ.کەسایەتیی مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە وەک هەمووماں بینیمان لەو فیلمە "وثائقی"یە کەسایەتی‌یەکی جۆربەجۆرە. من حەزم لێیە زیاتر لە بواری سیاسی‌یەوە چەند قسەی بەدوای هزرو ڕامانێ خۆم بە جەنابی وەی عەزیز بگهێنم کە ئەو کەسایەتی‌یە لە واری فەرهەنگی سیاسی چۆن کارو خەباتی خۆی دەکرد لەناو بزووتنەوەی ڕزگاری‌خوازیی کوردستان دا. لێرە دا حەزم لێیە ئیشارەت بە یەک دیالۆگ، ئینترویۆیەکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ ڕێزدار عەبدوڵڵای حەسەنزادە کاتی سێ ساڵ لەوە پێشتر تقریبا" کە لە لادێیەکی لە دەوروبەری کۆیسنجەق بوو سەر بە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لەلایەن ڕۆژنامەوان مەسعوود محەممەد کە کارگێڕێکی چالاک بوو لە گۆڤاری ڕۆژی ئازادی یان ژی طاوی ئازادی، خۆری ئازادی کە بە زمانی عەرەبی پێی دەڵێن "شمس‌الحرية" زیاتر لە دوازدە سێزدە پرسیار لە جەنابی مامۆستا کردن لەوانە ئەوی کە سەرهنج ڕاکێش بوون بە نەزەری من سێ پرسیار بوون. لەوانە کاتی مەسعوود محەممەد پرسیار لە جەنابی مامۆستا دەکێ ئەتوانێ چی پەیام بۆ عالەمی یان ژی جیهانی عەرەبی و موسوڵمان بنێرێ، وەڵامی مامۆستاش ئەوە بوو من لەو مەوقیعە نیم کە نامە بنێرم. - هەڵبەتە وەڵامی مامۆستا پڕە لە مانای سیاسی، لە تەوازوع و خەسلەتی ئینسانی شێورمەن-،

بەڵام پێیان دەڵێم ئاگادار بن، ئێوە مەغروور نەبن، باوەڕتان نەبێ بە ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێرانی، لەبەر ئەوە لە ڕێگای موسوڵمانەتی حەزی لێیە بە قووڵایی بچێتە ناو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و لەواری دیکەش دۆزی فەڵەستین کە دۆزێکی یەکەمین بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەکاتی خۆی دا لەواری دیپلۆماسی، سیاسی، ئەو دۆزە بەکار دێنێ لەبەر ئەوەی ببێتە ئەسپێک پێی بچێ بە قووڵایی ناو هزرو بیرو ڕامانی جیهانی عەرەبەکان و موسوڵمانەکان. ئەوە بەرجەوەندە، ئەوە حیلەیە.

پرسیاری دووەم، کە پرسیار لە جەنابی دەکا، دەڵێ چی بۆ حیزبەکەی خۆت دەڵێی، بۆ گەلی خۆت چی دەڵێی، حەزت لێیە چی پەیامێک بگەیەنیە حیزبی خۆتو گەلی خۆت؟ دەڵێ بۆ حیزبی خۆم پەیامی من ئەوەیە هەموویان بەبیر دێنم بە وەسیەتی شەهیدی گەورەمان جەنابی دوکتۆر قاسملوو کە فەرمووی: ئێمە بڕیاری خۆمان نە لە رووسیاو نە لە واشینتونژی دێتە دەرێ. بڕیاری خۆمان لەناو جەرگی دڵی ئێران دێتە دەرێو لەناو ڕیزو ڕەفەکانی حیزبی دێموکڕات دێتە دەرێ. ئەوەش مەعنایەکی پڕ جوان دەدا لە سیاسەتو لە فەرهەنگی سیاسی کە مامۆستا ئیمانی زۆر بوو، باوەڕی زۆر بوو بە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسیی خۆی. سەربەخۆیی بڕیاری سیاسییش بەردێکی بناغەی سەرەکی‌یە بۆ سەرکەوتنی حیزب و پێشڤەچوونی خەباتو هۆکاری پێکهێنانی ئارمانجە سەرەکی‌یەکان. ڕێگای دەگرێ بۆ دەربازبوونی ئەجینداکانی دەرەوە کە تەنها ئارمانجیان ئەوەیە بەرجەوەندپەرستیی وڵاتی خۆیان و زلهێزەکان و دەرودەوری دنیا بەتەواوی. ئەو پرسەش پڕ باڵکێش بوو. کە بەمامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە پرسیارێکی سەرهنجڕاکێش، بەڵام لە عەینی کاتیشدا وەڵامێکی سەرهنج ڕاکیش. ئەوە نیشانێک دەبێ کە مامۆستا توانم بڵێم هاوڕێیەک یان ژی شاگردەک لە دەبستانی پێشەوا قازی محەممەد وە هەڵگری ئەو ڕێبازەیە حەتانی ڕۆژی ئەمڕۆ. من بەشبەحاڵی خۆم باشترین دیاری پێشکێشی جەنابی مامۆستا دکەم کە خۆم وەکوو سیاسەتمەدارێکی ڕۆژئاوای کوردستان وەکوو شاگردێک لە دەبستانی جەنابی ئێوە دەبینم کە درێژایی دەبستانی پێشەوا قازی محەممەدە وە قاسملوو، وە هاوڕێیانی، وە شەرەفکەندی تا دگەهیتە درێژایی خەباتی ئەمڕۆ.

کاتی پرسیاری سییەم لێدەکرێ،ئەوەش باڵکێشە، دەڵێ ئایا بە درێژایی ئەو خەباتە تۆ ڕازیی بە درێژایی ئەو خەباتە - مەبەستی ڕۆژنامەوانیش ئەوە بوو کە ئێوە کوردستان دروست نەکردن یان ژی ئارمانجی خۆتان بەتەواوی نەهینان. وەڵامی مامۆستاش سیهەمجار کە سرهنجڕاکێش بوو، گوتی گرینگە کە ئینسان ئارمانجی خۆی پێکبێنێ بەڵام گرینگترین ئەوەیە کە درێژایی بە خەباتی خۆ بێنێ. واتە داتە دیارکرن لەلای ڕۆژنامەوان کە من مەیئووس نیم، من دلشکەست نیم. لەوی گرینگتر ئەوەیە کە ڕۆژی مردنم - کە خوا نەکەی ئێمە ئەو ڕۆژە ببینن، تەمەنڕدرێژ

بێ مامۆستا - تەنها من زەمیری خۆم ڕازی بکەم بەرامبەری میللەتی خۆم کە بڵێم ئەو شتەی کە لەدەستی من دەرچوو کردم. ئەوەش حەموومان دەگەڕێنێ گۆتنی جەوهەری بارزانیی نەمر سەبارەت بە سەرکەوتن‌و شکەست‌هینان کە هەمیشە دەگوت بە سەرکەوتن مەغروور نەبن وە بە شکستن‌ژی مەیئووس نەبن.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە دیارە کە بەشێک لە ڕووح و جەسەد و فکرو ڕامانی لەو قوتابخانەش دێتەوە. ئەوەش جێگای ڕێزو پیرۆزی یە لەلای ئێمە.

ناوم زیاتر کاتی ئێوەی عەزیز ببەم، بەڵام بانگەوازی یەکی بەناوی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ ئێوەی بەڕێز دەکەم، بۆ جەنابی مامۆستا دەکەم‌و حەموو پارتە سیاسی کە لێرە دانیشتنە، کە حەمووتان بە یەک‌دەنگ و یەک ڕەنگی دانوستاندن لەگەڵ پارتە سیاسی یەکانی کورد لە ڕۆژئاوا بکەن جگە لە هەر هێزو سازی‌یەک، کی دەبێ بەربێ،

ئەجندەی خۆی شەخسی بەکار نەهینن، ئەجندەی کوردایەتی و چارەنووسی کە درێژایی خەباتی کورد، ئەوە پیرۆزە بۆ ئێمە. ئێمە پێویستیمان بە ئەجندە نیە پێویستیمان بە کوردایەتی هەیە. کوردایەتییش ئەوەیە کە هەموومان بە یەک‌دەنگ و یەک‌ڕەنگی و بە یەک هەڵوێستی بچنە پێشەوە بەرامبەری دوژمنی خۆمان.

سەربەرزم، شانازم کە خۆم دەناو ئێوەی عەزیزدا دەبینم وەک کوردێکی ڕۆژئاوایی،بەڵام ئەو شتە بە دوژمنان وە هەروەها بە حەزان‌و ناحەزانژی دەچەسپێنێ کە ئێمە بتوانین بڵێین ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باکوور، باشوور یەک ئال، یەک گەل یەک وڵات، یەک نیشتمان. بژی کورد، بژی کوردستان، بژی‌و هەربژی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە و خەباتی زێڕینی خۆی کە بە درێژایی ژیانی خۆی کردیە. دووبارە بەناوی خۆم و پارتی ئازادیی کورد لە سووریا، سەرکردایەتیی ئەورووپا سوپاسی ئێوە دەکەم و سوپاسی یەکی گەرم ئاراستەی کومیتەی حیزبی دێموکڕات لەم هەرێمە دەکەم. سەرکەوتوو بن.

دووبارە بژی کوردایەتی.

# وتاری کاک ئەحمەد جهانگیری



**مامۆستا ژنی بەڕێز!**

**مامۆستای خۆشەویست!**

سڵاوتان لێ بێ، سوپاس بۆ ئەو بەرنامە خنجیلانەیە، سوپاس بۆ ئامادەکاری ئەو بەرنامەیە و کۆمیتەی ئێرە کە ئەو مەراسیمەی پێک هێناوە، مەسەلەیەکی نۆروێژی هەیە دەڵێ: بەس نیە کەسانێکمان هەن کە کاری سیاسی دەکەن، ئەگەر ئەوان نەیانکردبا دەبوو چی بێ، ئەوە بۆیە نائێم کە لەو شتانە کە ئێستا لە سەر مامۆستا باسی دەکەم پێکیان بشوبهێنم، بەڵام زۆر قسە کرا لە سەر کەسایەتیی مامۆستا، ئەمن پێم خۆشە فەقەت لە سێ بواری زۆر کورتدا ئەو کەسایەتی‌یە لە ڕوانگەی خۆمەوە بە ئێوە بناسێنم. بە باوەڕی من مامۆستا زۆر تایبەتمەندیی لە خۆدا کۆ کردوونەوە، مامۆستا سیاسەتمەدائێکی زۆر بە توانایە، مامۆستا ئەدیبێکی زۆر بە توانایە، مامۆستا وەرگێڕێکی زۆر بە توانایە، لە بیرم ناچێ ئەمن وابزانم ساڵی ۱۹۹۹ بوو، ئەوە بۆ من سەرنجڕاکێشترین وتاری مامۆستا بووە، ئەو کاتەی کۆنگرەی وابزانم ۲۱ی ئینترناسیۆنالی سۆسیالیست لە پاریس گیرا، لە مانگی نوامبری ۱۹۹۹دا، لە وێدا مامۆست پەیامێکی دا، ئەو پەیامەی مامۆستا بۆیە بۆ من زۆر سەرنجڕاکێشە، وێڕای ئیشارە بە بەشە جۆراجۆرەکانی کوردستان بەڵام تێی‌دا هێنابووی کە، ئەو وەختە دیارە فووکووس زۆر لە سەرمەسایلی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەبوو، مەوزوعی فەلەستینی‌یان و ئیسرائیل قسەی زۆر لە سەر بوو، بەڵام مامۆست گوتی کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هیچ سوڵحێکی پایدار دروست نابێ هەتا مەسەلەی کورد لە پەراوێزدا بێ. ئەوە قسەیەک بوو کە ساڵی ۱۹۹۹ لە کۆنگرەی ئینترناسیۆنالی سۆسیالیست لە پاریس مامۆستا کردی. زۆر کەس دەڵێن

کە زیاتر لە ٩٠%ی نووسینەکانی مامۆستای نووسینی سیاسین، ئەگەر واشی دابنێین، لەو نووسینە ئەدەبییانەی کە مامۆستا هەیەتی بە باوەری من ئەوەندە بە وردی و بە جوانی بە نێو کاناڵەکانی ژیانی ئەو کەسانە کە لە چیرۆکەکان و نووسینەکاندا دێن، چۆتە خواریّ کە، ئینسان زۆر جار دەڵی دەبیّ ئەو کەلیمانە لە کوێڕا هاتبن، ئەو هەموو وشە و ئەو هەموو ئەدەبیاتە لە کویّ کۆ کرابێتەوە یانی بە باوەڕی من بۆو کەسانە کە دەیانەویّ فێری ئەدەبیاتی کوردی بن ڕەنگە ئەوە باشترین قوتابخانە بیّ، چونکی ئینسان مەجبوور دەکا کە بە هەزاران کەلیمە، بە هەزاران وشەی تازە لەو نووسینانەدا بەرچاوی بکەویّ و ببینیّ، هەمووومان دەزانین و ئەوە لە کەس شاراوە نیە کە زیاتر لە نیوەی تەمەنی مامۆستای لە باشووری کوردستان بووە، بڵێین لەو شوێنەی کە لە باری جوغرافیاییەوە پێی دەڵێن کوردستانی عێراق، دیارە ئەمن ئارەزووم دەکرد کە یەک سەعاتیش لەویّ نەبایە، زۆر جار بیر دەکەمەوە دەڵیم دەبیّ ئەوە بۆ مامۆستای چ ئیحساسێک بێت وەختێک ئەو دەبینیّ قاتڵانی ڕەفیقەکانی، ئی ڕێبەرەکانی، ئی نزیکترین کەسەکانی بە پێش چاوی ئەوو زۆربەی کۆمەڵانی دیکەی خەڵکی ئەو وڵاتەیدا دێن و دەچن و زۆر جار حەتتا ناوەندەکان لەویّ ڕێزیان لیّدەگرن، لە موستەوایەکدا کە پێیان دەڵێن، بە هاتنیان خێر و بەرەکەت دیّ بۆو بەشەی کوردستان، ئەمن پێم وایە مامۆستا قەڵایەکە، مامۆستا بە باوەری من کێوێکە، کێوێکی قایمە و مەحکەمە کە تەحەمولی ئەو شتەی کردوە تا ئێستا.

بوارێکی دیکەی کەسایەتیی مامۆستای، کەسایەتیی زۆر وردبینانە و ئەخلاقییەتی لە گەڵ منداڵان بە تایبەت لە گەڵ بنەماڵەکان، کەم کەس هەیە ئەوەی سەرنج پیّ نەدابیّ کە، مامۆستا قەت لە دانیشتندا کەس نابوێریّ، هەموو کەس قسەی لە گەڵ دەکا، لە گەڵ هەمووان قسە دەکا، بە تایبەت لە گەڵ منداڵەکان، منداڵ دیارە زۆر سادقن، قەت شتیان لە خۆوە نیە، یانی شت لە دڵڕا دەڵێن، کەم منداڵ هەیە ئەو دیدارەی کە لە گەڵ مامۆستای بوویانە لە بیریان بچێتەوە و جارێکی دیکە ئارەزووی نەکەنەوە کە بیبیننەوە.

ئەمن ئارەزووی تەمەنێکی درێژ، سڵامەتیی زۆر بۆ مامۆستا دەکەم. زۆر سوپاس بۆ ئێوەش.

# بروسکەی پارتی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ

شادمانین بە بەشداریکردنمان لە مەراسیمی ڕێزلێنانی تێکۆشەر ورۆشنبیری ماندوونەناس مامۆستا عبداللە حسنزادە کە بە درێژایی تەمەنی لە خزمەتی دۆزی گەلی کورددا بێ وچان لە هەموو بوارە جیاوازەکانی سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری دا خزمەتی کردوە و ئێمەش وەکوو ناوچەی پارتی دێموکراتی کوردستان ئەم ڕێزلێنانە بەرز رادەگرین.

ناوچەی پارتی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊



# پەیامی کومیتەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە نۆروێژ

**پەیامی رێز گرتن لە سیاسەتمەدارو ئەدیبی ناسروای گەلەکەمان مامۆستا عبدالله حسنزادە!**

**ئامادە بووانی بەرێز ! ئیمرۆ ئێمە کۆبووینەوە بە بۆنەیەکی تایبەت بۆ رێزگرتن لە کەسێک کە هەموو تەمەنی خۆی بەخشی لە پێناو نەتەوەی کورد دژ بە داگیرکەرانی کوردستان.**

**خوشکان و برایانی ئازیز، مامۆستا عبدالله حسنزادە هەر لە سەرەتای تەمەنی پێوەندی کردوە بە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەیشتۆتە بەرزترین پلە لەو حیزبە، لە هەمان کاتدا جگە لە کاری سیاسی، وەک ئەدیب و نووسەر و وەرگێر دەرکەوت، تا ئێستا کتێبخانەی کوردیی دەوڵەمەند کردوە بە بەرهەمە وەگێردراوەکانی، جگە لە چەندین وتار لە رۆژنامە و بڵاوکراوە کوردی یەکان چاپ کراوە کە شانازی یە بۆ هەموو کوردێک. بە دەگمەن هەڵ دەکەوێ ئەم کەسانە ئەم دوو ئەرکە لە یەک کات و ساتدا بخەنە سەر شانیان، بۆیە مامۆستا عبدالله حسنزادە جێگای شانازی و رێزگرتنە چونکە بە مامۆستای شۆرش و ئەدەب دەناسرێ.**

**لە کۆتایی دا بە هیوای تەمەنێکی درێژ و تەندروستی یەکی باش بۆ مامۆستای بەرێز.**

**هەر بژی بۆ کورد و کوردستان**

**کومیتەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە نۆروێژ**

# پەیامی ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان لە نۆڕوێژ

**بەڕێزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمیتەی نۆڕوێژ**

**بەڕێزان بەشداربووانی بەڕێز**

بەناوی ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆران لە نۆڕوێژ، سەرەتا سەری ڕێزو نەوازش دائەنوێنین بۆ گڵکۆ و گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و دەست بەسینەوە ئەگرین لە ئاست کەس و کار و خانەوادە سەربەرزەکانیان.

خۆشحاڵین ئێمە کە بەشدارین لەم ڕێورەسمە تایبەتە بۆ ڕێز لێنان لە مرۆڤێک کە هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردوە بۆ خزمەتکردن بە نەتەوەی کورد بەبێ ئەوەی خۆی بە ماندوو بزانێ و دەیان ساڵ خەباتی پێشمەرگایەتیی کردوە و سەردەمێکێش سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بێجگە لە کاری سیاسی و پێشمەرگایەتی نووسەر و زمانزان و وەرگێر و ئەدیبێکی کوردە و لە ژیانی پرشانازیدا خزمەتێکی زۆری فەرهەنگی کوردی کردوە و مایەی سەربەرزیە بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان، وە جێگای ڕێزە بۆ ئێمەش کە لەنزیکەوە بەشداری ئەو ڕێزلێنانە بین.

هیوادارین نموونەیان زۆر بێت بۆ نەتەوەی کورد و هیوای تەمەنزدرێژی پڕ لە شانازی ئەخوازین بۆ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و، دەستخۆشی ئەکەین لە کۆمیتەی ئامادە کاری ئەم بەرنامەی ڕێزلێنانە و هەر بژین و سەرکەوتووبن.

ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆڕان لە نەروێژ

# پەیامی کومیتەی خەباتی شۆرشگێری کوردستان لە نۆروێژ



بە ناوی خوای گەورە!

بەرێز جەنابی مامۆستا مەلا عبدالله ، مامۆستاژن ، بەشدارانی بەرێز سلاوتان لێ بێ.

رێز گرتن لە خەبات و تێکۆشانی هەر تێکۆشەرێک ئەگەر بۆ ساتێکی زۆر کەمیش، بۆ چەند رۆژێکیش لە ریزی بزووتنەوەدا بووبێ کاری چاکە و کارێکی شۆرشگێرانەیە.

رێز گرتن و نیشاندانی ئەمەگ و وەفا بەرامبەر بە کەسێک کە دەیان ساڵ یا بڵێین نزیک بە پەنجا ساڵ کە تەمەنی زۆر کەسە، بێگومان کارێکی زۆر گەورەیە و ئەرکێکی زۆر پیرۆزە، ئەرکێکی پیرۆزە لە روانگەیەکی شۆرشگێرانەوە، ئەرکێکی پیرۆزە لە روانگەیەکی کوردانەوە.

مامۆستا مەلا عبدالله حسنزادە، ئەو شۆرشگێرە ماندوویی نەناسەیە کە تەمەنێکی زۆری ژیانی خۆی یا ماوەیەکی زۆری ژیانی خۆی لە نێو ریزی بزووتنەوەی کوردستان دا بە سەر بردوە، تەمەنێک کە بێ پسانەوە و بێ حەسانەوە و بێوچان، لە زۆر بواری جیاوازدا خزمەتی دیارو بەرچاوی کردوون، ئەمن لێرە نامهەوێ بێم لایەنەکانی و کاریگەری یەکانی بەرهەم و رەنجی خەباتی مامۆستا بخەمە بەر چاو و گوێی ئێوە، چونکە نە من شیاوی ئەوەم و نە مامۆستاش هێندە کەمە کە ئێمە بتوانین لەم کۆرە خنجیلانەیەدا باس لە بەرهەم وخەبات و تێکۆشانی ئەو

بکەین. بەڵام بە کورتی دەتوانم بڵێم مامۆستا کەسێکە بە چەند شەخسییەتێکەوە یا چەندشەخسیەتێکە لە نەفەرێک دا، لە ئینسانێکدا. هەر یەکێک لەو شەخسیەتانەی مامۆستا بۆ خۆی پێویستی بە لێکدانەوە و شیکردنەوەیە، من وەک خۆم لە جیاتی هاوڕێ و هاوبیرانی خۆم لە نێو ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێری کوردستان بە نیشانەی ئەمەگ و ڕێزو وەفا، سەری ڕێز لە بەرامبەر مامۆستا و خەباتی مامۆستادا دادەنوێنم و هەر لێرەشەوە لە بەرامبەر مامۆستاژنی بەڕێز کە ئەوەندەی کە ئاگادار بم و پێم وایە ئاگادارم لە تەواوی ژیانی خەباتی سیاسیی مامۆستادا مامۆستاژن وەک هاوژیانێکی فیداکار و لەخۆبوردوو لە هەموو قۆناغە سەختەکانی خەبات دا هەر وەکوو ئێستا شان بە شانی مامۆستا دانیشتوە ، هاوسەنگەری مامۆستا بووە، هاوشانی مامۆستا بووە لە دەردی ئازاری ئاوارەیی و دەربەدەریدا شەریک و بەشداری سەرەکی بووە. بۆیە ئەویش جێگەی ڕێز و تەقدیرە.

مامۆستا و هەر خەباتکارێکی دیکەی نێو بزووتنەوەی کوردستان ئەگەریش هەموو ژیانی لە نێوحیزب و ڕێکخراوێکدا بردبێتە سەر، موڵکی ئەو حیزبە نیە بە تەنیا، موڵکی هەموو میللەتی کوردە، هەموو خەباتکارێکی کورد خۆی بە خاوەنی دەزانێ. بۆیە ئێمەش حەقمانە خۆمان بە ساحەبی مامۆستا بزانین، خۆمان بە بەرهەم و ڕەنج و خەباتی مامۆستا بزانین و شانازیی پێوە بکەین.

هیوای سەلامەتی بۆ جەنابی مامۆستا و تەمەنی پڕ بەرهەمی مامۆستا بەردەوام بێ و ئێوەش سەربەرز و سەکەوتوو بن.

++++++++++++++++++++++++++++++++++++



# پەیامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان




ئامادە بووانی بەرێز، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا!

بە ناوی کۆمیتەی نەرویجی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانەوە سڵاوتان لێ بێ.

دیارە وەک برادەران لە پێشەکیدا باسی ئەوەیان کرد رەنگە زەحمەت بێ بە وتەیەک یان بە وشەیەک یان بە وتارێک بتوانین تەعبیر لە گەورەیی پێگەی سیاسی، ئەدەبی، رۆشنبیریی بەرێزێکی وەک مامۆستا عبداللە حەسەنزادە بکرێت، بەڵام من لێرە هەر چەندە دەستخۆشی لە برادەرانی خۆشەویست دەکەم کە هەستاون بۆ دروستکردنی ئەم مەراسیمە بۆ رێزلێنان لەو بەرێزە، بەڵام بەڕاستی من تەمەنناى ئەوەم دەکرد کە لە ئاستێکی زۆر زۆر بەرز و لە ئاستێکی سیاسیی بەرز و لە ئاستێکی ئیداریو حکوومیی بەرزدا بتوانرایە ئەو مەراسیمە پێشکەش کرابایە. بۆیە بۆ ئەوەی بتوانرایە کە خەڵات یا خود بڵێین رێز لە مامۆستا بگیرایە. بەلام من ئەوەی کە لێرەدا دەمهەوێت باسی بکەم، من هیچ شتێکی تایبەتم نیە تەنیا دەربرینی خۆشەویستی‌یە بۆ پێگەی مامۆستا ، بۆ گەورەیی مامۆستا، بۆ لێهاتوویی مامۆستا، ئەویش چڕ دەکەمەوە لە دووتوێی چەند دێرێکا، ئەویش ئەوەیە کە خۆشحاڵم و خۆم بە خۆشحاڵ دەبینم کە لێرەم بۆ بەشداریکردن لە رێزلێنان لە خەبات و تێکۆشانی مامۆستا عبداللەی حسنزادە کە ئەو وەک کەسایەتی یەکی سیاسی، ئەدەبی، رۆشنبیریی گەلەکەمان، زۆرن ئەو کەسانەی کە ئەوێ رۆژێ تەمەنی خۆیان کرد بە قووربانی رێگای خەباتی رزگاریی نیشتمانیی گەلەکەیان کە بێگومان مامۆستا عبداللەش یەکێکە لەو کەسایەتی‌یە کە هەڵکەوتووی مێژوویەکن کە جێگەی دەستیان لە رووداو و گۆرانکاریی ناوچەکەدا بە جێ هێشتوە، دەبێ ئەوەش بگوترێت بە بێ هێنانی ناوی ئەو بەرێزەو وێنا کردنی مێژووی ناوچەکە

مانای راستەقینەی خۆی لە دەست دەدات. مامۆستا عبدالله هەڵگری شوناسی سیاسی واتە بەرجەستە بوونی دوو کەسایەتیی سیاسی و ئەدەبی کە ڕەنگە پێویستی ژیان ئەوی کردبێتە ئەو مرۆڤەی کە تێکۆشان بکاتە ستایلی ژیان، بە پێوەندیەیە گەرماوگەرمەکانی لە گەڵ ئەدیبان، شاعیران، نووسەران، بە بەشداری لە کۆڕەکان وای کردوە لە ئەدەبیات دانەبڕێت و هەمیشە لە سەرەتاتکێدابێت.

لە کۆتاییدا ئەڵێم لە درێژی تەمەنی سەختی پڕخەباتی مامۆستا عبدالله ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕێگەی ژیان چەندە سەخت و قووڵ بێت، مرۆڤ دەبێ چەندە پشوو درێژو ماندوو نەناس بێت تا بەرگەی ژیانێک بگرێت بۆ ئەوەی بژیت بەری ڕەنجی بۆ ژیانێک بێت کە ئیتر بۆ خۆی نەماوە بەڵکوو کەسانی تر لێیەوە بەهرەمەند دەبن.
سوپاس بۆ ئێوەش، سوپاس و خۆشەویستی بۆ مامۆستا مەلا عبدالله، سوپاس بۆ هەموو لایەکتان.

کۆمیتە ی نەروێژی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان
سامان شۆڕش

==========================================



# پەیامی کۆمەڵەی کولتووریی کوردی



پێشەکی هەموو لایەک بە خێر بێن، بەخێراتنێکی تایبەت بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا عبدالله

هەڵبەت من بە هیچ شێوەیەک وەکوو سیاسی‌یەک ناتوانم تەعبیر لە خۆشەویستیی خۆم و لە ڕێزی خۆم بەرامبەر بەو پیاوە مەزنە تەنها وەکوو بەرپرسێکی کۆمەڵەی کولتوریی کوردی لێرە لە ناوچەی ئۆسفۆڵد ، لەو تابلۆیە کە بۆو بەڕێزە دانراوە کە قەڵەم و گەڵای زەیتوون و جامانە کە سێ شتی زۆر پیرۆز بۆ ئینسانی بەڕێز بۆ ئینسانی نووسەر بۆ ئینسانی سیاسیی بۆ ئینسانی ئاشتیخواز بۆ ئینسانی شۆرشگێر، قەڵەم هەموو ئەو پەیامانەی کە لە یەزدانەوە بۆ سەر ئەرز هاتوون بە قەڵەم نووسراونەتەوە هەموو ئەو شتە جوانانەی کە لە سەر نووسەران و ئەدیبە گەورەکانی جیهان بە قەڵەم نووسراونەتەوە، جامانە ڕەمزی خەبات و بەرخۆدانە لە هەموو دونیایە ، کورد شەرەفی ئەوەی هەیە کە جامانەی کردوە بە سێمبولی خۆی، ئاشتی لە حەزرەتی نووحەوە هەتا ئەو ڕۆژەی کە وا کۆتر گەڵای زەیتوونی بۆ کرد بە نیشانەی ئاشتی ، بە ڕاستی شتێکی زۆر جوانە بۆو پیاوە دروست کراوە شایەنی ئەوەیە. تەنها ویستم ئەو کۆمێنتە لە سەر ئەو تابلۆ جوانە کە بۆ ئەو پیاوە بەڕێزە دروست کراوە شایستەی ئەوەیە شایانی ئەوەیە.

لە کۆتایی دا هیوای تەمن درێژی و لەش‌ساغی بۆ خۆی و بۆ خێزانەکەی و سوپاس بۆ هەموو لایەک ئەگەر لێمان قەبوول بفەرموێت هەڵبەت هەموو حیزب و لایەنەکان گوڵی زۆر جوانیان بۆ بەڕێزت هێناوە، من شتێکم هێناوە کە لە خزمەتی جەنابتا پێشکەشی ئەکەم ئەگەر قبووڵی بفەرمووی هەمووی بریتی‌یە لە پۆرتێرێتی سیاسەتمەدارەکانی

**کورد، ناودارانی کورد، شاعیرانی کورد، ئەدیبانی کورد، هەڵبەت شایستەیە بە جەنابت ئەو پۆرتێریتە ئەگەر لە دوایی دا قەبووڵی بفەرمووی ئەیهێنمە خزمەتی جەنابت، بە هیوای تەمەن درێژی و سوپاس بۆ هەموو لایەک.**

**کۆمەڵەی کولتووریی کوردی**

**سالار شوانی**

==============================================



# وتووێژ لە گەڵ کاک ئامانج نوێنەری پارتی دێموکڕاتی کوردستان




**پرسیار: بەرێز کاک ئامانج، رابردووی کار و تێکۆشانی سیاسیی بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

وەڵام: پێشەکی وەکوو نوێنەری ناوچەی پارتی دێموکراتی کوردستان بە خێراتنی جەنابی مامۆستا ئەکەین، بە ناوی خۆم و هەموو هەڤالانی ناوچەی پارتیمان، بە نیسبەت وجودمان لێرە خۆی دەلیلی ئەوەیە بەرز راگرتنی رێزلێنانی خەباتی بێ وچانی جەنابی مامۆستا لە هەموو بوارەکان ، بواری سیاسی و ئەدەبی و رۆشنبیری بەرز دەنرخێنین و مامۆستا شایەنی ئەوەیە لەمە زیاتر و زیاتر لە هەموو لایەنێکەوە تەکریم بکرێ و دەستخۆشی لەم کومیتەی حیزب ئەکەین لە وڵاتی نەرویج کە بەم مەراسیمە هەڵسان وەکوو رێز لێنانێک لە خەبات و تێکۆشانی ماندوونەناسێک وەکوو جەنابی مامۆستا.

لە گەڵ رێز و سوپاس

# وتاری کاک هاشم ڕۆستەمی



خوشک و برایانی بەڕێز، هاوڕێیانی هێژا! ماندوو نەبن.

لە ڕاستیدا دوێنێش عەرزی مامۆستام کرد، گوتم ئەمن زۆر جاری دیکەش لە پشتی میکرۆفۆن قسەم کردوە، بەڵام ئەمجارەیانم زۆر بۆ زەحمەتە. لە دوو شت نیگەرانم لەو قسە کردنە، یەکێکیان کە بەڕاستی من لەو جێگایە نیم کە بێم لە سەر کەسایەتی و شەخسییەت و تواناکانی مامۆستا قسە بکەم، لە لایەکی دیکەش لەوە نیگەرانم کە مەبادا ئەو تەئسیراتە قووڵە سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی‌یەی کە مامۆستا لە سەر منیەتی تووشی جۆرێک لە قسەکردنم بکا کە دوایە مامۆستا گلەییم لێبکا. چونکە هەموومان دەزانین مامۆستا زۆر موتەوازیعە، و لە هەمانکاتدا زۆر خاکی و زۆر نیشتمانی‌یە. بۆیە قسەکردن لە سەر کەسایەتی‌یەکی ئاوا هەم کات و دەرفەتێکی باشی دەوەێ، هەم کەسێکی بە تواناشی دەوێ. بەڵام هەر لە مامۆستا فێر بووین کە لە قسەکردن نەترسین، هەر لە مامۆستا فێر بووین کە لە کاتی ئاوادا هەست و غیرەتی کوردایەتی و پێشمەرگایەتی و نیشتمانپەروەریمان بجووڵێت و لە قسە کردن نەترسین و قسەی خۆمان بکەین.

لە ڕاستیدا بە پێی ئەو بەرنامەیەی کە دیاری کرابوو، کاتێکی برێک زیاتر بۆ من دیاری کرابوو، بەڵام وەک ڕەوتی کۆبوونەوەو مەڕاسیمەکە دەچێتە پێشێ، بۆ ئەوەی تووشی ماندووبوونتان نەکەین ئەمن مەجبوورم دەودوو لە قسەکانی خۆم بگرم و برێکیان کورت بکەمەوە. ڕەنگە پرسیار ئەوە بێ، بڵێی دوای ئەو هەموو فەرمایشتە جوانانەی

کە لە پەیامەکانیدا و لە وتەی ئەو بەڕێزانەی کە پێشتر قسەیان کرد، هەمووشیان لە جێدا و بە حەق باسی کەسایەتی و شەخسیەتی مامۆستایان کرد، بڵێی هیچ قسە مابێ کە من بیکەم! زۆر قسە کران، بەڵام لە ڕاستیدا مامۆستا زۆر لەوەش پتر هەڵدەگرێ. ئەمن ئەو یەک دوو ڕۆژە لە سەفحەی فەیسبووکدا، ڕەنگە بەشێک لە هاوڕێیان بزانن، پرسیارێکم تەرح کردبوو. داوام کردبوو لەو هاوڕێیانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو پرسیارەی من دەبینن، لە دوو سێ خاڵدا لە سەر کەسایەتی و تواناکانی مامۆستا نەزەری خۆیان بدەن. ئەگەر نەڵێم بە سەدان، بە دەیان کەس شتیان نووسیبوو لە چەند خاڵ دا، هەموویانم خوێندنەوە، هەموویان ڕاست بوون، هیچێشیان وەک یەک نەدەچوون. کە وابوو دەبێ شەخسیەتی مامۆستای، کەسایەتیی مامۆستای، لە بوارە جۆراو جۆرەکاندا چەند بەرفراوان بێ، کە ئەو هەموو قسەیەی لە سەر دەکرێ، قسەکان هیچیان وەک یەک ناچن، هەمووشیان ڕاستن. بۆیە من بە پێچەوانەی هێندێک لە ڕەفیقان کە باسیان لەوە کرد کە مامۆستا قوتابخانەیە، من برێک بەرفراوانتر، دەڵێم مامۆستا زانکۆیەکە بە چەند کۆلێژی جۆراو جۆرەوە. کۆلێژی رامیاری، کۆلێژی کۆمەڵایەتی، کۆلێژی ئەدەبی...، لە هەمووی ئەوانەشدا مامۆستا بۆ خۆی ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە. کە پێویستە ئێمەی قوتابیانی مامۆستا لێیەوە فێر بین.

کەمێک پێشتر کە لەودیو دانیشتبووین، مامۆستا فەرمووی بۆ ئەوەی بەشدارانی بەڕێزی ئەم مەراسیمە ماندوو نەبن پێمخۆشە قسەکان برێک خولاسە بکرێنەوە، بۆیە من مەجبوورم کە قسەکانی خۆم کورت و کورتتر بکەمەوە. بەڵام ناچارم مەوزوعێک کە زۆر گرینگە ئەویش نەک هەر لە ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، بەڵکوو لە ژیانی سیاسیی ئەحزابی کوردیدا کە وەک دەرسو ڕێڕەوێک بە کاری بێنین، کە تا ئێستا لە وتار و پەیامەکاندا بەو ڕوونییەی کە پێویستە ئاماژەی پێ نەکراوە، ئەویش ئەو رووحی دێموکراسیەت و گیانی لە خۆبوردوویی و رووحیەتی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە ئەحزابی کوردیدایە، کە بە شێوەیەکی دێموکراتیک دەسەڵات دەستاودەست بکا، ئەوە سەرچاوەو ئیلهامەکەی لە مامۆستا حەسەنزادەوە هاتە نێو حیزبی دێموکرات و ئێستا پێموایە لقوپۆپ داوێ بۆ نێو حیزب و ڕێکخراوی دیکەش. ئەمەش لە کاتێکدایە کە دەبینین بە داخەوە لە نێو حیزب و ڕێکخراوی تەنانەت کوردستانییشدا، لە سەر بەدەستەوەگرتنی پۆست و دەسەڵات کێشەو ناکۆکی هەیە. لە کاتێکدا دەبینین جارجار بە داخەوە ململانێی ناشەریفانەش هەیە بۆ حەزفکردنی یەکتری، بەڵام مامۆستا ڕاست لە کاتێکدا لە کۆنگرەی ١١ دا بەندێک لە ئەساسنامە زیاد دەکات، یان با بڵێین بە ئیسراری ئەو زیاد کرا، بەندەکەش باس لەوە دەکا کە سکرتێر لە حیزبدا بتوانێ تەنیا دوو دەورە بە دووی یەکدا مافی خۆکاندیدکردنی بۆ پۆستی سکرتێری هەبێ، کە دەماندی چۆن دەسەڵاتداران بۆ مانەوە لە سەر کورسیی دەسەڵات حەول دەدەن، چۆن

تەنانەت بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا لە ڕێگەی نامەعقوول و ناشەریفانەش کەڵک وەر دەگرن. جا لێرەدا گەورەیی کەسایەتی‌یەکان دەر دەکەوێ، کە ئەو کاتە بۆخۆیان لە دەسەڵاتدان ڕێز لە کەسایەتیی دیکە بگرن، ئەو کاتە کە بۆخۆیان لە دەسەڵات و مودیریەتدان بێن مودیری دیکە لە حیزبەکەی خۆیاندا، بۆ دوای خۆیان پەروەردە بکەن. چونکە زۆر جار گوێم لە مامۆستای بووە کە دەفەرموێ، مودیری باش هەر ئەو مودیرە نیە کە باش مودیریەت دەکا، بەڵکوو مودیری باش ئەو کەسەیە کە بۆ دوای خۆشی مودیری لێهاتوو پێ‌بگەیەنێ. ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندی‌یە باشەکانی مامۆستایە کە هەمووماان ئەوەمان هەست پێ‌کردوە و بە کردەوەش لێمان دیتوە ئەو کات کە مامۆستا ئیسراری دەکرد کە ئەو بەندە بێتە نێو ئەساسنامەی حیزب، بۆ خۆی سکرتێری گشتیی حیزب بوو. ڕەنگە ئەوە باجەکەشی کەم نەبووبێ هەم لە سەر حیزب و هەم لە سەر خودی مامۆستاش. چوونکە ڕەنگە ئەوە بە مەیلی هەمووان نەبێ، کە ڕێچکەیەکی ئاوا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا پەیڕەو بکەین کە نەفەری یەکەم ئاوا بگۆردرێ، بێ‌گومان لە نێو حیزبی خۆشماندا جارجار موخالەفەتی لەگەڵ کراوە بۆ ئەم بڕیار و ئەو هەڵوێستە بە جێییەی.

یەکێک لە تایبەتمەندی یە هەرە مەزنەکانی دیکەی مامۆستا کە پێم خۆشە لێرەدا ئیشارەی پێ‌بکەم، ڕووحی مەشوەرەت و هاوفکریی مامۆستایە. مامۆستا ئەو کاتە کە سکرتێری گشتیی حیزبیش بووە، ئەو کاتە کە کەسایەتی یەکی ناسراو و بۆ هەمووان جێگەی متمانە و جێ بڕوای تەواو بووە، ئەوکات کە هەمووماان پێمان وابووە مامۆستا زۆر بە وردبینی، زۆر دەقیقە و زۆر بە سەرنجەوە قسە دەکات، بەڵام بەر لە هەموو کۆبوونەوەیەک، پێش هەموو سوخەنڕانی‌یەک، ئەگەر کەسانێکی لە دەورە بووبن، لە ئەندامێکی ڕێبەری‌یە بگرە تا کادر و پێشمەرگەیەکی سادە، مەشوەرەتی لەگەڵ کردوە"دەمهەوێ قسە بکەم ئەرێ نەزەری ئێوە چیە؟" لە حاڵێکدا ئێمە هەمووماان مامۆستا، بە تایبەتی ڕێبوارانی ڕێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە، مامۆستا بە مامۆستای خۆمان دەزانین، بەڵام ئەو شانازی‌یەمان بە نسیب بووە، هەر کامەمان لەجێی خۆی، کە مامۆستا مەشوەرەتی لەگەڵ کردووین. مامۆستا ڕووحی تەفاهومی هەیە. ئەوانە بۆیە ناڵێم تەنیا مامۆستا لێرە گوێی لێ‌بێ، بۆیە دەیانڵێم تا ئێمەش وەک دەرسێک ئیستفادەی لێ‌بکەین. ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندی‌یە مەزنەکانی مامۆستایە.

تایبەتمەندیەکی دیکەی مامۆستا ئەوە بووە کە ڕەنگە کەم ئەو شتە باس کرابێ، بەڵام بە ئیجازەی مامۆستای، ئەوەی لێرە دەگێڕمەوە، مامۆستا زۆر قورس و قایم بۆ دیفاع لە نەتەوەی خۆی لە بەرامبەر هەموو لایەکدا هەڵوێستی هەبووە، لەگەڵ ئەوەی هەر وەک لە بیوگرافی‌یەکەیدا باس کرا، لە گوندێکی ناوچەی ڕەبەت لە

بنەماڵەیەکی ئاساییدا لە دایک بووە و کوڕێ پیاوێکی زەحمەتکێش بووە، بەڵام ئەو کاتانە کە پێویست بووە دیفاع لە نەتەوەکەی بکا، وەک سەرکردەیەک، وەک ڕێبەرێک هەڵوێستی گرتوە، وەک نوێنەری نەتەوەیەک قسەی کردوە، نەک وەک کەسایەتی‌یەک و وەک شەخسی خۆی. مامۆستا بۆی باس کردین، جارێک "ڕەزاشا" کوری محمد رەزا شا کە خۆی بە جێنشینی تاج و تەختی شایەتی دەزانێ، داوای کردبوو کە لەگەڵ مامۆستا دیداریان هەبێ. مامۆستا ئاوای وەڵام بۆ ناردۆتەوە و گوتوویەتی" راستە ئەو شازادەیە و کوڕی شای ئێرانییە و خۆی بە میراتگری تەختی شایەتی دەزانێ و منیش کوری کابرایەکی زەحمەتکێشی گوندێکی ناوچەی سەردەشتم، بەڵام من لێرەدا نوێنەرایەتیی میللەتێک دەکەم، ئەو میللەتەی کە باوکی ئەو، سەرکۆمارەکەی لێ لە سێدارە داوە، بۆیە تا هەڵوێستی ئەو لە بەرامبەر ئەو ئیعدامەدا، لە بەرامبەر ئەو کردەوانەی کە بە دژی میللەتی کورد کراون، بە روونی نەبیسین و هەڵوێست و بەرنامەی روونی نەبێ، من وەک نوێنەری میللەتی کورد لەگەڵی دانانیشم. ئەمەیە هەڵوێستی شۆرشگێرانەو بوێرانە. لەکاتێکدا زۆر کەسی دیکە رەنگە هەر خودا خودایان بێ کەسێکی ئاوا هەر تەلەفۆنێکیان بۆ بکا و سڵاوێکیان لێبکا. ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندی‌یە هەرەمەزنەکانی مامۆستای بووە. کورتی دەکەمەوە، مامۆستا! لەگەڵ ئەوەیدا،زەحمەتی یەکجار زۆرت کێشاوە، شانازیی زۆریشت خوڵقاندوون و ئێمەش شانازی‌یان پێوە دەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیسان چاوەروانی زیاتر لە جەنابت هەیە، لە دوو بوارەوە چاوەڕوانی لە جەنابت هەیە مامۆستا! هەم بۆ ئەوەی زۆرتر و باشتر بتوانی ئەو درزانەی کە لە رابردوودا لە نێو حیزبی دێموکراتدا بە تایبەتی و بە گشتی لە نێو بزووتنەوەی کورددا هەن، حەولی زیاتر بدەی بۆ ئەوەی ئەو درزانە زۆرتر وێک بکەونەوە و ئاسەواری ئەو برینانە نەمێنی کە لە بزووتنەوەی کورد و لە حیزبی دێموکراتدا هەن، و هەم بۆ ئەو برینەی کە ئێستا لە حیزبی دێموکراتدا هەیە، بۆ ئەو کەلێنەی کە ئێستا لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا هەیە، داوات لێ دەکەین هوڵوێستێکی روونتر و شەففافترت هەبێ، دەزانم هەوڵێستت بووە، بەڵام چونکە ئیستا ئەندامی رێبەری نی، سکرتێری گشتی نی،

پێتوایە ئەوە ئەرکی ئەوانە کە دەبێ هەڵوێستەکان بڵێن! بەڵام مامۆستا! جەنابت لە هەر پلەیەکی تەشکیلاتی‌دا بی، یەکێک لە رێبەرانی بزووتنەوەی کوردی، نەک بە تەنیا لە حیزبی دێموکراتی کوردوستان، نەک بە تەنیا لە بەشێک لە کوردستان، لە هەر چوار پارچەی کوردستان لەو بوارانەدا چاوەروانیت لێدەکرێ. بۆیە ئێمەش چاوەروانیمان لێت هەیە.

با ئاخیر قسەم رووم لە هاورێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ! ئەندامانی حیزب بە گشتی. هاورێیان! با

کەسایەتی‌یەکانمان لە ناوچەیەکدا خولاسە نەکەینەوە، با کەسایەتی و ڕێبەرانمان نەکەینە هی جەناحێک لە حیزبدا، با سەرکردەکانمان بە تەنێ نەکەینە هی حیزبێک، با ڕێبەرانمان نەکەینە تەنیا هی پارچەیەک لە کوردستان، بەتایبەتی کەسایەتی‌یەکی وەک مامۆستای. چونکە ئەگەر دەقیق نەبین و ورد بۆ مەزووعەکان نەچین، تەنانەت ڕێزگرتنەکەشمان لە جێی ئەوەی گەورەیی سەرکردەکانمان دەربخا، زەربەیان لێدەدا. بۆیە من داوا دەکەم با ئەوکەسانەی کە لە بزووتنەوەی کورددا سەرمایەی ئەو میللەتەن، مێژووی ئەو میللەتەن، مێژووخوڵقێنی داهاتووی ئەو میللەتەشن، با بە هی میللەتی کورد و نەتەوەی کوردیان بزانین، بە تەنێ بە هی حیزبێکیان نەزانین. ئەمن مامۆستای وا دەبینم.

مامۆستا! لە کۆتایی‌دا فەقەت ئەوەندە دەڵێم، زۆر قسە هەبوون کە بیانکەم بەڵام بە پێی کاتەکە، هەر ئەوەندە دەڵێم کە جەنابت پەیکەرێکت لە خۆشەویستی، پەیکەرێکت لە هێز و بڕوا، پەیکەرێکت لە سەبرو تەحەممول لە وجوودی ئێمەدا دروست کردوە و ئەوە پایەدار دەبێ و سەرکەوتوو بی. زۆر سوپاس.

*****************************************



# وتاری مامۆستا ئاشق



بەشدارانی بەڕێزی بەرنامەی ڕێزگرتن لە تەمەنێک تێکۆشانی مامۆستا،
خوشک و برایانی ئازیز.

پێش هەموو شتێک پێمخۆشە ڕێز لە دەستپێشخەریی ئەو هاوڕێ بەڕێزانەمان بگرم کە بوونە ڕچەشکێن و بۆ یەکەمجار ـ لانی کەم وەک من لەبیرم بێ ـ لە نێو ئاڵقەی تێکۆشەرانی خەباتی کوردایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێوشوێنی ڕێزگرتن لە تێکۆشەرێکی دێرینی مەیدانی ئەدەب، زمان و خەباتیان کردە باو و بەم شێوەیە ڕێگایان بۆ ئەوە خۆش کرد کە کەسایەتی‌یە سیاسی، ئەدەبی و مێژوویی‌یەکانمان ئەو هومێدەیان هەبێ کە بە زیندی سەر ڕەنگدانەوەی کار و خزمەت و تێکۆشانیان لە ڕێورەسمێکی ئاوادا کە نیشانەی پێزانین و هەستپێکردنی ئەو خزمەتانەیە، ببینن. دیارە ئەو ڕێورەسمە دەبێتە سەرەتایەک بۆ ڕێزگرتن لە هەموو ئەو کەسایەتی‌یانە کە بە مایەدانان لە هێز و توانا و ژیانی خۆیان خزمەتیان بە نەتەوە ستەملێکراوەکەمان کردوە.

پێمخۆشە پێش ئەوەی زیاتر بچمە نێو مەبەستەوە ئیشارە بەوە بکەم کە قسەکردن لە ڕێورەسمێکی ئاوادا و وەک دەڵێن"ئەداکردنی حەقی مەبەست" زەحمەتە، چونکە:

١- کاتەکە تەنانەت ئەگەر چەند هێندەش بێ، بەشی گێرانەوە و شەرحدانی بایەخ و شوێن و ڕادەی خزمەتەکان

ناکا و مرۆڤ ناچارە بە کورتکردنەوەی قسەکانی ڕازی بێ و تەنیا پوختەیەک لە باسێکی بەرین دەرببڕێ کە بێ گومان ناتوانێ بەیانی تەواو و بێ کەموکوڕیی تایبەتمەندیەکانی کەسایەتیی جێگای باس بێ.

٢- لە ڕیوڕەسمێک دا کە بۆ ڕێزلێنان پێکدێ، فکری غالب، یان با بڵێین یەکەم شت کە مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە ئەوەیە کە دەبێ تاریفی کەسایەتی‌یەکە بکرێ و خزمەتەکانی وەبیر بهێنرێنەوە، ئەوەش ڕەنگە لەبارێکەوە هەم بۆ ڕێزلێنەر و هەم بۆ ڕێزلێنراو هێندێک خۆش نەبێ، چونکە تاریف کردنی ڕووبەڕوو، تەنانەت لە مەجلیسێکی گەرمی خۆمانەی وەک ئەمەی ئێستاشدا تا ڕادەیەک زەحمەتە.

برایان و خوشکان!

ئەمن زۆر جار بیرم لە مەسەلەیەک، لە پێوەندی لەگەڵ کەسایەتی‌یە ناسراوەکانی مەیدانی ئەدەب، شێعر و زمان لە موکوریان و بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردۆتەوە و زۆرم بۆ سەرنج ڕاکێش بووە کە بەشی هەرە زۆریان کەم و زۆر و لە مێژووی دوور و نیزیکدا، ئەگەر ئەندام و تێکۆشەری نێو ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبووبن، بە شێوەیەک پێوەندی‌یان بە دێموکرات، کۆماری کوردستان، یان ئەسڵ و بناغەی هەردووکی ئەوانە، کومەڵەی ژێ - کافەوە هەبووە. کەسایەتی‌یە ئەدەبی‌یە گەورەکانی وەک هەژار، هێمن، خالیدی حیسامی، سەید کامیلی ئیمامی، عەتریی گلۆڵانی، خاڵەمین، حەقیقی، حەسەنی قزڵجی، زەبیحی و زۆر کەسی دیکە بێ‌گومان ئیلهامیان لەو مەکتەب و بناغانە وەرگرتوە، بە شنەی پەیامی ڕزگاریی نەتەوایەتی کە لەو سەرچاوانەوە هەڵی‌کردۆتێ، بای باڵی مەلی شێعر، ئەدەب و هونەریان داوە و لە ئاسمانی ئەدەبی کوردی‌دا درەوشانەوە. مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادەش ڕێبوار و میراتگری ئەو ڕێگا و ڕێبازەیە کە بە بیر و زەینێکی تەیار و دڵێکی پڕ لە سەودای ئەوینی ڕزگاریی کوردستانەوە تێکەڵ بە کاروانی تێکۆشەرانی حدک بوو و لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژانی سەختی خەبات و ڕەدبوون لە گەوە و هەوراز و نشێوەکان، قەڵەمی گێڕا و بە خوڵقاندنی دەیان وەرگێران و ڕادەیەکی یەکجار زۆر نووسینی ئەدەبی و سیاسی وەک وەرگێڕێکی ناودار، ئەدیبێکی ناسراو و کەسایەتی‌یەکی بەناوبانگی سیاسی، جێگای گرت و ناوی لەمێژوودا تۆمار کرا.

من یەکەمجار مامۆستام لە سەروبەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتدا چاو پێ‌کەوت و تێکەڵاوی و ناسیاویی چاکتر و نێزیکتریشم کاتێک لە گەڵدا پەیدا کرد کە ساڵی ٦٣ی هەتاوی، شوێنی کاری حیزبیم گوێزرایەوە بۆ

بنکەی دەفتەری سیاسی لە گەورەدێی دۆڵی جافایەتیی باشووری کوردستان و بووینە جیران، بەڵام ئاشنایەتیی من لەگەڵ ناوی مامۆستا دەگەڕێتەوە زۆر پێشتر و ئەوکاتە کە من مێرمنداڵێکی ١٤ ساڵە بووم و لە مەدرەسەکانی زانیاریی دینی، یان با بڵێم حوجرەی فەقێیان دەستم بە خوێندن کردبوو. ئەوکاتە مامۆستا زۆر لەمێژ بوو خوێندنی تەواو کردبوو، بەڵام مامۆستاکانی ئێمە، زۆر جار کاتێک مەسەلەیەکی پڕ گرێوگۆڵی زمان دەهاتە پێش، یادی زیرەکیی مامۆستا حەسەنزادەیان دەکرد و دەیانگوت ئێستا حەییاکی لێرە بووایە، بە هاسانی ئەو گرێ پووچکەیەی دەکردەوە و بە زمانێکی ساکار و ڕەوان شیی دەکردەوە.

بەو شێوەیە و بەو پێشینە زەینییەوە کاتێک لە دۆخێکی جیاوازدا، لە نێزیکەوە مامۆستام ناسی، زانیم تاریفەکە زێدەڕەویی تێدا نەبووە و کاتێکیش دوای کۆنگرەی ٧ی حیزب لە بەشی ڕاگەیاندن و دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستاندا شانازیی کارکردن لەگەڵ ئەوم پێبڕا، دەسەڵاتی مامۆستام بەسەر نووسین و ئەدەبیاتدا باشتر بۆ ڕوون بۆوە.

مامۆستا پوخت و پاراو قسە دەکا و زمانێکی بێ گرێوگۆڵ لە نووسینەکانیدا بە کار دێنێ، زمانێک کە هەموو کەس دەتوانێ لێیحاڵی بێ. خەزێنەی وشەی ئەوەندە پڕە کە بۆ وشەی هاومانا و دژمانا مەحتەل نابێ. قسەی خۆش، پەندی پێشینییان و پەند و مەتەڵ زمانی دوانی شیرن دەکەن. زاراوە موکوریانییەکی دەوڵەمەند دەزانێ و ڕستەی بەجۆرێک پێدەنەخشێنێ، کە وەک ئاوی ڕەوانی کانیی کوێستانەکان سووک و دڵنەواز لە بەستێنی نێوەرۆکدا جاری دەبێ. پوختەکردن و درێژکردنەوەی مەبەستی بەپێی پێویست و بەرێ و جێیە و خوێنەر هەرچۆنێک بێ، بەچێژی تێگەیشتن دەگەیەنێ.

خشتەکانی دیواری ڕستەکان هەرکام لەجێی خۆیانن و کردار، بکەر، ناو، ئاوەڵناو، پیتی پێوەندی و... هەرکام جێی شیاوی خۆی دراوەتێ. هەمووی ئەو تایبەتمەندییە باشانەش لە گەڵ بەبەرداکردنی ڕێنووسێکی تەواو و ڕاست و دەسخەتێکی ڕوون و دیار، داڕشتنێکی ڕەوان و جوانیان لێکەوتۆتەوە کە خوێنەر زوو هەستی پێ دەکا و چێژی لێ وەردەگرێ.

مامۆستا لە بەکارهێنانی ئەدەبیاتی سیاسییشدا هەر بەو ڕێچکەیەدا ڕۆیشتوە و هەر ئەو زمان و بەیانە ڕەوان و داڕشتنە بێگرێوگۆڵەی بەکار هێناوە کە باسمان کرد. ئەو سەنگ و قەوارەی زمانی نەکردۆتە قوربانیی سەبک و

نێوەرۆکی گرژی سیاسی. باسی زمانی دەربڕینی سیاسیی باشوور هەر ناکەم، بەڵام ئەگەر بیر لە شێوە دەربڕینی کۆمەڵ و حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەت لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە بکەینەوە، وەبیرمان دێتەوە کە زۆر جار مرۆڤ لە تێگەیشتنی ڕاگەیەندراو، هەڵوێست و بڵاوکراوە سیاسییەکاندا تێدەما و زمانێکی ئەوەندە قورس و نامۆیان تێدا بەکار دەهات، کە مرۆڤی ماندوو دەکرد و خوێندنەوە و تێگەیشتنی وەزەحمەت دەخست. بەڵام بە شاهیدی ئارشیو و بۆچوونی زۆر ئەدیبی ناسراو و خاوەننەزەری کورد، زمانی نووسین و بڵاوکردنەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کە بە تایبەت دە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا - کە بەردەوام بڵاو کراوەتەوە- ڕەنگی داوەتەوە، لانیکەم دە بەراوەرددا جێگای ڕەزامەندیی گشتیی بووە. ئەمن بەهیچ شێوەیەک ناڵێم کە ئەوە تەنیا بە هۆی بوون و کارکردنی مامۆستا لەو ئۆرگانەدا بووە، نا! مێژووی ڕاگەیاندنی حیزب، لە کۆنەوە تا ئێستا، ناوی زۆر ڕۆژنامەوان و نووسەری گەورە، هێژا و تێکۆشەری تۆمار کردوە کە بوونە هۆی دەوڵەمەندکردن و گەشەکردنی ئەو ئۆرگانە و حیزب قەرزداری ماندوویینەناسی و خەباتی ڕۆژنامەگەریی ئەوانە، تەنیا دەمەوێ ئەوەندە بڵێم کە ئەدەبیاتی حیزب بە گشتی شوێنەواری باشی مامۆستا حەسەنزادەی پێوە دیارە و مامۆستا لە دروستکردن و پێگەیاندنیدا دەوری بەرچاوی هەبووە و ماندوویی و شەونخوونیی زۆری چێشتوە.

مامۆستا لە هەڵبژاردنی ئەو شوێنەوارانەدا کە وەری گێڕاون، وردبوونەوە و سەرنجی تایبەتیی بەکار هێناوە. ئەو کتێبە دەستچنکراوانە، ئاسەواری بەرزی ئەدەبین و نێوەرۆکیان لەگەڵ سروشت، کەش و هەوا و بیر و ئاوات و ئەزموون و بەسەرهاتی کۆمەڵی کوردەواری نامۆ نیە. هەر بۆیە خوێنەری کورد تامەزرۆ دەکەن و بە دوای خۆیاندا دەکێشن. بۆ وێنە کوردستان و کورد، لێکۆڵینەوەی ئابووری، سیاسی، مێژوویی، جوغرافیایی لە سەر کوردستان، کە زانای نەمر دوکتور قاسملوو، نووسیویەتی، "گێلە پیاو" تەنزی کۆمەڵایەتیی گەورەنووسەری تورک، عەزیز نەسین، "هەتاو" ئاسەواری نووسەری هێژا عەلی ئەشرەفی دەرویشیان، "دانچەرموو" بەرهەمی نووسەری بەناوبانگی جیهانی جەک لەندەن و زۆر بەرهەمی دیکە کە من پێموایە وەرگێڕاوەکەیان وەپێش دەقی لێوەرگێڕدراویش کەوتوەتەوە. ئەو جار کە دەگەمە سێ بەرگی ڕۆمانی "حەمەدۆک"، شاکاری گەورە نووسەری کوردی تورکینووس، یاشار کەماڵ، بەخۆم نیە دەڵێم کە ئیدی وەرگێڕ حەشری کردوە. ڕەسەنیی زمانەکە بە جێی خۆی، حەمەد کوردە، چیاییە، کورەجووتیارە، چەوساوەیە، هەژارە، پێشمەرگەیە، پشت و پەنای خەڵکی چەوساوەیە. کەسایەتیی حەمەدۆک و هاوڕێیانی، زوڵموزۆری دەوڵەت و دەرەبەگان، دیمەنی چیاکان، دەرکردن و ئاوارەکردنی خەڵک و بە کورتی نێوەرۆکی داستانەکە هەر ئەوەیە کە لە هەموو پارچەکانی کوردستان، ڕووی داوە و بوتە مێژوو. ئەڵبەت وەرگێرانەکان زۆرن و وەک نموونە ئیشارەم بەو چەند دانەیان کرد.

نـاوی چیرۆکێکــی زۆر جوانیشـم لە بیـرە کە مامۆسـتا بۆخـۆی نووسـیویەتی،"شـەرتی پیـاوان"، کە بەسـەرهاتی پێشمەرگەیەک، بنەماڵەکەی و ئەوینێکی ناکامە و داستانێکی سەرنجراکێشە.

مامۆستا لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش، دەستڕەنگین و خۆشناودا لە دایک بووە، لە نێو کۆمەڵانی خەڵک و لەگەڵ ڕەنج و خەمەکـانی وان گەورە بـووە و پێگەیشـتوە و وەک هەمـوو کـوڕە کـوردێکی چەوسـاوە، زوڵـم و نەبـوونی و نابەرامبەرییەکانی نێوکۆمەڵگەی هاوکـات لە گەڵ ستەمی نەتەوایەتـی لەلایەن دەسەڵاتی داگیرکەرەوە، بەچـاوی خۆی دیتوە و تـاقوولایی دەروون و بیری هەستی پێکردوە. هەربۆیەش قەت خۆی لەو خەڵکە جیا نەکردۆتەوە و لە پلەیەکـی سەرووتـرەوە نەی ڕوانیـوەتە دەوروبەری خـۆی، بەڵکـوو زانیـاری، کـارایی و هێـزی هەڵسـووڕانی خـۆی لە خەبات بۆ ڕزگاریی ئەو خەڵکە و نیشتمانەکەیدا بەکارهێناوە.

داب و نەریتە باشەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری لە لای مامۆستا پارێزراون. مرۆڤێکـی خۆشمەشرەف و موتەوازیع واتە( خـاکی) یە، هەر خۆشە هـاتوچۆی بکەی و لێـی میوان بـی. لەمـاڵە وی خەڵـک لە هەمـوو چین و توێژێـک دەبینی و بەپیرەوە چوون و پێشوازییش بۆ هەموانە.

بەشدارانی بەڕێز!

سروشتی یە زۆر لە هاوڕێیان لەم ڕێوڕەسمەدا ئاماژە بە کەسایەتی و بایەخی تێکۆشانی مامۆستا دەکەن و لێدوانی منیش وەک هاوڕێیەک، برایەکی بچووک و شاگردێک هەر لەو چوارچێوەیەدا دەتوانێ بگەڕێ. مامۆستا لەگەڵ ئەوەی کە ئەدیبێکی گەورە، وەرگێڕێکی ناودار و خاوەنئەزمونێکی ناسراوی مەیـدانی زمـان، ئەدەبیـات و شێعری کـوردییە، مرۆڤێکـی ناسـراوی سیاسییشـە. تەنـانەت زۆر جـار لایەنــی سیاسـیبوونی ئەوەنـدە ڕەسـەر لایەنـی ئەدەبـییەکەی دەکەوێ، کە یەکەمیان دووهەم دەخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە. مامۆستا لە زۆربەی هەرە زۆری دیدارەکاندا هەر وەک سیاسـەتوان، نەک وەرگێـڕ و نووسـەر دەردەکەوێ و کەم وا هەیە نێـوەرۆکی دیـدارەکانی لە باسـی ئەدەب و زمـاندا کــورت بکــرێتەوە، بەڵام ســەرەڕای ئەو شــکڵ و چوارچێــوەیە ئەوە تەجــرەبەی زمــان و ئەدەب و ئەزمــوونی خاوەنـدارییەتیی شـێوەئاخاوتن و نووسـینێکی ڕەسـەن و پـاراو و ڕێـکوپێکە کە زۆر زوو لە دەربـڕین و بەیـانی مەبەستیدا ڕەنـگ دەدەنەوە و بەرگـی نووسـەر، وەرگێـر و شـارەزایەکی ناسـراوی ئەدەب دەبەر ئەو دەکەنەوە. ئەو کاتەشە کە زۆر کەس و بۆ وێنە تەنـانەت شاگرد و هاوڕێ و دۆستە نێزیکەکانیشـی بـۆ سـاتێکیش بـێ ئەو بیرە بە

مێشکیانزدا دێ کە هەیاران! باشتر نەبوو مامۆستا هەر لە بواری نووسین و خزمەت بە زمانی کوردیدا کاری کردبا و تووشی بە تووشی دنیای پڕ تووشی، کێشە، ئاڵۆزی و زۆر جار سپڵە و بێ وەفای سیاسەت نەبووبا و هونەری مومکینی خۆی تەنیا لە بواری ئەدەبیاتدا تاقی کردبایەوە و هێز و توانای بەگوڕ و لەگەڕی خۆی لەو پێناوەدا تەرخان کردبایە؟ داخوا ئەو کات کورد قازانجی زۆرتری نەدەکرد و ژمارەی بەرهەمەکانی کە ئێستاش بە خۆشییەوە هەر زۆرن و وەک سامانێکی بە نرخ لە نێو کتێبخانەی کوردیدا خۆ دەنوێنن، زۆرتریش و بەربڵاوتریش نەدەبوون؟ وەڵامی ئەو پرسیارەش دیارە نە دەدەرێتەوە، نە کەس دەی زانێ و نە ئیدی هیچ شتێکیش

دەگۆڕێ. مامۆستا ئەو کەسایەتییەیە کە بەو تایبەتمەندییانەوە هەیە و داستانی ژیانی تا ئێستاشی، کە بە دڵ هیوادارم سەردەمێکی دوورودرێژ درێژەی هەبێ، مێژوویەکە تۆمار کراوە و هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە.

بەڵێ، مامۆستا حەسەنزادە سەرانسەری تەمەنی تێکەڵاوی خەبات و ئاوێتەی کاری سیاسی، دیپلۆماسی و خەباتی حیزبایەتی و کوردایەتییە. مامۆستا کەسێکە کە بەسەرهاتی زیاتر لە پەنجا ساڵی تەمەنی نەک هەر تێکەڵاوی مێژووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە، بەڵکوو یەکێک لە ڕێبەرە پلەسەرووەکانی ئەو حیزبەیە و لە زۆربەی قۆناغ و دۆخەکانزدا نەزەر و بیر و ئیرادەی لە دیاریکردنی خەت، ڕێباز و چارەنووسی حیزبدا دەوری دیاریکەر و بێئەملاوئەولایان هەبووە. بە کوردی و بە کورتی یەکێک لەو ڕێبەرانە بووە، کە جڵەوی سیاسی و بەڕێوەبردنی ئەو حیزبەیان بەدەستەوە بووە. دیارە ئاکامی کاری سیاسی، ئەویش بارتەقای تەمەنێک، سروشتی تایبەتیی خۆی هەیە و زۆر جار، لە زۆر ڕوانگە و لە پەنجەرەی هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی هێندێک ڕووداو، قۆناخ، بارودۆخی سیاسی، هەورازونشێو و کەوتن و هەستانەوەدا ناکرێ هەمیشە و بەشێوەی بێئەملاوئەولا (موتڵەق) باش و موسبەت بن. لێرەشدا مەودای شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی یەکبەیەکی ئەو قۆناخانە و ئاماژەپێکردن و جیاکردنەوەی ئەو هەڵوێستە سیاسییانە کە بوونە هۆی بووژانەوە و سەرکەوتن، یان ئەو هەڵە سیاسییانە کە ئاکامی خراپیان لێکەوتۆتەوە و لاوازی، غەدر، یان زیانیان بە دوادا هاتوە، نیە. کەوا بوو لەو بوارەدا تەنیا ئەوەندە دەتوانین بڵێین، کە مامۆستا وەک کەسێکی هاوبەش لە ڕێبەرایەتی و بڕیاردانزدا، بەرپرسایەتی و بەشی لە ئاکامەسیاسییە باش و خراپەکان، یان ڕاست و هەڵەکانی مێژووی ئەو حیزبەدا هەیە و دیارە هیچ مرۆڤێکی سیاسییش لە هیچ نەتەوەیەک تا ئێستا هەڵنەکەوتوە کە بەدوور لە هەموو چەشنە هەڵە، یان کەموکوڕییەک بووبێ.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش هیوادارم کە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەی بەڕێز و خۆشەویستمان، بە ساغی و سڵامەتی تەمەنێکی دوورودرێژ بەسەر بەرێ، بیر و ئەزموونی سیاسیی هەمیشە یارمەتیدەری بەرەوپێشچوونی سیاسەت و دیپلۆماسیی حیزبەکەمان بێ و بە خولقاندنی زۆر بەرهەم و شوێنەواری تازەی دیکە سوودی زیاتر بە نەتەوەکەمان بگەیەنێ.

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *



# پەخشانێک لەلایەن لاوی ڕووناکبیر کاک یاسین حاجی زادەوە



چیت بۆ بێژم؟! هاوڕێ، ئەی پێشمەرگەی نێو سەنگەر، ئەی سەرکردەی بە تەدبیر، بە قەولی شاعیر، چیت بۆ بێژم؟! کە فەرهاد بای دەستی تکام داوێنی نیزامیی دەگرت، تا لە پەسنت دا شاکاری نوێ بخوڵقێنێ. کەنگێ فەرهاد توانیوێتی بۆ ئازادی واز لە عیشقی شیرین بێنێ؟

شاعیر گوتەنی: چیت بۆ بێژم؟! خۆ تۆ عەبدولعەزیزەکەی داسنی یان نی، تا بەیت بێژێکی بێناو بە داستانت ئاسمانیش بێنیتە گریان. ئاخر کەنگێ عەبدولعەزیز جگەرگۆشەکەی بێناز کرد و بۆ ئازادی کەوتە مەیدان؟

ئەی سەرکردەی "صبور"، بە قەولی "بێبەش"، شاعیری خۆش زەوقی پێشمەرگەمان، کام باڵۆرە توانای هەیە داستانەکەی هەڵوەرینی گەڵای جوانیت بەیان بکا؟

هاوڕێی پێشمەرگەمان، تۆ کە هەموو تەمەنی خۆت لە پێناو خزمەت بە نەتەوەکەت دا بەخت کرد، شاعیر وتەنی: کام دێرە شێعری ئاگرین لە دەستی دێ تینی دڵی کەیلی حەزی جوانەمەرگت وەدەر بخا؟

کام هێز و توانای هەست هەیە ماسیی پەسنت لە تاڤگەوە بۆ رووباری خۆشەویستیی پڕ بە باڵات وەسەر بخا؟ ئەی خەمخۆری گەل و نیشتمانم، بە قەولی شاعیر، تۆ هەر تۆی و وەک تۆ کێیە؟ من نازانم، لە هەڵمەتدا ئەوەی ترسە نەتناسیوە، لە ئاشتی دا تۆ پێغەمبەری، لە هیممەت و سەربەرزی دا لەگەڵ کێوان کێ بەرکێتە. هەر لەو کاتەش دا لە نێو دڵی بچکۆلانەی منداڵێکی کوردستانیش دا جێ دەگری.

# وتاری خوشکە خەدیجە مەعزوور



میوانە خۆشەویستەکان، هاوسەنگەرە دێرینەکان، هاوڕێیانی ئامادەبوو لە ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە خەبات و تیکۆشانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە.

بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و بەڕێز مامۆستا ژن

ئەم کاتەتان باش، بە خێر بێن، ماندوو نەبنەوە، دیارە سەرەتا پێم خۆشە پڕ بە دڵ سوپاسی ئەو هاوڕێیانە بکەم کە ئەم کۆڕەیان پێک هێناوە، هیوادارم ئەو هاوڕێیانە بەردەوام بن لەو بیدعەتە جوانە و تێکۆشەرانی دێرینی دیکەش بە سەر بکەنەوە.

هاوڕێیان، دیارە بۆ من زۆر سەختە و بە ڕاستی جەسارەتی دەوێ لە سەر مرۆڤێک قسە بکەم کە سەروەر و مامۆستا و ڕێنیشاندەری کوردایەتی و حیزبایەتیی زۆربەی ئێمە بووە و هەموو تەمەنیشی لە پێناو بەختەوەری و سەربەستیی گەلەکەیدا لە تاراوگە و ئاوارەییدا تەرخان کردوە بێ ئەوەی سکاڵایەک لە ژیانی پڕ لە ئازار و پڕ لە هەوراز و نشێوی بکا، بە ڕاستی من نازانم چ وشەیەک، چ ڕستەیەک بە کار بەرم بۆ ئەوەی خۆم ڕازی کردبێ لە وەسف کردنی حەقیقیی مامۆستا....

لە سەر ئیزنی ئێوە ئامادەبووان، تەنیا باسی ئەو کات و زەمانانە دەکەم کە لە شاخ و دۆڵەکانی کوردستان لە دەنگی کوردستان لە خزمەتیدا بووم، دیارە با ئەوەش بڵێم من بۆ یەکەم جار لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتدا چاوم بە بە ڕێز مامۆستا عبدالله حسنزاده کەوت، من پرسیارم کرد ئەو پیاوە پەستەکلەبەرە، ئەو پیاوە باڵابەرزە کێیە، هەر لە هاتوچۆدایە و هەر لە جموجۆڵدایە؟ وەڵامیان داوە: ئەو کەسە بابی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکراتە. بە راستی وابوو جێ‌پەنجەی مامۆست عبدالله حسنزاده لە نووسینەوە و تەنزیمی بەرنامە و ئەساسنامەدا تا ساڵانێکی زۆر لە زۆربەی هەرە زۆری کۆنگرەکانزدا دیار بوو، من لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٣٥٩، واتە ٣٣ ساڵ لەوە پێش لە نزیکەوە شانازیی ئاشنا بوون لە گەڵ ئەو کەسایەتییە بەرزەم پەیدا کرد، ئەو سیمای پێشمەرگەیەکی دێموکرات، بە نەزم و دیسیپلین و هەمیشە ئامادەی مەیدان، سیاسەتمەدارێکی بە توانا، وردبین و تیژ بین، یاری نزیکی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی لە کوردایەتی و سیاسەتدا واتە تەواوکەری سێ کوچکە یان موسەللەسی بە هێزی حیزبی دێموکرات بوو. ئەڵقەی پێوەندیی نێوان من و ئەو سیما دیارە ، ئەوەڵ حیزب پاشان دەنگی کوردستان بوو، من ئەو کات لە دەنگی کوردستان وێژەر بووم، رادیۆش بۆ من سەکۆیەک بوو بۆ ئاشنا بوون لە گەڵ کەسایەتییەکانی حیزبی دێموکرات بە تایبەت بەرێز مامۆستا و هزر و بۆچوونە سیاسییەکانی مامۆستا لە سەر مەسەلە جۆراجۆرەکان کە دەهاتە پێش، ئەو ماوە دوور و درێژە کە لە رادیۆ دەنگی کوردستان لە خزمەتیدا بووم، بە سەدان وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی بەپێز و پڕنێوەرۆک و رەوانی لە هەلومەرجی جۆراجۆری خەبات لە دەنگی کوردستان هەر بە دەنگی خۆم و وێژەرەکانی دیکە بڵاو بوونەتەوە، دیارە ئەگەر ئەو وتارانە کۆ کرابانەوە کتێبێکی قەتووری لێ دەردەهات، هەر وەک گوتم، نووسینەکانی بەرێز مامۆستا سادە و خەڵک فەهم و بە ئەدەبیات و رستەی پاراو و کوردیی پەتی و مانادار، وتارەکانی دەنەخشاند و خەڵکی ئومێدەوار بە خەبات دەکرد و دوژمنی دەتاساند، بە خوێندنەوەی چێژم لێ وەردەگرت، گوێگریش سەد بەرابەر .

دەتوانم بڵێم باوکردنی کوردی‌نووسین و بڵاو کردنەوەی ئەدەبیاتی پاراوی کوردی بەشێکی زۆری گەلی کوردی لە کوردستانی رۆژهەڵات قەرزداری خۆی کرد. پێم خۆشە هەر لێرەدا ئیشارە بە سیفەتێکی بەرجەستەی دیکەی مامۆستا بکەم، سەرەڕای هەموو ئەو سیفاتە بەرجەستانە قسە لە حافیزەی بێوێنە و سپاردنی زانیاری بە مێشک و قوەی فێربوونی خێرا وەک ئامرازێکی ئیلێکترۆنیکی عبدالله حسنزاده ناکرێ، دەتوانم بڵێم حافزەی مامۆستا بە راستی قامووسێکە ئارشیوێکە لە هەموو زانستەکان، بێ دوودڵی‌کردن دەتوانین ئیستفادەی لێ بکەین، بە تایبەت ئەو بریارە گرینگانەی کە لە ماوەی ١٠ ساڵ سکرتێریی حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر مەسەلە جۆراوجۆرە سیاسی و

نێوخۆیی‌یەکان داویەتی، مامۆستا قەت لە سەر مەسەلەیەک کە ئیتمینانی نەبا کە دروستە و پێویست نیە نەزەری موسبەت بدا ، بە هەر حاڵ بەڕێز مامۆستا، مامۆستای خۆشەویست زۆر سیفاتی بەرزی هەیە، دیار لە لایەن ئەو هاوڕێیانەی کە هاتنە پشت ئهم میکرۆفۆنە پێشکەش بە ئێوە کرا.

یاخوا مامۆستا هەر تەمەن درێژ بی و لە بەڵا دوور بی، سڵامەت بی بۆ گەلەکەت و خودا دەستت دە عمری بگرێ.
سوپاس بۆ ئێوەی خۆشەویستیش.

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *



# پەیامی کاک سامان خانەقینی



خۆشەوستەیل!

خویشک و برایە بەرێزەیل! ئەزیزەیل، دوستەیل!

فەرە خۆشحاڵم پەیام خانەقین و فەیلیەکان و مەنەلی و کرماشان و لۆڕستان و ئیلام برەسنمە مامۆستای فرە ئەزیز خۆشەویستمان، چونکە ئەی مامۆستا تەنیا مڵک مەهابادو سنەو مەریوان نیە. مامۆستای عەبدوڵڵا حەسەنزادە وەڕاستی من یەکێک لەوانەمە کە خۆم کەڵک، ئیستیفادە لە فکرو بیرو هۆش و عەقڵی کردمە. من خۆم وە یەکێک لەو خوێنەوارەیلە ئەزانم کە خۆم لە ئەو قوتابخانەیە مامۆستا پەروەردە کردم. وەلی قسەکان من لەوانەیە وە رەخنە وەری نەگرن بەس وەک پێشنیار. من هەمیشە قسەیێ کەم جیاواز بود گەل ئەو قسەیەیلە کە کریا.

توام لێرە دوو سێ پیام بویشم، یەکێگیان وەرجە گشت پەیامەکان ئەرا مامۆستای ئەزیز کە خۆی پڕە لە هونەر، لە ئەدەب، لە شێعر، لە خۆشەویستی لە سیاسەت، لە کۆمەڵایەتی، لە گشت چشتی خۆشەویستی، لە دڵداری، ئیحتیاج نەکردیمە گشتمان باین لێرە هەر وسف بکەیمن. من هوادار بویم ئەوانەی کە هاتنە ئەیرە لە جیاتی ئەوەی وەسف بکردیان، چونکە مامۆستا پڕە لە وەسف، باسەیلی تر بکردیان، باس خۆشەویستی لای ئی پیاوە بکردیان، باس سیاسەت لای ئی پیاوە بکردیان نە وەکوو وە شانو باڵیا. من هیوادار بوویم ئەو برادەرەیل هاتنە ئەیرە، ئەو خوێشکەیلە قسەکانیان قسەی مەنتیقی زیاتر بواتە. هەرچەندە ئەوە لە کۆڕێک کریا، لە سیمینار کریا کە باس لە تحلیلو شیکاریو جوانکاری لە کارەکانی مامۆستا بکریا. راستە ئەی کۆڕە کۆڕڕێزلێنانە، حەق

خۆیە باسی بکریە، حەق خۆیە کاک هاشم رۆستەمی باسی بکەت کە دەهها ساڵە وەلیا زندەگی کردیە لە شاخو لە دەیشتو لە ناو، وەلی حەق من نیە، چونکە من ئەی مامۆستا نەیمەسەی، نەیناسمێی، راستە لە دوورەوە ژنەفتمە، وەلی کوردەگە وتەنی دەنگ دەهۆڵ لە دیوورەو خۆیشە. بەڵام ئەی مامۆستا دهۆڵ نزیگی ئەڕاهی من. ئەی مامۆستا دزەلەو زورڕاو کەڕناو کەمانچەو عوودی نزیکی ئەرا گوویش و بیرو هووشمە. وەهەق بویاتە مامۆستا خوێشی وەرجە ئەوەی کە بان خەلگەکە قسە بکردیان پەیامەگەی ئەوە بویاتە کە بوتیا ئیوە کەستان وەسف من نەکەن. چونگە مامۆستا لەو سەکردە تەقلیدییلە نیە کە وەسفی بکەی. مامۆستا ئەوە نیە کە وەشان و باڵیا بویشیت.

من وەڕاستی قسەیک ها لەدڵم کە وەل کاک هاشم روستەمی، وەل کاک کەریم ئەڵڵاوەیسی، وەل برادەرانا باسی کردمە هەمیشە،

ئەویش ئەوەسە من رەسیمەسە وەخزمەت مامۆستا یەک جار. وەلی قسەیلی کریایە کە لە فرەی رۆژنامەگان، فرەی سایتە فەیسبووکیانە بڵاو کریاوە کە گوایە مامۆستای ئەزیز وەتییە تەنیا زاراو سۆرانی بووتە زوان کوردی. هیوادارم مامۆستا دواجار خۆی جوابم بەتەوە، خۆی وەڵامم بێتەوە. من ئەی داخا ها لە دەڵم، ئەی پەیامە ها پێم بایەد بڕەسنمێی. گۆایە مامۆستا وەتییە گشت زاراوەگان بایەد سانسوڕ بکریەن تەنیا زاراو سۆرانی بودە زوان کوردی. سەد دەر سەد ئێ قسەی مامۆستا نیە، وەلی دوست دێیرم خۆی بویشی لەیرە وەبەر چاو خەلکەکە. چونکە لە فەیسبووک لە سایتەکان فرە لەی بارەوە نووسیا. من هەر ئەیە بویشم، بویشم مامۆستای ئەزیز! من لە جیاتی جەنابت وڵام بیەمەو هیچ وەخت یەک زاراو نەیوتە زوانێک. ئەگەر لەوابێ واتا زاراو کرمانجی، ببوورن زاراو ماچوو کە لە هەورامانە، هەورامان نواوچەگەس، زاراوەگە ئیوشنە پێی"ماچوو". ماچوو زوانی، بزانن ماچوو زوانی زوانی کوردی بیوە. تەنیا ئەو زاراوە زوان کوردی بیوە نە سۆرانی بیوە نە کرمانجی نە کەڵهوڕی نە کرمانجیی خواروو نە لوڕی، هویچ زاراوتر نەیوە تەنیا زاراو ماچوو زمان کوردی بیوە وەلی ئیدامە نەیاشت لەبەر ئەوەی یەک زاراو نیەتوانی بودە زوانێک. ئێمە گشتمان وەیەکەو جوانیمن، گشتمان وەیەکەو ئەزیزیمن. من دوست دەیرم زاراو سۆرانی بوودە ئەساسێک، بودە یەی دەستپێکەرێک کە ئێیمە گشتمان بنیشین وەیەکەو زوانی کوردی یەگگرتوو تۆکمە دروست بکەیمن تا گشتمان لە یەکتر حالی بیمن. ئەلان من لە کۆڕەگەی مامۆستا شیرکۆ بێکەس کە خۆم وەل دوستەیل راکردیمەی باس لەوە کردم مامۆستا شێرکۆ بێکەس ئەرک سەر شان ئیمە قورسەو کرد، ئەڕا نموونە من شێعرەکانی بایەستە بکەمە زاراو خۆمان تا لوڕستان حالی بودە لێی تا خانەقین لەلێی حالی بوون تا کرماشان، چونکە ئەو عیلمو مەعریفەتو ئەو خۆشەویستی‌یە کە مامۆستا بێکەس هەلی گردیە حەیفە بەس سۆرانی زوان

لەلێی حالی بوون. کە وایە ئێیمە گشتمان گوی چەپکە گۆلیمن دەستە گولەکەیم وەیەکەوە جوانیمن و داواکارم لە مامۆستای ئەزیز لە حزووریا بتوانیت ئەو کارە بکەیت وەک یەک ئینسان گەورەی وەک یەک سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرو ئەدیبێک زوانزانیک کە بتوانیمن سودوسوزوانی توکمەی کوردی دروست بکەیمن، ئەوەیش با خاس بزانی کە من خۆمیش مامۆستام، مامۆستای ئەدەبو زوانی ئینگلیزیم، ٣٠ ساڵ وەر جەیسا مامۆستا بویمە لە ڕێزوان وئەدەبیات و قەواعید یەیزانم هویچ وەختەیک زوانی یەک زاراو نەویتەزوانێک. مامۆستای ئەزیز ئەگەر دەستپێشخەری بود هەم جواو ئەو قسەیل ئەو خەلکە بێتەوە کە وتم لەوا وتیەو هەمیش ئەرا وەی کە زوانی جوانی یەگگرتووی کوردی دروست بکەیمن کە شایانی ئەوە بود گشتمان شانازی بکەیمن، بویشیم کوردیش هەس، هویچ وەختی لە هویچ میللەتی کەمتر نیمن و لە کەسیش زیاتر نیمن. فرە سوپاس.

**************************************



# پەیامی جەنابی سارمخانی سادق وەزیری



ڕێزلێنانی گەورەپیاوانی جیهانی مرۆڤایەتی، زانایان، داهێنەران، نووسەران و شاعیران زۆر لەمێژە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دا وەک نەریتێکی پەسندو شێوەکارێکی جێی ڕەزامەندی بۆتە باو...

لە ئێران لەو چەند دەساڵەی دوایی دا بەهۆی بوونی زەبروزەنگ و سانسۆر، پێکهێنانی کۆڕی ڕێزلێنان بۆتە جۆرێک دژکردەوەی ڕووناکبیران بەرامبەر بە زەبروزەنگ و سانسۆری سیستمی دەسەڵاتدار، تا لەو ڕێگایەوە هێندێ گۆشەی بەرهەمی فکریی توێژەران بەشێوەی وتاری نووسراوو وتارخوێندنەوە لەمەودایەکی نەهێندە بەربڵاویش دا ببرێتە نێو خەڵک.

لە کوردستان مەودای ئەو جۆرە چالاکی یانە بەرتەسکترەو ئەوەندەی ئەمن لەبیرم بێ زۆربەی کۆڕەکانی ڕێزلێنان بۆ ڕێزگرتن لە ڕێبەرانی حیزبەکان و کادرە پلە یەکەکانی ئەوانە...

وەک لە مێژینەترین چالاکی سیاسیی کوردستان، شایەتی دەدەم هیچ کام لە حیزبە کوردی یەکان لەماوەی حەفتاوسێ ساڵی دوایی دا، قەت ڕەخنەیان لەخۆیان نەگرتوە و ڕاست و ناڕاست بوونی بڕیارەکانی ڕێبەریی ئەو حیزبانە بە نادڕوونی ماوەتەوە.

لە هەلومەرجێکی وادا لەبارەی ڕێزلێنانی مامۆستا حەسەنزادەوە چارەیەکم نیە جگە لەوەی پشت بە بیرەوەریی خۆم ببەستم: ئەمن یەکەمجار لە سەفەرێکدا کە بۆ پێکهێنانی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد چوومە مەهاباد، مامۆستا حەسەنزادەم ناسی. ئەوەشی لێزیاد بکەم کە ئێوارەیەکیان گوتم پێمخۆشە بەپێیان گەشتێک بە دەوری شاری مەهاباد دا لێبدەم. وابوو ئەویان پێ ناساندم کە لەگەڵم بێت و ئاشنایەتی یەکەممان ئاوا دەستی پێکرد. لەبیرمە لە دەری شار لەسەر تەپۆڵکەیەک خانوویەکی قوڕوبەرد دیار بوو، زۆر خۆماڵی یانە گوتی ئەوە ماڵی ئێمەیە.

دواتر لە چەندین کۆبوونەوە دا کە بۆ پێکهێنانی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، یان بۆ وەڵامدانەوە بە گەڵاڵەی "خودگەردانی"ی پێشنیارکراوی داریووشی فرووهەر گیران، ئەو وەک یەکێک لە نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدار بوو. لە هەموو ئەو کۆبوونەوانەدا بەو پەڕی سەنگینی یەوە ڕەفتاری دەکردو جارجاریش هەر بەو سەنگینی یە بیروبۆچوونی خۆی لەسەر مەسەلەکان دەردەبڕی. دوای ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەڵاڵەی بیست و شەش ماددەیی کوردستانی لە شەش ماددە دا کورت کردەوەو شاندێکی بۆ وتووێژ دەگەڵ ڕێژیم ناردە تاران، ئەویش ئەندامی ئەو شاندە بوو،و شەوێکیان دەگەڵ یەک دوو کەسی دیکە هاتنە ماڵی ئێمە و باسی وتووێژەکانیان بۆ کردم. ئەو حەتمەن لە بیریەتی بۆچوونی من لەوبارەیەوە چۆن بوو.

دوای ئەوەی یەکەمین هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان بە تەواوی تێک شکاو بە دەستووری خومەینی ئاگربەس درا، لەبەر ئەوەی دەمزانی ئەو ئاگربەس و پاشەکشەیە سەرەتای هێرشێکی تازەیە جارێکی دیکە هاتمەوە مەهاباد و چەندین کۆبوونەوە بە بەشداریی هەموو حیزبەکانی ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد پێک هاتن. لەو کۆبوونەوانەدا ئەمن بەدرێژی بەرنامەکانی ڕێژیم بۆ هێرشی سەر کوردستان و ئامادەیی ڕێژیم لە جەبهەکانم بۆ ئامادەبووان شی کردەوە. دەبێ وەبیر بێنمەوە کە ئەو، لەو کۆبوونەوانە دا زۆر بەوردی گوێی ڕادەگرت...

پاش ئەوەی ئەو وەک نوێنەری حیزب هاتە پاریس، بە سەفەرێکی دوو ڕۆژە چوومە پاریس و لەو وتووێژانە دا کە دەگەڵیم هەبوون لێکدانەوەیەکی هەمەلایەنەم لە هەلومەرجی سیاسی و ڕێگاکانی بەرگری [ی بزووتنەوەی کورد] بۆ ئەو باس کرد.

بەرهەمی هەموو ئەو دیدارانە و تێگەیشتنی من لە لێکدانەوەی وی بۆ مەسەلە سیاسی یەکان ئەوەیە کە لێرەدا بە کورتی باسی دەکەم:

١- مامۆستا حەسەنزادە خەسڵەتی فێربوونی تێدایە. زۆرشت لە تێپەڕینی ڕۆژگار فێر بووەو بەخۆشی یەوە هەروا فێریش دەبێ.

٢- مامۆستا حەسەنزادە زۆر بەوردی و بە هەڵسەنگاندنەوە قسە دەکا. ئەو بە حەوسەلەوە و بەوردی گوێ بۆ قسەی بەرامبەرەکەی ڕادەگرێ و بەتایبەتی بیر لە خاڵە وردەکانی دەکاتەوە. گوێ ڕاگرتن بەمانای تەواوی وشە یەکێک لە سروشتە تایبەتی‌یەکانی کادرێکی لێوەشاوەی سیاسی یە و ئەوخاوەنی بەهرەیەکی لەو چەشنەیە.

٣- مامۆستا حەسەنزادە لە خۆپەرستی و خۆبەزل زانی کە سەرەتای شکان و تێدا چوونی پیاوانی سیاسی‌یە بێزارە و بەمانای وردی وشە موتەوازیعە.

٤- ئەو هیچ وەخت دەرهەڵنابێ و ئارامی لەدەست ناداو بەمانای ڕاستەقینەی وشە پیاوی باس و وتووێژە، نەک شەڕەدەندووکەو کەڵەوەکێشی. ئەم خەسڵەتەش بۆ کادری سیاسی زۆر گرنگە.

٥- مامۆستا حەسەنزادە هەم بەزمانی فارسی و هەم بە زمانی کوردی نووسەرێکی بەتوانایە. چونکە ئەمن پتر سەروکارم لەگەڵ ئەدەبیاتی فارسی یە دەتوانم بڵێم کە نووسینەکانی جوان و ڕەوان و دوور لە لێڵی و ناڕوونین. بۆیە هەم نووسینی و هەم قسەکردنی زۆر شیرین و دڵگرن.

٦- لەو ساڵانەی دوایی‌دا... پێوەندیی ئێمە بەرینترو ڕێک وپێکتر بووە، هەرکاتێک لە هەڵوێستە سیاسی‌یەکانی دەربارەی ئەم یان ئەو بابەتە ئاگادار بووم، بەو ئاکامە گەیشتووم کە ئەو ڕێبەرێکی بەتەواو مانا ئاقڵەو ئەمەش بۆ ڕێبەرێکی سیاسی بەرچاوترین بەهرەیە. ئاواتەخوازم تەمەنی درێژو دوور لە وەزەندیی نەخۆشی و لەبیرچوونەوە بێ و هەروا پاڵپشتێکی قایم بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بێ.

سارموددینی سادق وەزیری

ئۆکتۆبری ٢٠١٣

# پەیامی مامۆستا فەوزی ڕەمزی مەلا مارف



بەڕێزان !

دەستخۆشیتان لێدەکەم بۆ ئەم کارە پیرۆزە.  بەلزاک لە یەکێک لە نووسینەکانیدا دەڵێت هیچ بەهرەیەکی گەورە نادۆزییەوە کە ئیرادەیەکی گەورەی لەگەڵ دا نەبێت......

کاتێک مرۆڤێکی کەڵەمێر و مەزن لە نێو خەڵک دا دەردەکەوێت، ئەوە بێشک لە ناو خودی خۆشیدا هەر مەزنە و خاوەنی مەسەلەیەکی مەزنە..... هەروەها هیچ مرۆڤێک ناتوانێت بەرەو ترۆپک یەک هەنگاو بنێ گەر خاوەنی مەسەلەیەک و بیرو هۆشێکی مەزن و باڵا نەبێت.....

بەڵێ لە جەنگەڵستانی خەبات و تێکۆشان دا سەرباز گەلێک زۆرن بەڵام بێشک جەنگاوەر کەمینەن.... چونکە هەر ئەو جەنگاوەرانەن کە وەک مۆم خۆیان دەسووتێنن تا ڕێگای ژیان بۆ نەوەکانی دوای خۆیان ڕووناکتر بکەنەوە و بەرخۆدان لە ناخیان دا گەشەدارتر بکەن و چاوەڕێی هیچ پاداشتێکێش لە کەس ناکەن تەنیا و تەنیا لە یەزدانی مەزن و ئاسوودەگیی ویژدانی خۆیان نەبێت.

من مامۆستا حەسەنزادەم نە دەناسی و نە بینیبوو، بەڵام لە نووسین و وەرگێڕانەکانیەوە ئاشنای بووم و بوومە یەکێک لە شاگردانی و هانی خۆمم دەدا کە لە بەڕێزیەوە فێری شێوازی ئەو نووسینانە ببم.

کاتێک لە ماڵی برای گەورە و بەڕێزم مامۆستا مەلا عەزیزی ئەحمەدی لە "بێرن"ی وڵاتی سویس، سۆمای چاوەکانم بە خزمەتیان ڕۆشن بوو تێگەیشتم کە سەنگی ئەو بەڕێزە لەخۆبوردووە، لە چ ئاست و ترۆپکێک دایە.

دەبێت لە مێژووی خەباتی حیزبایەتی لە کوردستاندا ئەو هەنگاو و هەڵوێستە ڕێچکەشکێنەی کە مامۆستا حەسەنزادە نواندی دەربارەی وازهێنان و ڕێگەدان بە خوێنی تازە و کەسانی ماندوونەناسی تر لە بەڕێوەبەرییەتیی سەرکردایەتیی حیزب دا بە جەوهەری زێڕینی خەبات بنووسرێتەوە و بە پێشەنگێک دابنرێت کە لە خۆیدا لێبوردەیی و بڵندیی ئەم کەڵەمێرە دەردەخات...

بەڕێزان! هەرچی بڵێم بە شایستەی ئەو جەنگاوەرەی نازانم و وا دەزانم لە ترۆپکی خەباتی کەم دەکەمەوە، بۆیە داوای لێبووردن دەکەم و لە یەزدانی مەزن خوازیارم کە تەمەندرێژ بێت و خامەی ڕەنگینی هەر بەبرشت بێت.

موخلیسی ڕێباز و ڕێچکەی پێشەوای نەمر

فەوزی ڕەمزی مەلا مارف - سویس ئۆکتۆبری ٢٠١٣

*******************************************




# پەیامی کاک مەلا عەزیز ئەحمەدی




بەڕێز کومیتەی ئامادەکاری ئەو مەڕاسیمە پیرۆزە! تائێستا لەسەردەمی ئێمەدا - بە هەر هۆیەک بووبێ - بۆنەی ئاوا بەجێ بۆ ڕێزگرتن و قەدردانی لە ڕابردووی پڕشانازیی کەسایەتی‌یەکانی حیزبو گەلەکەمان لەسەردەمی ژیانی خۆیان‌داو بەئامادەبوونی خۆیان پێکنەهاتوە. ئەوە یەکەم‌جارە کە کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی ئێمە بیریان لەو ئەرکە پیرۆزە کردۆتەوەو مەڕاسیمی ڕێزگرتن و قەدردانی‌یان بۆ جەنابی مامۆستا حەسەنزادە پێکهێناوە.

بەڕێزان! لەتوانای من بەدەرە بتوانم باس لە کەسایەتیی زاناو تێکۆشەرێکی وەک جەنابی مامۆستا بکەم. تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە مامۆستا لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵ ئەندامەتی لە ڕابەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هەموو قۆناغەکانی بەرپرسایەتیی تا گەیشتن بە [پلەی] سکرتێریی حیزب بڕیوەو لە تەواوی قۆناغەکان دا سەربەرزو ڕووسوور هاتۆتە دەرێ. مامۆستا یەکێک لە زانایانی بەرجەستەی نێو خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو گەلی کوردە، قەڵەمی بەبڕشتی مامۆستا لە نەشریاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بەگشتی، دیارو بەرچاوەو جێگای شانازیی هەموومانە. ئەو کتێبانەی مامۆستا وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی، بوون بە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ فێربوونی خوێندنەوەو نووسین بە زمانی شیرینی کوردی. کتێبە وەرگێڕراوو دانراوەکانی مامۆستا کتێبخانەی کوردستانیان زەنگین کردوە. مامۆستا، مامۆستای بەهەقی زمانەکانی کوردیو فارسیو عەرەبی‌یە. هیوادارم تەمەنی مامۆستا درێژ بێ و هەروا پشتیوانێکی بەهێز بێ بۆ گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئێوەش هەر ساغ سڵامەت و سەرکەتوو بن.


# پەیامی کاک حوسێن شەبەق



**بەبۆنەی تەمەنێک خەبات و تێکۆشان**

**بۆ بەڕێز مامۆستا عبداللەحەسەنزادە! ئەو شتەی کە مرۆڤ لە گەورەیی نزیک دەکاتەوە، زانایی‌یە. ئەو شتەی کە مرۆڤ لە زانایی نزیک دەکاتەوە،ڕاستگۆیی‌یە. ئەو شتەش کە مرۆڤ بە ڕاستگۆیی دەگەیەنێ، خۆشەویستی و سۆزی مرۆڤایەتی‌یە. تۆ بەدرێژایی تەمەنی خۆت خەڵک و خاک و وڵاتی خۆت خۆشویست. وەک ئێمە هەمووماں، وەک ئینسانی کوردی ژێردەستە، بە هەموو هەستی دەروونیی خۆتەوە دژی ژێردەستی و خوازیار و دڵبەندی ئازادی بووی و هەی. تۆ بە کار و خەبات و تێکۆشانت، وەفاداریی خۆت بۆ حەز و ئارەزووە ڕەواکانی گەلی کورد سەلماند و بەمەش ڕاستگویی خۆت نیشانی هەمووان داوە. من حەمەدۆکم لە زمانی تۆوە ناسی و وام هەست کرد کە حەمەدۆک کوڕی تۆیەو خۆت گەورەت کردوە. کاتێک حەمەدۆکم دەخوێندەوە هەر ئەو کات وەک هێمن حەزم کرد نەک هەر هونەرمەندان، بەڵکوو خۆزگە زانا و خەباتکارانی ڕێگای ئازادییش دوو جار ژیابان. جارێک بۆ ئەوەی ئەزموونیان کۆ کردبایەوەو جارەکەی‌تر بۆ ئەوەی بەکاریان هێنابایەوە. لە دڵەوە خوازیاری ئەوەم کە ئاوێنەکانی ناو ماڵی کورد هەمیشە پارێزراو و سڵامەت و جوان و تازەو بێگەرد و گەشاوە بن، چونکە: ئاوێنەیەکی ناو ماڵ تاکوو نەشکاوە، ڕواڵەتی ئێمە ڕاست و ڕوون دەنوێنێ، ئەگەر بشکێ، دیمەنێکی هەپروون بەهەپروون بەدی دێنێ. تۆ یەکێک لە ئاوێنە بەنرخەکانی ناو ماڵی کوردی. ئاواتەخوازم کە هەمیشە تەندروست و سڵامەت و پارێزراو بی. ئەوکەسەی کەڕاستگۆ و لێبووردەیە، زانا و گەورەشەو هەروەها شایستەی هەموو ڕێز و نەوازشێکە. مامۆستای بەڕێز. هەر بمێنی بۆمان بەشادی و سڵامەتی .**

# پەیامی کاک هاشم کەریمی



**هاوڕێیانی خۆشەویستی کۆڕی ڕێزگرتن لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**

**بە سڵاوێکی گەرم. سوپاستان دەکەم بۆ بانگهێشتنم بۆ ئەو ڕێورەسمە. بە داخەوە لە بەر کاری پزیشکی نەمتوانی حازر بم. لەبەر ئەوە بەو کورتە پەیامە بەشداریی ڕێورەسمەکە دەکەم. لە پێشدا دەستخۆشیتان پێدەڵێم بۆ پێکهێنانی ئەو ڕێوڕەسمە. بەراستی مامۆستا شایانی ئەو ڕێزگرتنەیە و زۆر زیاتریش، چونکە جگە لە وەی مامۆستا ماوەی چلپەنجا ساڵە لە ریزی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا تێکۆشانی هەیە و لەو ریگەدا وەکوو هەموو تێکۆشەرێکی کورد رەنجی زۆری کیشاوە، وەرگێڕێکی کارامە و نووسەر و کوردیزانێکی بەتوانایە. من بەنۆبەی خۆیشم قەرزداری مامۆستام، لەبەر ئەوەی کاتێک لە نەورۆزی ١٣٥٢ی هەتاوی قاچاخ بووم و چوومە عێراق. خوێندنەوەی کوردیم باش بوو، بەڵام نووسینی کوردیم زۆر خراپ بوو. مامۆستا لە پێش هاوڕێیانی دیکەوە، منی بۆ نووسینی کوردی ڕێنوێنی کرد کە زۆری پێنەچوو نووسینەکەشم باش بوو، بە جۆرێک کە دووسێجار لە جێی مامۆستا کە دەچوو بۆ سەفەر، وتارم بۆ رۆژنامەی هاوکاری دەنووسی. جگە لەوەش ڕاهاتم کە جاروبار بۆ رۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری نێوخۆییش وتار بنووسم. بەهەرحاڵ جارێکیتر دەستخۆشیتان لێدەکەم. هیوادارم مامۆستا بە لەشساغی تەمەنێکی درێژی هەبێ و ئێوەی بەڕێزیش لە کارە چاکەکانتاندا بەردەوام بن.**

**براتان هاشم کەریمی**


# پەیامی مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو



برای گەورەم، مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە، سڵاو لە خۆت و هەموو ئەو جوامێرانەی بەو کۆڕە ڕێز لە جەنابت دەنێن. دەبوایە کارێکی وا زووتر بکرێ، بەڵام ڕووس گۆتەنی: "کارێک درەنگ بکرێ، باشترە لەوەی هەر نەکرێ". ئەوەی جەنابت لە ڕێی ژیاندنەوە و پاراستن و پۆشتەکردنی هەزاران وشە و دەربڕینی ڕەسەنی کوردیەوە کردووتە، هەر خۆت و بەدەستی خۆت، بە زیندوویی چاوان، پێ بزانیت یا نا، شایانترین پەیکەرت بۆ خۆت داتاشیوە. زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوە، کورد چەند بەدبەختە، کە بەهرەدارە گەورەکانی، بیانەوێ یا نەیانەوێ، سیاسیی زگماکین و ئەو بوارەیان نیە هەموو هێز و توانای خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئەو مەیدانەی، کە بە سوارچاکی بۆی هاتنە دنیا. جاریش هەیە دڵی خۆم دەدەمەوە، دەڵێم، ئۆخەی خۆ سیاسەتی زگماک، نەیتوانی هەموو بەهرە و هێز و توانای حەسەنزادە و قزڵجی و هەژار و هێمنەکانمان بۆ خۆی ببا! مامۆستا گیان! پێموایە، زمانی کوردی بە دژوارترین ڕۆژگاری خۆیدا تێدەپەڕێ. مەترسیی تێداچوونی کۆدەکانی زمانی کوردی لە گێژاوی گلۆبالیزمدا گەورەیە و هەترەشی بردووم، هەر بۆیەش، لەم پەیامیلکەیەدا باسی ئەو لایەنەی جەنابتم کرد و دڵنیاشم، کە بەشدارانی ئەوێ زێتر بایەخ بە لایەنەکانی دیکەی ژیانی جەنابت دەدەن. تەندروستیت کاکڵەگوێزی هەورامان بێ و تەمەنیشت تەمەنی داربەڕووی ساغ .

هاوڕێ و برات: عەبدوڵڵا پەشێو

# پەیامی دوکتور حەسەن شەتەوی



هاوڕێیانی بەڕێزی کۆمێتەی ئامادەکاری ئەم مەراسیمە! زۆرتان سپاس دەکەم کە منتان بانگهێشتن کردوە بۆ بەشداریی لەم مەراسیمەدا، هەروەک بە تەلەفوون عەرزی مامۆستام کرد بە داخەوە ناتوانم بەشدار بم، بەڵام ڕێگام بدەن دوو سێ مەسەلە کە پێوەندییان بە دۆستایەتیی من و مامۆستاوە هەیە بۆتان باس بکەم:

هاوڕێیانی بەڕێز، میوانانی خۆشەویست، مامۆستا گیان! سڵاوێکی گەرم، ئەمن لە ساڵی ۱۹۷۳وە یانی پتر لە چل ساڵە مامۆستای دەناسم، یەکەم جار کە چاوم پێکەوت ناوی فەقێ عەبدوڵڵا حەیاکی بوو، کوڕێکی ژیکەڵەو ڕەش و هەڵسووڕاو بە دوو چاوی زیندوو وەک ئەشەعەی لیزێر لە هاتوچۆدا بوو، بەڵام کە دەگەیشتە باسی سیاسی مامۆستا لە سەرخۆ و بە زمانێکی پاراوی کوردی، نەرم و هێدی مەسەلەکانی شی دەکردەوە، کە کەسانێکی وەک من کە باش شارەزایی زمانی کوردی نەبوون بە باشی لێی تێدەگەیشتن.

مامۆستا منداڵی زۆرن بەڵام ئەوانەی کە ئەمن دەیانناسم : گەلاوێژ ، محەممەد و ئاسۆیە، کە هەڵس و کەوتی دەگەڵ منداڵەکانی زۆر دۆستانە و گەرم و ڕێزگرتنی دوو لایەنەیە، نازانم مامۆستا بە دزی پێداگۆگی یان ڕەوانشناسیی خوێندوە کە توانیویەتی شەخسیەتێکی باشی ئینسانی و سیاسی بە منداڵەکانی بدا.

ئەمن زۆر سەفەری کوردستانی باشوور دەکەم و هەموو جارێش میوانی مامۆستا و مامۆستاژن دەبم، زۆریشم دۆست و

برادەر دەگەڵن کە بە تێگرایی میوانیان دەبین کە هەموو جارێک لام وایە چوومەتەوە گوندی "قاسملوو" یان "بەرۆژ" و لە ماڵی خۆمان دانیشتووم، با ئەوەش زیاد بکەم مامۆستا بۆخۆی زۆر پارێزی هەیە و، زۆر خواردن و خواردنەوە ناخوا، بەڵام بۆ میوانەکانی دەبێ لەسەر سفرە دابنرێن. بەراستی زۆر زەحمەت دەکێشن بە واتایەکی کوردی میوان میوان نیە بەڵکوو خانەخوێیە.

بۆ پێداچوونەوە و تەواو کردنی کتێبەکەم چارەنووس کە لەسەر بنەماڵەی خۆم قاسملوو نووسیومە، چوومە لای مامۆستا لە فەرانسە، سەعات ۸ی بەیانی مامۆستا حەمامی کردوە و نانی بەیانیی خواردوە کە هەر چەند دەبێ بڵێم چ نان خواردنێک نیە، جل و بەرگی پاک و خاوێنی لەبەر دەکرد و، بانگی منی دەکرد دەیگوت با دەست پێبکەین. لە سەعات ۹ی بەیانی هەتا ٦ی ئێوارێ ئێمە کارمان دەکرد، پاشان مامۆستا دەیگوت هەستە زۆر دانیشتووین با بچین پیاسەیەکیش بکەین، ئەمن لە باری زانستییەوە هێندێکم لێکۆڵینەوە هەبووە، لام وایە هێندێک مرۆڤ سیلوولی ماندووبوون و کەمخواردن و کەمخەویان لە مێشکدا نیە، کە مامۆستا یەکێک لەو مرۆڤانەیە. ئەو کابرایە ماندوویی ناناسێ، بەراستی خاوەنی حافیزەیەکی گەورەیە، مامۆستای ئەدەب و فەرهەنگی کوردییە، دەریای زانستە، بۆ وێنە ئەو کات کە ئەمن لە خزمەت مامۆستا هێمن و مامۆستا عەبدوڵڵا لە مەقەڕی حیزب بووم، شەوێ مامۆستا هێمن شێعری تازەی بۆ ئێمە دەخوێندەوە بۆ بەیانی لە بیری نەدەما مامۆستا بێئەوەی یادداشتی کرد بێ شێعرەکانی بۆ دەهێنا سەر کاغەز، تەنانەت پێداچوونەوەشی پێویست نەبوو.

مامۆستا مرۆڤێکی ڕقلەدڵ نیە زۆر جار لە دژی دەنووسن تەنانەت بێحورمەتییشی پێدەکەن، هەمووتان باش دەزانن و خوێندووتانەتەوە کە کەسانێک هەن ئەوەندەیان غیرەت نیە بەناوی خۆیان بەڵکوو بە ناوی مستعار چەند بێحورمەتی دەکەن ، بەڵام مامۆستا وەڵام ناداتەوە، تەنانەت ئەگەر وەڵامیش بداتەوە ئیشارەیەک بە ناوی نووسەر ناکا، باسی ناوەڕۆکی ئەم نووسراوە دەکا. بەڵام هیچکات بێحورمەتیی نەکردوە.

ڕێگام بدەن یەک دوو عەیبی مامۆستاتان بۆ باس بکەم:

ئەمن دوکتۆری جهراحم، بە چەقوی سکاپیل زگی خەڵکی [ نەخۆشەکان ] هەڵدەدەڕم و پاشان وای دەدوورمەوە کە دیاری ناکا، بەڵام مامۆستا بە قەڵەمی تێژی خۆی زگی دوژمنانی گەلەکەمان دەدڕێ و ڕەوانەی جەحەندەمیان دەکا،

ئەمن کە پتر لە چل ساڵە دۆستی مامۆستام دوو جار باسی مەسەلێکی خۆی کردوە کە جارێکیان وەک دوکتور، ئەو مرۆڤێکی زۆر حەساسە، جاروبار زۆر غەمبارە و تەنانەت فرمێسکیش بە چاوانیدا دێتە خوار، بەڵام حەز ناکا دەرروبەری خۆی هەست پێ بکەن. لە هێندێک مەراسیم و پرسە و سەرەخۆشی چاوی پڕ دەبن لە ئاو بەڵام نیشانەی زەعف نیە، بەڵکوو نیشانەی عاتیفەی تێدایە، گەورەترین عەیبی مامۆستا ئەوەیە کە زۆر زۆڵم لە خۆی دەکا. بۆ وێنە ئەگەر مرۆڤ بیرەوەرییەکانی مامۆستا دەخوێنێتەوە کە لە هەموو بارێکەوە بێ عەیبە وەک: پاراویی زمانی کوردی، مێژوو، زانایی و شاهکاری نووسین نووسیویەتی، مرۆڤ حەز دەکا چەند جار بیخوێنیتەوە. بەڵام پاشان کە تەماشای شەخسی مامۆستا دەکەی بەو هەموو زانست و گەورەیی مرۆڤێکی خاکی و بێتەکەببور، مرۆڤ دوای خوێندنەوەی بۆخۆی بە خۆی دەڵێ ئەرێ بەراستی نووسەرەکەی ئەم مرۆڤەیە؟

هاوڕێیان با ئەم قسە خۆشەتان بۆ بگێڕمەوە جارێک چوومە ماڵی مامۆستا بەڵام مامۆستا لە ماڵ نەبوو، ئەمن لە مامۆستاژنم پرسی: ئەرێ مامۆستا چۆن پیاوێکە، لە وەڵامدا گوتی: موسیبەتێکە کە خواش دەرەقەتی نایە.

لە کۆتاییدا مامۆستا هیوای ساغی و سەلامەتی و سەرکەوتن بەسەر هەموو کەند و کسپەکانی ژیانی ئاسایی و سیاسیتدا دەکەم، تەمەنێکی درێژت بۆ بە ئاوات دەخوازم، گەلی کورد شانازی بە ئێوە و مرۆڤەکانی وەک ئێوە دەکەن، جێگای شانازیی گەلەکەمانی.

برات حەسەن شەتەوەی



## گوڵبژێرێک لە وتەکانی مامۆستا حەسەنزادە کەلەنێوئاخنی بەرنامەکەدا خوێندرانەوە




دێموکراسی تەنیا بریتی نیە لە تەبەعیەتی کەمایەتی لە زۆرایەتی. ئەوە تەفسیرێکی کۆن و تەنانەت دواکەوتووانەیە لە دێموکراسی. وێڕای ئەوەی کە کەمینە دەبێ ڕێز لە بڕیاری زۆرینە بگرێ و بەڕێوەیان ببا، زۆرینەش دەبێ هەموو مافەکانی کەمینە لەبەرچاو بگرێ. زۆرایەتی بۆی نیە بە ناوی زۆرایەتی‌یەوە دیکتاتۆریی زۆرایەتی پێک بێنێ.

عەبدوڵلا حەسەن زادە

ڕەنگە هێندێک کەسمان هەبێ کە پێیان وابێ ئێستە دەورانی پێشمەرگە بەسەر چووە، چونکە ئێمە لە حاڵەتی خەباتی چەکدارانەدا نیین. ئەوە بۆچوونێکی نادروستە. هەتا ئەو وەختەی زوڵموزۆر هەیە، هەمووکات ئیحتمالی هەیە کە وەختێکی دیکە، لە هەلومەرجێکی دیکەدا پێشمەرگە دیسان سەنگەری خەبات - خەباتی چەکدارانەش - ئاوەدان بکاتەوە بۆ دیفاع لە ماف و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستان. بەڵام لە بەرانبەریش دا، ئەوانە خراپی لێ حاڵی بوون کە پێیان وایە ئەرکی پێشمەرگە فەقەت چەکلەشانکردن و خەباتی چەکدارانەیە. پێشمەرگە، بە تایبەتی پێشمەرگەی ئەمڕۆ، هەڵگری نوێترین بیروباوەڕی سەردەمە، پێشمەرگەی ئەمڕۆکە پێشمەرگەی مەیدانی سازەندەگی، مەیدانی دروستکردن، مەیدانی نوێکردنەوە و نوێ بوونەوەیە. پێشمەرگە لە هەموو مەجالەکانی ژیاندا دەبێ پێشڕەو بێ. ئەو ناوە پیرۆزە بە خۆڕایی بۆ پێشمەرگە دانەنراوە. لە هەموو مەجالێکدا پێشمەرگەیە،

یەعنی ئەگەر پێویست بوو مەرگی وەپێش مەرگی گەلەکەی دەخا بۆ ئەوەی گەلەکەی بە سەربەستی و سەربەرزی بژی.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن

لە ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان،١٣٨٦

منداڵان عەزیزانی مەن، بەڵام لە عەینی حاڵدا قوتابیی مەشن. ئەوەی لە قەدیم دەیانگوت "جور استاد بە ز مهر پدر". منداڵان نابێ بەجێ بێڵین، وێڵیان کەین چونکی منداڵن و نابێ دڵیان بشکێنین. دەبێ هەمیشە لەگەڵیان بین، چاومان لێیان بێ، موازیبی حەرەکاتیان بین، موازیبی سەلامەتیان بین. بەڵام نابێ سەرکوتیشیان کەین و هەموو ئازادییەکانیان تێدا بکوژین بە ناوی ئەوەی کە منداڵەکانمان باش تەربیەت دەکەین. منداڵ دەبێ لە عەینی هەوڵدان بۆ ئەوپەڕی تەربیەت و پێگەیاندنیدا،

سەعی بکرێ لە حدوودی مەعقوولی خۆیدا ئەوپەڕی ئازادییشی پێ بدرێ. زۆرجار ئەمن بە گاڵتە دەڵێم ئەوە غەدرە لە منداڵانی دەکەین پێی دەڵێین کوڕی من پیاوە، کوڕی من عاقڵە! کوڕی من نایهەوێ عاقڵ بێ، نایهەوێ پیاو بێ، دەیهەوێ منداڵ بێ! لێی گەڕێ با چێژ لە منداڵیی خۆی بکا. بەڵام بەرەڵڵاشی مەکە بەسەر هەزار هەڵەدا بکەوێ، چونکە کەس نیە دەستی بگرێ!

عەبدوڵڵا حەسەن زادە

یەکەمین فستیوالی منداڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕاستە من کوڕە جووتیاری گوندێکی دوورکەوتەی ناوچەی سەردەشتم و تۆ کوڕی شای ئێرانیی،

بەڵام ئەمڕۆ ئەمن بە نوێنەرایەتیی میللەتێک قسە دەکەم کە باوکی تۆ پێشەوا و سەرکۆمارەکەی لەدار دا.

تۆ دەبێ ڕوانگەی خۆت سەبارەت بە تاوانەکانی باوکت بە ڕوونی دەربڕی جا ئەو کات دەکرێ بیر لە دانیشتن و پێوەندی لە گەڵ یەکتر بکەینەوە.

## بەشێک لە وەڵامی عەبدوڵڵای حەسەنزادە لەو کاتەدا کە سکرتێری حیزبی دێموکرات بوو بۆ ڕەزا پەهلەوی

ئەگەر دیققەت بکەین کورد لە ئێرانێ دا بە هەموو لیکدانەوەکان کە بگرین، ١٥ تا ١٦ لە سەدی حەشیمەتی ئێرانێ پێک دێنێ، کوردستانیش دەوری ٧ لە سەدی هەموو خاکی ئێرانێ پێک دێنێ. وەختێک تەماشای تەقسیمی سامان و دەرامەت و داهاتی نەتەوایەتی بۆ هەموو ئێران دەکەین، کوردستان هیچ وەختێک بەشی ناگاتە ٥ لە ٤ لە سەد، تەنانەت ٣ لە سەدیش. بەڵام ئەو وەختەی نۆرەی ئێعدام دەگا، ٨٠ لە سەدی ئێعدامییەکان بەشی کورد و کوردستانن. لە ٥ نەفەران، ٤ یان کوردن. هەوا لەوانە کە مەحکوومن بە ئێعدام، ئەگەر تەماشا بکەین، دیسان بەشی شێر هەر بەر کوردستان دەکەوێ. ئەوە نیشان دەدا کە ئەو ڕێژیمە چ دوژمنایەتی یەکی تایبەتی (لە نێو دوژمنایەتی لەگەڵ ئازادی دا) دەگەڵ خەڵکی کوردستان هەیە.

### عەبدوڵڵا حەسەن زادە

لە یادی لەسێدارەدرانی مامۆستا فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێیانی دا، ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٨٩

ڕەنگە زۆر کەسمان هەبێ پێمان بڵێ باشە ئەو ڕەفیقانە بۆ چوونەوە؟! با هەموو کەس بزانێ ئەو ڕەفیقانە نەچوونەوە بۆ خەباتی چەکدارانە. نەچوونەوە دوژمن بە چۆکدا بێن و بی‌ڕووخێنن! بەڵام چوونەوە نێو میللەتی خۆیان، چوونەوە پەیامی حیزبی خۆیان و بزووتنەوەکەیان بە میللەتی خۆیان ڕابگەیەنن. ئێمە لێرە هەرچەندە بەشێک لە خاکی خۆمانە، بە شانازی یەوە لێی دانیشتووین، بەڵام ئێمە لێرە میوانین. حوزووری مە لێرە بۆ ئەوەیە کە خزمەتی خاکەکەی خۆمان و میللەتەکەی خۆمان بکەین، تا ئەو وەختەی وڵاتەکەمان، کوردستان، چەند پارچەیە و، میللەتەکەمان چەند پارچەیە، هەر بەشێک لە بزووتنەوەی کورد ریسالەتی خزمەت و بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی گەلی کورد لە بەشێکی کوردستانی لە ئەستۆیە. کەوایە عیللەتی وجوودیی ئێمە ئەوەیە کە لێرە بین، بۆ ئەوەی فێر بین، بۆ ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ میللەتی خۆماندا بین. کەوابێ نابێ کەس ڕێگای ئەوە بە خۆی بدا کە سەرزەنشی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێزە سیاسی‌یەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بکا کە بۆ دەچنەوە نێو میللەتی خۆتان. یان پێمان دەڵێن باشە بۆ بە چەکەوە چوونەوە، بۆ چەکیان پێ بووە؟! باشە شایستەیە کوڕی کورد، ڕۆڵەی کورد وەکوو بەرخ بچێتە بەردەستی قەسابی؟ وەک کەوپارە بە دەستی بیگرن؟! ئێمە

لەمێژە گوتوومانە یەکێک لە ئیفتخاراتی تێکۆشەرانی دێموکرات ئەوەیە کە دەڵێین کە وەک پۆڵایە، دەشکێ، بەڵام ناچەمێ. دەمرێ، بەڵام تەسلیم نابێ.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە

لە یادی شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧


شێعرێک کە لەسەر لەوحی ڕێزلێنانی مامۆستا نووسراوە. لە شێعرەکانی ڕ. س

دەبێ یەکسەر بە ژینی خۆی بنازێ
ئەوی هێند بەختەوەر بوو، بوو بە هاوڕێت
هەزاران خۆزگەمە بەو ڕێ و بانەی
دەبێتە خۆڵ و خاک و تۆزی بەر پێت

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *



# وتاری مامۆستا حەسەن زادە



ئێوارەتان باش!

سڵاوتان لێ بێ،

دۆستانی خۆشەویست،

میوانە بەڕێزەکان،

نوێنەرانی ئەحزاب، کەسایەتییە سیاسییەکان،

کەسایەتییە ئەدەبییەکان،

هاوڕێ و هاوسەنگەرە لە مێژینەکانم !

قەت ئیدیعام نەکردوە کە بەقەولی فارسی، سوخەنرانی چاکم یان سوخەندانی چاکم، بەڵام بەڕاستی بە حەیاتی خۆشم بە قەد ئێستا خۆم داماو نەدیوە دەوەیدا کە چۆن قسە بکەم و چی بڵێم. ناچارم وەکوو گۆرانی مەزن دەڵێ بڵێم: چی بنووسم، خوایە هێزی ئینشایەک. سوپاس و دەستخۆشیم هەیە بۆ ئەو کومیتەیە کە ڕێورەسمێکی ئاوای بە شانازیی من، بۆ گەورەکردنی من، ئەگەر ئیزن بدەن بڵێم بۆ شەرمەزارکردنەوەی من پێک هێناوە، ئەو ڕێزلێنانە لای من هێندێک مەعنای هەیە کە بۆ خۆم (ڕەنگە بە تەنێ بم) گەورەترە لە زۆر ڕێزلێنانی دیکە، وەکوو لێرە باس کرا ئەوە دەوڵەتێک نەیکردوە، موئەسەسەیەک نەیکردوە، تەنانەت حیزبی دێموکراتی کوردستان نەیکردوە،

کومیتە نورویژ نەیکردوە، کومیتەی ئۆسفۆردیش نەیکردوە، بەڵکوو جەمعێک لە عەزیزترین عەزیزانی من، لە هاوسەنگەرەکانم، لە پێشمەرگەکان، لە لاوەکان، لە کەمئەندامەکان، لەوانەی بە قەد خۆم بە تەمەنن، لەوانەی لە منداڵەکانم کەمتەمەنترن، کردوویانە، یعنی لە واقیعدا ئەو ڕێورەسمە، ئەو ڕێز لینانە، لە تەرەف میللەتی کوردەوەیە، چونکی ئەوانە کۆمەڵێکن، نمونەیەکن لە میللەتی کورد، ئەویش کۆمەڵێکی حاڵزان، ئەهلی دڵئەگەر ئەمن شانازیی ئەوەم هەیە چەند ساڵێک لە عومری خۆم لە ڕێگای خەبات بۆ میللەتەکەمدا تەرخان کردوە، لە نێو ئەو جەمعە سەربەرزەدا زۆرن کە هەموو لاوەتیی خۆیان، باوەشی گەرمی خانەوادەیان، خۆشیی ژیانیان، وڵاتیان، عەزیزانی خۆیان، تەنانەت بەشێک لە جەستەی خۆیان، لە پێناوی ئەو ئامانجانەدا لە دەست داوە. کەوابێ بە ڕاستی ئەوانە، جەمعێکی وشیارو ئاگاو حاڵزان لە میللەتەکەی ئێمەن، ئەمن بە تەقدیرێک لە تەرەف هەموو میللەتی کوردیی‌یەوە دەزانم. چونکی ئەگەر ئەمن خزمەتکارێکی میللەتی کوردمو دەتوانین بڵێین نوێنەری کەسانی وەکوو خۆمو لە خۆم باڵاتر لەوڕێورەسمەدام، ئەو جەمعەش کە ئەو تەقدیرەیان پێک هێناوە، نوێنەرێکی سەربەرزو وشیاری میللەتەکەمن بە گشتی.

ئێوە دەزانن ئەم ڕێورەسمە لە جێییەک بۆ من پێک هاتوە کە ساڵانە جایزەی نۆبێلی لێ دەدرێ، لە نۆرویژ. یەکێک لەو قسانە کە لێرە لە بارەی منەوە گوتران و بە هەموویان سەربەرزم و لە هەموویان شەرمەندەشم، بەڵام بەوەیان زۆر خۆشحاڵ بووم، ئەوەیە کە ئەمن قسەی دڵم دەکەم، ئەوەی دەیڵێم باوەرم پێی هەیە، بە بێ مبالغە دەڵێم، ئەم ئەم جایزەیەی لێرە درامێ، پێم گەورەترە لە جایزەی نۆبێل.

یەکێک لە عەزیزان لە پشتی ئەم میکرۆفۆنە ئیشارەی بەو تابلۆیە کرد کە لێرە ساز کراوە، سێ سێمبولی زۆر جوانی تێدان، یەکیان جامەدانەیە، کە ئێستا بۆتە جامەدانیی کوردی، هەر چەند وەک هەر ئەو عەزیزە گوتی، زۆر لە شۆرشگێران لە وڵاتانی دیکەش، نەوعێکی دیکە لە جامەدانی‌یان بە سەرەوەیە، بەڵام بۆ کورد بۆتە سێمبول، یەکیان چڵە زەیتوونە، یەکیان قەڵەمە. کەوا بێ لێرە ئەو گەورەیی‌یە لە گەڵ من کراوە کە سێ جایزەم بە جارێک وەرگرتوە، جایزە بۆ شۆرشگێری، بۆ قەڵەم، بۆ ئاشتیخوازی. لە سەر ئەوەی لە بارەی ئاشتیخوازی‌یەوە لێرەدا سیمبول هەیە، پێم خۆشە ئەوەی بڵێم: لێرەدا قسەیەکی من بڵاو بۆوە کە دەڵێم شانازی بە هەموو ئەو گوللانەوە دەکەم کە لە تفەنگی تێکۆشەری کورد دەرچوون بەرەو رووی دوژمنی ماف و ئازادی‌یەکانی میللەتی کورد، دووبارە بە بێ قسەجوانکردن دەڵێم، لە هەموو ژیانمدا نەک موخالیفی شەری براکوژی بووم، ئەگەر

بە دەست خۆم بێ موخالیفی شەر لە گەڵ سەرسەختترین دوژمنەکانیشمم. بەڵام دەڵێی چی، وەکوو هەژاری شاعیر دەڵێ: بەشخوراو مەرگی دەوێ ئاشتیخواز! گرێدار ئاشکێ بێ بیورو پواز.

دوژمنە ناچارت دەکا شەڕ بکەی چونکی دیسان ئیشارە بە قسەیەکی خۆم دەکەم، ئەگەر دێموکراتێک، شۆرشگێرێکی کورد ناچار بوو لە بەینی تەسلیمو مەرگدا یەکێکیان هەڵبژێرێ، سەربەرزی ئەوەیە کە مەرگ هەڵبژێرێ.

لێرە بێجگە لە من دوو سێ کەسی دیکە تەقدیر کران کە ئیجازە دەخوازم ئیشارە بە وانیش بکەم. پێش هەمووان، خۆشەویستی هەمووان، تێکۆشەری لە مێژینە (هەر چەند پیری دەکەم) خوشکە خەجیج مەعزوور، بە ڕاستی کارێکی بە جێ بوو، ئێمە لە حیزبی دێموکرات و لە نێو بزووتنەوەی کورددا، ژنانو پیاوانی تێکۆشەرمان زۆرن بەڵام ئەگەر لە نێو ئەوانەدا سێمبول هەڵبژێرین، حەقی خۆیەتی خەجیجەی مەعزوور وەکوو سێمبولێک هەڵبژێردرێ و لە جەمعێکی ئاوادا ڕێزی لێ بگیرێ و تەقدیری لێبکرێ. دووهەمیان کاک مستەفا حکیمزادە بوو کە هەر بۆخۆشی وای پێخۆشە پێی بڵێن حەکیم، ئێوە هەر واتان باس کرد کە ڕەفیقێکی لە مێژینەی منە، بەڵام ئەو پیاوە ئیفتخاری لەوە زیاتری هەیە: بە دێموکراتی لە دایک بووە، ئەو وەختی من منداڵ بووم، نەببومە ئەندامی حیزبو نەگەیشتبوومە ئەو تەمەنە، بابی وی پێشمەرگەی دێموکرات بوو و لە شەڕ لەگەڵ دوژمنی ئازادیەیە دێموکراتیەکانی میللەتی کورددا برینداریش ببوو، بە شیری دایکێکی دێموکراتیش گەورە بووە، ئەو شانازی یەی هەبووە کە هەتا ئەو چەند ساڵەی کە بە داخەوە دەستی ڕۆژگار حیزبی دێموکراتی لەت کرد، لە سکرتاریا بووە، دەستێکی ئەمین بووە بۆ پاراستنی گیانی هەموو ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، لە دوکتور قاسملوڕا بگرە تا دوکتور شەرەفکەندی، دەورانێک سکرتێر کاک مستەفا هیجری بووە، دەورانێک ئەمن بووم، دیارە ئەو ماوەیە کە لە گەڵ منە درێژترە. هەر وەکوو بۆ خۆشی ئیشارەی پێکرد ئەوە سێمبولی ڕەفیقەکانی خۆیەتی لەوانە کە ئەوە بەرەو چل ساڵ دەچێ یەک نەفەس لە مەیداندا ماون کەوابوو یەکجار زۆر بەجێ بوو.

نەفەری سێهەم کە دیسان لێرە ڕێزی لێنرا هاوسەر و شەریکی ژیانی خۆم بوو. لێرە ئیشارە کرا کە ئەو موناسەبەتە لە ٧٥ ساڵەی لەدایکبوونی مندایە، هەر چەند ماویەتی، بەڵام ڕاست لەو حاڵەدا کە ئێمە لە ڕۆژانی دەورو بەری ٧٥ ساڵەی لەدایکبوونمداین، لە دەوروبەری ٥٠ ساڵەی زەماوەندی من و خێزانیشمداین، هەموو پیاوەکان کە لێرەن (زۆریش بە خۆمان دەنازین) دەبێ قبووڵ بکەین هەموو ئیفتخارەکانی ئێمە، بەشێکی ئەساسیی دەگەڕێتەوە بۆ هاوسەرەکانمان، ئەگەر ئەوان بێجگە لە ئەرکی خۆیان، جەورەکانی مەشیان لە گەڵ مە

بەش نەکردبایە قەت نەمان‌دەتوانی ئەو ئەرکانەی لە سەر شانمانن بە جێگا بگەیەنین، نامەوێ زۆری درێژ کەمەوە، بەڵام ئەو خانمەی من زۆری کوێرەوەری لە ڕێگای میللەتەکەی‌دا بەڵام لە کاناڵی منیشەوە کێشاوە، بە خۆی و یەک دوو، منداڵی چکۆڵەوە، بە منداڵێکەوە لە زگی‌دا، بەجێم هێشتوە لە دەورانی شایدا کە فەرماندەی مەنتقە، گەورەترین فەرماندەی ئازەربایجانی غەربی چووبوو ماڵەکەی مە بۆ تەفتیش. بۆ خۆم هەڵاتووم بۆ باشووری کوردستان و بۆ عێراق، لەوێ لە غەریبایەتی بە جێم هێشتوهو هاتوومەوە وڵات، ٦ مانگان، دیسان بە بێ سەرپەرست بە جێم هێشتوە بە خۆی و بە ٦ منداڵەوە. جگە لەوەش، (هیوادارم پیاوەکان لێم قەڵس نەبن) ئەمن زۆر جار دەڵێم بۆ ژنی کورد هەر ئەوەندە شانازی‌یە بەسە کە لە گەڵ پیاوی کورد هەڵ‌دەکەن. ڕەنگە پیاوانی دیکەش وا بن بەڵام لانی کەم پیاوانی کورد - ئیشەڵڵا [ئەو هەستە] لە خۆمان‌دا دەکوژین - زۆر لە خۆڕازی، زۆر خۆبەزلزان‌و زۆر پڕتەوەقوعن بەرامبەر بە ژنەکانیان، بەرابەر بە جنسی مێ [بەگشتی]، بە ڕاستی برایانی کورد دەبێ شەرمەندەی خوشکانیان بن، خوشک حازرە بۆ برای بمرێ، بەڵام ئەگەر خوشک نەخۆش بوو برایەکەی پێی عەیبە سەری بشێلێ، ئەگەر [لەپێ] بکەوێ پێی عەیبە لە کۆڵێی بکا. بۆیە لە سەر یەک پیاوی کورد بەرامبەر بە ژنی کورد، جا دایک و بابە، ژن و مێردە، خوشک و برایە، کورو کچە، لە هەر چی‌دایە، پیاوی کورد قەرزدارە بە ژنەکان.

بۆ من جێگای شانازی‌یە کە ئەو مەراسیمە لە هەموو تەیفەکانی تێدان، پرسیارم کرد بە داخەوە لە بەشێکی کوردستانی تیدا نیە، بەڵام لە سێ بەشی کوردستانی تێدایە ، کە نازانم بۆ وایە، پێم خۆش بوو ئەویشی تیدابایە، خۆشحاڵیشم بەوەی کە لەحاڵێکدا ئێمە لێرە لە بەشەکانی کوردستان هەموومان لە دەوری یەک کۆ بووینەوە لە کوردستان لە ئاکامی پێشدەستی‌یەک و دەستپێشخەری‌یەک‌دا کە بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردی ئێستا هەموو کوردەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە دەوری یەک کۆ بوونەوە بەڵکوو خواوڕاستان بە وەحدەتی کەلیمەیەک بگەین کە ببێتە موقەدیمەیەک بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادی‌یەکانمان. ئەگەر خوا نەخواستە نەک هەر من، نەسلەکانی دیکەشمان، ئەوانەی لە ئێمە کەم تەمەنتریش نەیبینن. بەڵام ئیشاڵڵا ئەو ڕۆژە هەر دەبینین، ئەو ڕۆژە هەر دێ، دووبارە پەنا دەبەمەوە بۆ هەژاری شاعیر کە دەڵێ: سەد هێندە پەژارە لێم وەکۆ بێ کورد هەر دەبێ ڕۆژێ سەر بە خۆ بێ.

ئیجازەم بدەن شتێکی دیکەش بڵێم، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا قەرار وابوو کە کۆمەڵێکی پتر لە هاورێ و هاوسەنگەرەکانی من و ئێوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌دا لێرە بن کە بە دەلیلی ئەوەی کاری دیکەیان

بۆ پەیدا بوو ئەوان لێرە نەبوون، غەیری کاک ئەنوەر خان کە لە بەر عوزر رۆیشت و تێکۆشەری بەڕاستی موخلیس بۆ بیروباوەری خۆی کاک عبداڵڵە حیجاب کە ئێستا لە نێومانە. پێم خۆشە و ئارەزووشمە و دەبی کاریشی بۆ بکەین کە ئیشاڵڵا ئەو رۆژە بێ ئیدی ناوی دوو حیزبی دێموکرات ببێتە بەشێک لە تاریخ. هەر وەک ئارەزوویەکی موقەدەسە کە بڵێین رۆژێک ببینین کە ناوی چوار پارچەی کوردستانیش ببێتە بەشێک لە تاریخ. رەنگە لە دوای من کومیتەی ئامادەکردن بێ سوپاس لەوانە بکا کە ماندوو بوون. بەڵام ئەمنیش بەش بەحاڵی خۆم سوپاسی تەک تەکی ئەوانە دەکەم کە بەو مەراسیمەوە ماندوو بوون، هەر یەکەی بە جۆرێک، مەسەلەن ئێمە تازە لە خەو هەستابووین کە جەمعێک لە خوشکەکان لە دەوری یەک خڕ ببوونەوە تا نان و چێشت بۆو عالەمەی ساز بکەن، عیدەیەک چەند رۆژە و چەند حەفتەو تەنانەت هێندێکیان چەند مانگیشە لە هەوڵی رێکخستنی ئەو مەراسیمەدان، رەنگە ئێستێ هەر یەک لە ئێمە تەواوێک گلەیی هەبێ لەو مەراسیمەی، کەم و کوڕیی هەبن بەڵام هەر ئەو کەسانەی کارێک دەکەن دەزانن رێکخستنی کارێکی ئاوا چەندە بە زەحمەتە، ئیرادگرتن و رەخنەگرتن ئاسانە، بەڵام کار بە زەحمەتە، قسەیەکی زۆر جوانە کە دەڵێن: ئیملای نەنووسراو غەڵەتی نابێ، بەڵی ئینسان کە کاری ناکا هیچ ئیشتباى نابێ بەلام کە کارت کرد کەموکوری زۆر دەبێ.

سوپاسی دۆستان دەکەم کە تەزەکورێکیان دامێ دەڵی بێجگە لە کاک عبدالله چەند کەسی دیکەش لە هاورێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێرەن.

جارێکی دیکە ئەمن بە راستی سەری تەعزیم دادەنوێنم لە موقابیل ئەو مەحەببەتەی بە من کرا، لە موقابیل ئەو کەلیماتە جوانانەدا کە لە بارەی منەوە گوتران. هیوادارم شایستەی ئەوە بم، بە موبالەغە ناڵێم، ئەوەی تا ئیستا کردوومە، هەر بایی ئەو مەحەببەتەیە کە بە من کرا، لەو بارەیەوە پاک لە پاک. ئارەزوو دەکەم ئەو تەمەنەی کە ماوە، (دەڵێن عمری درێژ شەرمی لە کەس نەکردوە) بەخت یار بێ ئەمن بتوانم بەشێکی دیکە لە خزمەت بخەمە سەر خەرمانی کار و تێکۆشانی خۆم.

ئاخرقسە کە دەمەوێ بیکەم ئەوەیە ئەو برا بەرێزەمان کاک سامان خانەقینی، شتێکی باس کرد. ئێرە جێگای ئەو موناقەشەیە نیە، چونکی مەڕاسیمەکە بۆ شتێکی دیکە پیک هاتوە بەڵام چونکی ئیسراریشی هەبوو کە ئەمن نەزەری خۆم دەربڕم، عەرزی دەکەم هەر وەکوو ئەو بۆ خۆی قەزاوەتی کردوە قەت شتی وا نیە ئەمن بڵێم زمانی کوردی هەر سۆرانییە، ئەمن سەری جەرگم بۆ هەر کەلیمەیەک لە هەر لەهجەیەکی کوردی دێشێ کە بکەوێتە تاریکایی

نیسیانەوە، لە بیر بچێتەوە، بەڵام ئەمن شتێکم گوتوە بە خۆشییەوە ئەو زۆر چاکم لێ حاڵی دەبێ، چونکە فەرمووی مامۆستای ئینگلیسیم، ئەمن گوتومە ئێمە میللەتێکین، ٤٠ میلیۆنین، ٣٠ میلیۆنین، ٥٠ میلیۆنین، موهیم نیە، لە چوار وڵاتانین یان لە پێنج وڵاتانین ئەوە موهیم نیە، بەڵام یەک میللەتین، میللەتی دیکە هەن زۆر لە مە گەورەترن. پێنج بەرابەر، شەش بەرابەر، دە بەرابەر، بیست بەرابەری مەن، هیچ میللەتێک زیاتر لە یەک زمانی خوێندنەوە و نووسینی نیە، ئەگەر ئێمە چوار لەهجەی سەرەکیمان هەن و ڕەنگ ٢٠ بنلەهجەشمان هەبێ، زمانی عەرەبی ڕەنگە بە لەهجە و ئەوەی پێی دەڵێن بنلەهجە، شێوەزار و بنزار ڕەنگە ٣٠٠ی هەبێ، بەڵام یەک زمانی هەیە، لە هەموو رادیۆکان، لە هەموو تەلەڤیزیۆنەکان، لە هەموو رۆژنامەکان، لە هەموو ئیدارەکانی دەوڵەتی کاری پێدەکەن، گۆرانییش بە هەمووان هەیە،

چیرۆکیش و رۆمانیش کە دەنووسرێن، قارەمانەکانیان هەموو بە لەهجەی هەموو مەنتەقەکان قسە دەکەن، فەرهەنگی هەمووایش مەحفووزە. بەڵی، بۆیە دەبێ کاک سامان شێعرەکانی شێرکۆ بێکەسی تەرجەمە بکا تا خەڵکی کرماشانێ لێی حاڵی بن چونکی ئێمە ساحەبی زمانێکی یەکگرتوو نیین، ئەمن باسی ئەوەی دەکەم کە دەبێ زمانی یەکگرتوومان هەبێ، جا ئەو زمانە یەکگرتووە چی دەبێ، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە. ڕەنگە لە سەر ئەوەی ڕەئیی خۆم هەبێ، بە هەر حاڵ ئەمن کارم تێدا کردوەو تۆزێک - وەکوو دەڵێن- ئێسکم تێدا شکاندوە نەزەراتی خۆم هەیە لە سەری. بەڵام ئەمن دەمهەوێ زمانی یەکگرتوومان هەبێ، زمانی یەکگرتووش (دیسان کەمێک درێژ بۆوە ) بە مەراحیلی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە هەر زمانی کوردی ڕۆژێک بوو هەر وەکوو ئیشارەی پێکرد، زمانی کوردی ماچۆ بوو، لە تاریخ دا هەورامان قەدیمیترین جێیە کە مەعلوومە کوردی لێ ژیاوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان لەهجەی کرمانجیی ژووروو، ئەوەی بە غەڵەتێکی مەشهوور پێی دەڵێن بادینی، بادینی نیە، کرمانجی ژووروویە، بوو بە زمان، خەریک بوو، دەیەویست ببێتە زمانی میللەتی کورد، چونکی شاعیرانی غەیرە کرمانجیش، شێعریان بەو دەگوت، نووسینیان بەو دەنوسی، ڕۆژێک لەهجەی هەورامی لە پاش تاریخە کۆنەکەش، لە سێبەری تەریقەتی نەقشبەندیو بنەماڵەی بیارە و تەوێڵەدا خەریک بوو ببێ بە زمانی هەموو میللەتی کورد، گەورەترین ئەسەری ئەدەبیی کوردی تا ئێستاش، شێعرەکانی مەولەوین، مەولەویی تاوەگۆزی خەڵکی شارەزوورێیە، لەهجەکەی لەهجەی سلێمانییەیە، بەڵام ئەو شاکارەی بە هەورامی خوڵقاندوە بۆ؟ چونکی ئەو وەختی خەریک بوو ئەو ببێ بە زمان، کە بەداخەوە نەیانتوانیوە، هەتا ئێستاهیچیان نەیانتوانیوە، بەڵام لە دەورانێکیشدا، بەتایبەتی لە ١٠٠ ساڵی ئەخیردا کە هەم مەرکەزی بزووتنەوەی کورد لە ئێران و عێراقێ بووەو عومدەتەن لە مەنتیقەیەکیشدا بووە کە بە قەولی مەشهوور بە سۆرانی قسە دەکەن، سۆرانی نیە، ئەویش کرمانجیی خوارووە، ئەوە لایەکی، لایەکی دیکە لە

عێراقێ بە ڕەسمییش ناسرا، کتێبی پێ نووسراوە، دەرسی پێ خوێندراوەو ئەوە بۆتە زمان، بەڵام ئەویشمان تا ئێستا نەبۆتە زمانی یەکگرتووی کوردی، قسەی من ئەوەیە کە کورد دەبێ یەک زمانی هەبێ، جا خوای دەکرد لە جیاتی ٢٠ بزلەهجە ٥٠ بزلەهجەی دەبوو.

خۆشیتان ئاواتە خوازم. سوپاس و سوژدە و شانازیم بۆ هەموو مەحەببەتەکانتان.

*****************************************************



# وتەی کۆتایی



خۆشکان، برایان ماندوو نەبن.

دەزانین بە هۆی ٧ ساعت بێ پسانەوە ئەم مراسمە بەرز و پیرۆزە بەردەوام بوو.هیلاک و ماندوو بوون. بەلام هەر کە ئیفتخاری ئەوەمان پێ برا، لە مراسمی ڕێزگرتن لە کەسایەتی سیاسی، ئەدیبی، نوسەر و وەرگیری بە توانا زۆر بەریز ماموستا عبدالله حەسەنزادە پێ برا ،هەموو ماندو بوونەکانمان لە ووجود دا نەماوە.

ڕیزداران و خۆشەویستان لە ماوەیەکی چەند کات ژمیری بەرنامەیەکتان رازاندەوە ،کە ڕێز گرتن بوو لە بەڕێز ماموستا عبدالله حەسەن زادە.

بەشداری هاوری و دۆست و خۆشەویستانی کە بە شیوەیەکی پر شکۆ و ،بە گەرموو گوور ە بەتین بی گوودان، بەم ماوەیە دوور درێژە، نیشانەی وەفاداریە بۆ بەرێز ماموستا عبدالله حەسەن زادە یە.

بەشدارنی بەرێز هاتینتان لە دوور و نزیکەوە جیگای ریز و تەقدیرە بۆ کۆمیتەی ئامادەکاری ڕیز گرتن لە بەڕیز ماموستا عبدالله حەسەن زادە.

هەروەها کۆمیتەی ئامادەکاری رێز گرتن له مراسمی بەڕیز ماموستا عبدالله حەسەن زادە پر بەدل لە سپاس و ڕیزمان هەیە بۆ، تەک، تەک ئیوە کە هەتا دوا کات هاوکارو هاورامان بوون دووبارە پیرۆزبای و سەرکەوتن بۆ بەرێز ماموستا عبدالله حەسەن زادە و بنەماله خۆشەویستەکەی.


١٩ای ئۆکتۆبری ٢٠١٣

کۆمیتەی ئامادەکاری رێز گرتن له بەرێز عبدالله حەسەن زادە

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *



# پەیامی کاک حەسەن حاتەمی



بۆ کۆمیتەی ڕێزلێنان لە بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە

لەگەڵ سڵاوێکی گەرم و بەحورمەت

سەرەتا سپاس و پێزانیین لەو بیرو هزرە جوان و بەجێیە دەکەم کە تێکۆشەران و فیداکارانی نەتەوەکەمان کە بۆ خۆیان لە ژیاندان ڕێزیان لێدەگیرێ. ئەوە نوێکارییەکی سەردەمیانەیە و ئومێدەوارم ببێتە فەرهەنگێکی گشتگیر و بەردەوام.

زۆر داوای لێبوردنم هەیە لە خزمەت مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست و کۆمیتەی ڕێزلێنان لە مامۆستای تیکۆشەرمان کە بۆم نەلوا بەخزمەتیان بگەم.

بۆ من زۆر جێی شانازییە کە، لە ڕێگای بەڕێز کاک لوقمان حوسێنی داوام لێکرا، پەیامێک بۆ ئەو ڕێزلێنانە بنووسم.

بەشدارانی بەڕێز!

پێش ئەوەی بە خزمەت مامۆستای ئازیز بگەم، لە دوورەوە دەمناسی. بەڵام بە خوێندنەوەی هەتاو و گێلەپیاو و دواتریش حەمەدۆک دەتگوت چەند ساڵە دەیناسم. خوێندنەوەی نووسراوەکانی مامۆستا و گوێگرتن لە قسەکانی ڕەهەندێکی گەورەن بۆ فێربوونی زمانی کوردی. دەتوانم لای خۆم بڵێم نووسین و وەرگێڕانەکانی مامۆستا، قوتابخانە و ڕێچکەیەکی تایبەتی‌یە کە ساکار، پاراو، راوێژخۆش و کاریگەرە.

ماوەیەک لە ڕۆژنامەی کوردستان قوتابیی مامۆستا و کاک قادر وریا بووم کە باشترین چێژم لە ڕێزمانی کوردی و باسەکانیان وەرگرت. دوای ئەوکاتی و بەتایبەتی لە ماوەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی دەیەمدا، بلیمەتی و تێگەیشتوویی و دوور بینی و بیرتیژی‌یەکی جێی تەحسینم لە مامۆستادا، بەدی کرد.

مامۆستا لە ریزی هەڵکەوتەکانی کوردە بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، تایبەتی یە کە لە سێ بواری سیاسی، ئەدەبی و تەرجەمەدا، پتر لە چوار دەیەیە خزمەت بە نەتەوەی کورد و جووڵانەوە ئازادیخوازانەکەی دەکا.

مامۆستا کە لە زۆربەی تەمەنی خەباتی حیزبی و سیاسیدا، لە ڕیزی هەرەپێشەوەی سیاسەتدانەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، یەکێک لە چوارچێوەدانەرانی ڕێزمان و نووسینی کوردییش بووە لە بڵاوکراوەکانی حیزبدا. بەتایبەتی لەگەڵ یاد بەخێران ڕێبەری زانا دکتور قاسملوو، مامۆستایانی تێکۆشەر هێمن و کەریم حیسامی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا، قەڵەمی گێڕاوە.

بە بڕوای من مامۆستا، قەڵەمبەدەستێکی بەتوانا و سیاسەتوانێکی زانا، لە دوای پێشەوای نەمر قازی محەممەددا، لە هەموو بەرپرس و سکرتێرەکانی حیزبی دێموکرات هەوڵی کردەوەیی پتری بۆ بیر و هزری ئازادتر، تۆلێرانسی زیاتر و ئاشتەوایی داوە، و دوو دەورەیی کردنی سکرتێری ئەنجام دا، کە لە دنیای ئازاد و دێموکراتیک و مێژووی کورد و خەباتە ڕەواکەیدا، وەک خاڵە زێڕینەکان بە ئەژمار دێن.

مامۆستا حەسەنزادە، ئەگەر لە وڵاتیکی ئازاد ژیابا، بەهۆی ئەزموون و تایبەتمەندی‌یەکانی وەک کەسایەتی‌یەکی هەرە بەرز لە مەجلیسی سیاسەتدانەراندا، هەڵ دەبژێردرا و کەلکی پێویستی لێوەردەگیرا.

مامۆستا مێشکە پڕ و ژیرانەکەی، تەژی یە لە وشەی پەتی و کوردی. پێشنیار دەکەم کورد کاناڵ زنجیرە باسێکی ڕۆژنامەگەریی تەجرەبی بۆ بەڕێزی دابنێ، هەتا بە فیلم و وتە بۆ خۆی لە ئەزموونەکانی خۆی بدوێ، بەتایبەتی، چونیەتیی کوردینووسین و فێربوونی ورد و ژیرانەی ڕێزمانەکەی، کە پێویستە لێیان فێر بین.

مامۆستا لە وەرگێڕانەکانی دا، ئەوەندە ورد و جوان ئەرکی کێشاوە و بەکوردیی کردوون، کە بەخوێندەوەیان پێت وایە، بۆ خۆی نووسیونی. بۆ وێنە: کاتێک " پیاو کوژانی کۆشکی فیروزە"م دەخوێندەوە،- کە بەڕێز خانم ڕوئیا حەکاکیان بە ئینگلیسی نووسیویەتی و وەرگێڕی بەتوانا، کاک فەتاح کاویان کردوویە بە فارسی و مامۆستا کردویەتەوە کوردی، هەستم دەکرد مامۆستا بۆ خۆی ئەو لێکۆڵینەوەیەی ئەنجام داوە و کتێبەکە هەر بە کوردی نووسراوە. کتێبەکانی نیوسەدە تێکۆشان و ئەزموونی خەبات، خەرمانێکی مەزنی مێژووی زارەکیی نەتەوکەمانن کە بە قەڵەم و زمانی بەڕێزی کردنی بە ملکی کتێبخانەی کوردی.


ئازیزان!

هەرچی من بینووسم پێموانیە بتوانێ، تایبەتمەندییە بەهێزەکان و خۆ و ڕەوشتە بەرزەکانی مامۆستا بەتەواوی دەربخا. دێڕەکانم بە ئومێدی تەمەنڕدرێژی و سڵامەتی بۆ مامۆستای خۆشەویست و بلیمەت و گەورەمرۆڤی کورد و هەزاران سڵاو و ڕێز و حورمەت بۆ خزمەتی خۆی و بنەماڵەکەی تەواو دەکەم.

١٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ زایینی (٢٧١٣ی کوردی ).



# پەیامی کاک مەلامحەممەد خزری (قەرەقشڵاغی)




بەڕێزان تێکۆشەرانی دێمۆکرات! نۆڕوێژ

وێرای ڕێزو سڵاوی تایبەت، بەدڵ داوای سەرکەتنتان بۆ دەکەم. سوپاستان دەکەم کە بۆ هاوبەشیکردن لە کۆڕی ڕێزلێنانی خەباتی ڕابردووی کەسایەتیی سیاسی و ئەدیب و نووسەری ناسراوی نەتەوەکەمان، مامۆستا حەسەنزادە، بەسەرتان کردبوومەوە. بەداخەوە، نەخۆشی و کەم توانایی بواری فیزیکی، ڕێگای پێ نەدام بێم، بەکردەوە لەو بەختەی کە لە دەرگای دابووم کەڵک وەرگرمو لە نزیکەوە، سەعادەتی بەخزمەت گەیشتنی ئێوەو دیتنی دۆست و هاوڕێیانی ڕابردووی خۆم پێببڕێ، بۆ کەمولکە دەمێکیش بێ؛ تۆزی خەمی دوورەوڵاتی لە خۆم داتەکێنم!...

هەروەها بێ مەیل نیم وەک کۆنە پێشمەرگەیەکی سەردەمی کیسەو قەنـنە؛ لە وەڵامی هەستە بێگەردەکەتانو هەڵوێستە شۆڕگێڕانەکەتان دا، بە یەک دوو، دێڕی ساکارانەی دوور لە تەعاروف، وێرای پیرۆزبایی، بۆچوونی خۆمتان عەرز بکەم:

- ئێوە، کە ئەمڕۆ وەک "تێکۆشەرانی دێرینی دێموکرات"، دەتانەوێ ڕێزلە خەباتی ڕابردووی مامۆستا حەسەنزادە بگرن، کارێکی پیرۆزی شۆڕشگێرانە ئەنجام دەدەن! بە بۆچوونی خۆم، ڕابردووی ئێوە ئەوە پێشان دەدا: دوێنێ وەک پێشمەرگەو خەباتگێرێکی ئەرکناسی خاوەن بڕوا، لە سەنگەرو مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات دا، لە پێناو ڕزگاریی گەل و نیشتمان دا، بەکردەوە، سڵەتان لە مەرگو نەمان نەکردووەولە هیچ فیداکارییەک خۆتان

نەبواردوە! بە زیدەوێژی نازانم، ئەگەر بڵێم لە خەباتی ڕزگاریخوازیتان دا، دژی داگیرکەران، بە هەق گەلێک داستانی سەربەرزانەو شنازیتان بۆخۆتان تۆمار کردوە، پیرۆزتان بێ!

- هەرئەو ئەخلاقی پێشمەرگانەو خەباتی پڕ لە شانازیی رابردووتانە کە لە تەمەنی بەساڵدا چوویی و ئاوارەیی و دوورەوڵاتی دا،، بۆتە هەوینو هانی داون، کە وەک "تێکۆشەرانی دێرینی دێموکرات" دوور لە چاوەڕوانی پلەو پایەو... وەک شۆڕشگێڕێکی ئەمەگناس، ڕێزلە خەباتی ماندوویی نەناسانەی ڕابردووی کەسایەتیی بەرچاوی نەتەوەکەمان بگرن. هەڵوێستەکەتانم پێ جوامێرانەو کەم وێنەیە، بوون بە ڕچەشکێنی ئەم ڕەوتە پیرۆزە. شکم لەوەدا نیە، بەم ئەرکە شۆڕشگێرانەیەتان، لاپەڕەیەکی نوێی ئەمەگناسی و وەفادارییشتان کردە سەرباری لاپەرە تۆمارکراوەکانی خەباتی ڕابردووی خۆتان؛ لە قووڵایی دڵەوە پێرۆزبایی و دەستخۆشیتان لێدەکەم و لەشی ساخ و تەمەنێکی درێژی پڕلە سەرکەوتنیش بۆ مامۆستا حەسەنزادەی بەڕێز، داوا دەکەم .

دەگەڵ حورمەتو ڕێز، برای چووکەتان محەمەد خزری

١٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣ ستوکهۆڵم - سوێد



# وتاری کاک برایم جەهانگیری



**هەڵوێستەیەک لە سەر ژیان و خەباتی مامۆستای ئیرادە و باوەڕ بەخۆبوون**

**لە مێژووی هەموو گەلانی جیهاندا کەسایەتیی دیار و خزمەتگوزار لە بواری سیاسەت و ئەدەب و هونەر و زماندا هەڵکەوتوون و هەمیشەش مایەی فەخر و شانازیی گەلی خۆیان و هی میلەتانی دیکەش بوون، ئەگەر هەر تەنیا باسێک لە ڕەسووڵ هەمزەتۆڤ شاعیر و نووسەری قەفقازی و پەخشانە ڕۆمانەکەی "داغستانی من" بکەین و بیکەین بە بنەمای پێکهەڵکێشان لە گەڵ ئەوانەی خۆمان ، بۆمان دەردەکەوێ کە ئێمەی کوردی بێوڵات و بێدەوڵەت و بێپشتیوان گەلێ ڕەسوول هەمزەتۆڤ و پۆشکینمان هەبوون، شاعیرانی ئێمە کەمتر نەبوون لە شاملوو، لە کەڵە شاعیرانی بە ناوبانگی فارس، نووسەرانمان هیچیان لە نووسەر و وەرگێرەکانی گەورەی دنیا کەمتر نەبوون. بەڵام داخی گرانم کوردین و بە ڕادەی پێویست دەنگمان بە هیچ کوێ ڕانەگەیشتووە.**

**دیارە ئێمەش نەمانبێ بەڵام ئەو بەرهەم و ئەو کتێب و دیوان و بڵاوکراوانەش کە هەن هەر بە هیمەتی خودی نووسەرو لە باشترین حاڵەتدا ئەوا بە پشتیوانیی حیزبێکی قاچاغ و قوچاغ لە چاپ دراون. هەر لە دیوانی زۆر لە شاعیران و نووسەرانڕا بگرە تا وەرگێڕان و ڕۆمان و داستانی کورت و درێژ لە هەلومەرجی تایبەتیدا چاپ کراون. ئەگەرچی ئەوا چەند ساڵە لە بەشێکی نیشتمانی داگیرکراودا شنەی ئازادی هەڵیکردوە و دەرفەتێکی باش ڕەخساوە بۆ نووسەر و وەرگێڕ و شاعیرانی لاو و تازەپێگەیشتوو بەڵام ئەوەی پێشتر دەتوانم بڵێم بە خوێنی جگەر و فرمێسکی چاو نەخشێندراوە و هاتۆتە بەرهەم.**

نووسەرە بەرز و جێگای شانازییەکانی ئێمە یەک جیاوازیی دیکەشیان هەیەو و ئەویش ئەوەیە کە زۆریان لە زانکۆ و خوێندنگا باڵاکاندا پێنەگەیشتوون، ئەوان لە زانکۆی شاخ و بە عیشق و خۆشەویستیی خەڵک و نیشتمان و بە ئارەقەی نێوچاوانیان، بە ئیرادە و بە باوەڕی پۆلایین بەخۆ، خۆیان پێگەیاندوە. مامۆستا هێمن و مامۆستا هەژار و مامۆستا حەسەنزادە لەم نموونانەن، ئەوان لە کوێرەدێیەکانڕا و لە حوجرەی مزگەوتەکانڕا بوون بە مامۆستا و رابەر و کەسایەتیی دیاری مێژووی گەلەکەمان. بە تایبەتی مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە لە بنەماڵەیەکی هەژاری گوندنشینڕا بۆتە ئەو کەسەی زۆربەی مامۆستایانی زانکۆ، ئەوانەی دەیناسن و هەڵسوکەوتیان دەگەڵ کردوە هەر بە مامۆستا بانگی دەکەن.

من کاتێ وتووێژی هاوڕێی خۆشەویست هەیاس کاردۆم دەگەڵ مامۆستا خوێندەوە بەتایبەتی بەشی ژیانی بنەماڵەیی و گوزەرانی مامۆستا ئەو راستی یەم بۆ دەرکەوت کە بەڕاستی مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە هەڵکەوتەیەکە کە ئەگەر دەرفەتی هەبا زۆر لەوە زاناتر و پێگەیشتووتر دەبوو، ئاخر ئەو لە سفرەوە بۆتە سەت! مامۆستا لە جوابی پرسیارێکی هەیاس کاردۆدا دەڵێ" ... برای هەرە گەورەی بنەماڵەمان بۆ من لە جێی باب بووە،بابم لە تەمەنێکی زۆر کەمی منڕا کۆچی دوایی کردوە، دەتوانم بڵێم هەر وەبیرم نایە، چونکە تەنیا تارماییەکی زۆر لێڵم لەو رۆژە لەبیرە کە بابمی پێمرد. ئەمن بۆخۆشم نەخۆش بووم. کە بابم مرد خەڵک دەگریا و ئەمنیش هەر وەک شتێک تاوێک دەگەڵیان گریام، بەڵام ئەوانی دیکەم لەبیر نیە... ژیانی بنەماڵەییمان وەک بنەماڵە دەکرێ بڵێین لە خوار ناوەندییشەوە بوو. ماڵێک بووین کە هەم بابم هەم مامم ژیانیان لە سەر جۆڵایی دەگوزەرا" .

فەقیری و نەداری ئەگەرچی رەنگە رووی لە دەرکی زۆر کەس لە ئێمەمانان کردبێ و ئێمەش هەر لە خێزانێکی وادا پێمان هەڵگرتبێ و گرۆمان کردبێ بۆیە ئەو دەردە و ئاسەواری ئەو نەبوونی و ئەو تەریکوتەنیامانەوە رەنگە زۆرمان وەبیر ژیانی ڕابردووی خۆمان بخاتەوە. کاک محەممەدی قازی وەرگێڕی بەتوانای کوردیش هەر بە هەمان شێوە لەو پەڕی کەمیی تەمەندا بابی لەدەست دەدا و بەسەرپەرستیی مام و خزمانی دەبێ بە محەممەدی قازیی وەرگێر و نووسەری ناوداری کورد.

بەڵێ مامۆستا حەسەنزادە لەو بنەماڵەیەڕا و لەو حاڵ و هەوایەڕا و لە تەمەنی منداڵیدا بڕیاری خۆی دەدا و لە مزگەوتڕا مل دەبەر خوێندن دەنێ و وێڕای سەرف و نەحوی عەرەبی ئەدەبیاتی کوردی و فارسییش دەخوێنێ و وەک

بۆخۆشی باسی دەکا سیاسەتیش لە مزگەوتدا گەرموگوڕی یەکی تایبەتی خۆی هەبووە و هەر بۆیە لەو تەمەنەدا هۆگری نەتەوە و گەل و نیشتمانەکەی دەبێ و دوایەش روو لە حیزبی دیمۆکرات دەکا و هەر لە تەمەنی مێرمنداڵیدا دەبێ بە ئەندامی حیزب. عیشقی حیزب و خۆشەویستیی گەل و نیشتمان وای لێدەکا کە هەوڵ بدا و خۆی پەروەردە بکا، چون دەزانێ کلیلی سەرکەوتنی خۆی و میلەتەکەی لە فێربوون و زانستدایە. مامۆستا کاتی باسی خۆزگەی خۆی دەکا و دەڵێ ئەگەر لە گوندەکەی دوکتور قاسملووی نەمردا و لە بنەماڵەیەکی وادا و لە هەندەران دەرفەتی خوێندنم بۆ رەخسابا، منیش دەبووم بە دوکتور قاسملوویەک. ئەو لێرەدا هیچ شتێکی عەجایبی نەگوتوە و راستییەکی تاڵی ژیانی زۆربەی منداڵانی هەژاری کوردی درکاندوە کە لەبەر نەداری و بێ ئیمکاناتی نەیانتوانیوە پێبگەن. بەڵام بەو حاڵەش و بە بێ ئیمکاناتییەش عەبدوڵڵا حەسەنزادە کۆڵ نادا و بە تایبەتی لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا و لە هاوڕێیەتیی دوکتور قاسملوودا هەم خۆی پێدەگەیەنی و هەمیش زۆر شت لە مامۆستا و زانای سیاسەت دوکتور قاسملووی نەمر فێر دەبێ.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەو سەردەمەدا کە لە گەرمێن و لە ئاوارەیی دا خەریکی کاری حیزبی دەبێ لە هەمانکاتدا لە فێربوونی زمانی کوردی خافڵ نابێ و خۆی دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە لە کۆڕ و کۆمەڵی ئەو کاتیدا و بە تایبەتی لە یەکیەتیی نووسەرانی کورددا ببێتە کەسێکی دیار و بە ئیعتیبار لە بارەی زمانی کوردییەوە.

عەبدوڵا حەسەنزادە و ئەو منداڵە زیت و وریا و بە ئیرادەیەی گوندی "سیسێر" ئێستا ئیدی بۆتە جێگای متمانە و باوەڕی کوردیزان و زمانزانە ئاکادیمەیەکانی کوردستانی باشوور و لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵە کوردیەکان، مامۆستایانی زانکۆ و دۆکتورا و پروفیسۆرەکانی زانکۆکاکنی باشوور و بەغدا بە مامۆستا حەسەنزادە بانگی دەکەن و تەنانەت کەم نین ئەوانەی لەم نێوەدا و لە هەندێ بواردا بە مامۆستای خۆشیانی دەزانن. ئەو ئیدی ئێستا خاوەنی نووسینی دەیان بابەتی زمانەوانی و سیاسی و وەرگێرانی چەندین کتێب و بابەتی ئەدەبی و سیاسیە لە زمانەکانی دیکەوە بۆ سەر زمانی کوردی. مامۆستا وەرگێڕی کتیبە بەناوبانگەکەی "کورد و کوردستان" ی قاسملووی نەمرە، وەرگێڕانی رۆمانەکانی حەمەدۆک واتە "ئینجە مەمەد" و دانچەرموو و نووسینی نیوسەدە" تێکۆشان لە پێناوی ئازادیدا" کە ئاوڕێکە لە مێژووی حیزبی دێمۆکرات، چەند بەرهەمێکی مامۆستای ئیرادەو و باوەڕ بەخۆبوون، مامۆستا حەسەنزادەن.

لە باری سیاسییەوە یەکێک لە دیارترین سیماکانی نێو دێمۆکراتە، کەسی یەکەمی حیزب بووە لە رۆژە

سەختەکانی دوای قاسملوو و شەڕەفکەندیدا، لە کاتی شەڕی ناوخۆیی پارت و یەکیەتیدا کە هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لەو شەڕەوە گلابوون سیاسەتی حەکیمانەی مامۆستا ئەو حیزبەی لەو قەیرانی بڕیاردانە رزگار کرد و لەو بارەیەشەوە سەربەخۆیی دێمۆکرات هەر وەک خۆی مایەوە. ئەوە یەکێک لە تێبینی و دەرسەکانی دوکتور قاسملووی نەمر بوو کە مامۆستا بەڕاستی چاکی لێ فێر ببوو. مامۆستا ئەندازیاری یەکگرتنەوەی دوو باڵی لێکدابڕاوی دێمۆکراتە، حەرەکەتێک کە بە دڵنیاییەوە مێژوو وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی تاکە کەسیی مامۆستادا تۆماری کردوە. جگە لەمانە مامۆستا بە تایبەتی لە بواری رۆژنامەگەری و هاوکاریی رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبدا دەوری بەرچاوی هەبووە. حەسەنزادە، سیاسەتمەدارێکی بەتوانا و لێهاتوو و جێگای باوەڕی هەموو سەرکردەو رێبەرانی حیزبەکانی دیکە و رازدارێکی بەوەفای حیزب و تەشکیلاتی ئەو حیزبەشە. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا زۆرکەس لە ئەندامانی کۆنی حیزب بیرەوەریی خۆیان نووسیوەتەوە و زۆربەشیان قارەمانی داستانەکەن. زۆربەی ئەو بیرەوەری و نووسینانە بۆنی تەسویە حیسابیان لێوە دێ و لە زۆر جێگادا حیزب تاوانبار خۆیان بێتاوان و زۆر رازی سەربەمۆری حیزبیش لەم نێوەدا ئاشکرا کراوە. لەو نووسینانەدا وەفاداری بە حیزب و بە رێبازی حیزب لە بیر کراوە ئەمانەتداری و رازداری جێگای لەو نووسیانەدا نیە. هەر لە سەرەتای بوون بە ئەندامی حیزب هەموو کەس بەڵینی ئەخلاقی دەدا کە نهێنییەکانی حیزب لای کەس نەدەرکێنێ. زۆر کەس ئەو بەڵێنەی خۆی نەبردە سەر و وەک گوتم رازە سەربەمۆرەکانی حیزبیان ئاشکرا کرد. ئەگەرچی لەم نێوەدا مامۆستا رەنگە زیاتر لە هەموو کەس خەزێنەی ئەو رازانە بێ و بە درکاندنی زۆر تەم و لێڵی لەسەر ئەو نووسینانەش دەرەوێنەوە کە تەنانەت لە دژی خۆشی نووسراون و زۆربەشیان بەوپەڕی بێ ئینسافی دەنووسرێن ، بەڵام ئەو هەرگیز نەچووە ئەو خانەیەوە و لەو بارەیەشەوە ئەو بەڵێنە ئەخلاقییەی تا ئێستا بردۆتە سەر.

ئەگەرچی ئەو نووسینە کورتە ناتوانێ شایستەی ناساندنی گەورەیی مامۆستا حەسەنزادە بێ بەڵام من هەر ئەوەندەم لە دەست هات و ئەوەش دەکەمە دیاری بۆ ئەو کۆڕی رێزلێنانە کە بەحەق دەبێ بۆ زۆربەی تێکۆشەران و خەباتکارانی فیداکاری دێمۆکڕات ببەسترێ ویادو بیرەوەرییان بە زیندوویی بکرێتەوە. با هەر کەسەو لە ڕوانگەیەکەوە لاپەڕەیەک لە گیانفیدایی ئەو تێکۆشەرانە هەڵداتەوە تا ببێتە دەرس و پەند بۆ ئەو کەسانەی هەنگاو دەنێنە نێو ڕێڕەوەی سەختی کوردایەتی و خەبات بۆ ئازادی گەل و نیشتمان.

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

# پەیامی کاک هەیاس کاردۆ



ڕێز لە مامۆستا حەسەنزادە ڕێز لە خەبات و تێکۆشانە

هاوڕێیانی بەڕێزی پێکهێنەری کۆڕی ڕێزگرتن لەمامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە! سڵاوی گەرمی منتان پێشکەشو بە هیوای سەرکەوتنتان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. پێم خۆش بوو بەم نامە کورتەوە ڕێگای هەزاران مایلی ببڕم و هەستی خۆم تێکەڵ هەستی ئێوە بکەم بەشکەم بتوانم لەو کۆڕەدا بەشدار بم و منیش وەک ئێوە ڕێز لەخەباتکارێک بگرم کە ماندوویی نەناسە. سوپاستان دەکەم کە بۆ کارێکی ئاوا پێشقەدەم بوون چونکە باوەڕی من وایە مرۆڤە بە کەڵک و خزمەتکارەکان لە کاتی ژیانیاندا دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێ و قەدری خزمەتەکانیان بزانرێ. بەدڵ حەزم دەکرد شانسی بەشداریی لەو کۆڕەدا بە نسیب بووایە و منیش وەک ئێوە بەشێک لە قورسایی بەڕێوەبردنیم خستبایەتە سەرشان. مخابن دوورەدەستی و ژیانی سەختی ڕۆژانە ئەو دەرفەتەی نەدامێ.

من عادەتم نیە بە کەسانی خاوەنپلەوپایە هەڵبڵێم و بۆ قازانجی تایبەت لێیان نیزیک بمەوە. هەتا مامۆستا ئەندامی دەفتەری سیاسی، جێگری سکرتێر یان سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتبوو هەرچەند گرینگیی کار و زەحمەتەکانیم هەست پێدەکرد، بەڵام قەت هەوڵم نەدەدا تاریفی بکەم. هەرچەند پێشتر باسی تواناى مامۆستام بیستبوو، بەڵام کاتێک زیاتر دەگەڵی ئاشنا بووم کە دوای کۆنگرەی هەشت لەپۆستی ڕێبەریدا نەبوو، بۆیە دەمتوانی زیاتر لێی نیزیک بمەوە و باشتری بناسم. ئەوکات من و چەند هاوڕێی خۆشەویستی دیکە لەپەنا دەستی

مامۆستا خەریکی کاری ڕۆژنامەنووسیی بووینو ڕۆژانە ئاگام لەهەڵسوکەوتەکانی بوو. لەو ماوەیەدا تواناو زەرفییەتەکانی مامۆستام بە باشی بۆ دەرکەوتن و زانیم دەگەڵ کێ هاوخەباتم. جگە لەوە لەنیزیکەوە دڵنەرمی و لەسەرەخۆیی و سۆزی ئەو مرۆڤەم سەبارەت بە بنەماڵەی خۆیو هاوکارانی بۆ دەرکەوت. بۆیە شاییم بە خۆ بوو کە لێی نیزیکم و دەتوانم شتی لێ فێر بم.

دوای کۆنگرەی چاردەی حیزبی دێموکڕات کە مامۆستا نەریتی وازهێنانی داخوازانەی لەپۆستە سیاسی و تەشکیلاتی‌یەکان هێنایە ئاراوە و دەگەڵ ئەوەدا کە جێباوەڕی بەشی زۆری ئەندامانی حیزبەکەی بوو بەڵام وازی هێنا، زیاتر لەپێشوو کەوتە بەردڵم و گەورەیی ئەوم باشتر بۆ دەرکەوت. لەو ماوەیەش دا کە بۆ وەبەرهێنانی کتێبی "ئەزموونی خەبات" بۆ ماوەی ٣٦ سەعات قسەم دەگەڵ کرد ئەو باوەڕەم زیاتر پتەو بوو کە سەبارەت بەو مرۆڤە هەمە.

دۆستانی خۆشەویست! ژیانی ئینسان هەر هاتنی کۆرپەیەک و ماڵئاوایی بەساڵداچوویەک نیە. ژیان ئەگەر تێکەڵ بەکاری بەسوودو خزمەت بە باوەڕ و لەخۆ بوردوویيو بە تایبەت کاریگەربوون لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان نەبێ لەمانا بەتاڵ دەبێ و وەک ژیانی بوونەوەرەکانی دیکەی لێدێ. مامۆستا یەکێک لەو کەسانەیە کە مانای دروستیان بە ژیانی خۆیان داوە، چونکە ژیانی بۆ خەڵک و باوەڕەکانی خۆی تەرخان کردوە. ئەو لە توانا و بەهرەکانی خۆی بۆ قازانجی تایبەت کەڵکی وەر نەگرتوە، بەڵکوو خستوونیەتە خزمەت دۆخی خەباتی گەلەکەی بۆ گەیشتن بە ئازادی. جا ئەگەر کەسێکی ئاوا قابیلی ستایش و تەقدیر و خۆشەویستی نەبێ ئەدی کێ دەتوانێ قابیلی ئەوە بێ؟ بۆیە ئێستا کە ئێوە قۆڵی هیممەتتان هەڵماڵیوە و ئەو ئەرکەتان وەئەستۆ گرتوە، جێگای ڕێز و پێزانینن و دەستخۆشیتان لێدەکەم.

سڵاو لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە دەگەڵ ئازارەکانی گەلەکەی دەژیو بۆ کەمکردنەوەی ئەو ئازارانە چی بۆ کراوە کردوویەتی. سوپاس بۆ مامۆستا کە لەڕێگای جۆراوجۆرەوە توانا و زەرفییەتەکانی خۆی خستۆتە خزمەت خەباتی گەلەکەی و وازی لەخۆشی‌یەکانی ژیان هێناوە. تەمەنزدرێژی بۆ مامۆستا و بە هیوای کاری زیاتر و خزمەتی بەرچاوتری. هەر لێرەشەوە سڵاوی گەرم بۆ شەریکی ژیانی مامۆستا خاتوو ئەستی" یان بەو جۆرەی بەناوبانگە "مەلاژن" کە لە هەموو ئەو ساڵانەدا پێ بە پێی مامۆستا کۆڵی نەداوە و شەریکی شادی و

نارەحەتی‌یەکانی بووە. هیوادارم هەردووکیان ماوەی تەمەنیان بە ساغی و سەلامەتی تێپەڕ بکەن و چێژ لە ژیانیان وەرگرن.

هەیاس کاردۆ - ئوستراڵیا - ١٢ای ئۆکتۆبری ٢٠١٣

✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲✲



# پەیامی کاک کەریم ئەڵڵاوەیسی




سیاسەتمدار و نووسەر و وەرگێرێکی ناوداری کورد

با چاومان لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی کوردەواری بێ هەتا ئاوا نەبوون کە ئاوا بوون چ سوود؟

بە خۆشحاڵیی زۆرەوە دەوران گۆڕاوە و کوردیش هێندێک ئاڵوگۆڕی لە خۆیداپێک هێناوە. ئەگەر جاران پاش ئاوابوون و لەدەستچوونی ئەستێرە و بلیمەت و گەورە مرۆڤەکانمان پێمان هەڵدەگوتن و زۆرجار پەکووپەکوومان دەگوت و بۆیان دەگریاین و سەرکۆنەی خۆمانمان دەکرد کە بۆچی ڕێزو قەدرمان لە ئەستێرەو بلیمەتەکانمان نەگرت لە کاتی زیندوبوونیان دا. ئەوە سالێیانێکی نە زۆرە هەم رێزیان لێ ەگرین و هەم لە باشوور و کوردستانی نیوەئازاددا پەیکەریشیان لێ ساز دەکرێو بە شێوەی جۆراوجۆر بە سەر دەکرێنەوە و هەم لە باری مادی و هەم لە باری مەعنەوی‌یەوە بایەخ وگرینگی بە زۆر کەس دەدرێ کە خزمەتی نەتەوە زۆرلێکراوەکەمانیان کردوە.

ئەمرۆ یادی لە دایکبوونی ماموستا عبدوڵڵا حەسنزادە دەکرێتەوە. ماۆستا شایانی رێزگرتنێکی ئێجگار زورە. ماموستای بەرێز دەتوانین بلێین نزیک بە تەواوی ژیانی بۆ خزمەت بە گەلو نیشتمان تەرخان کردوە. ماموستا کێیە؟

١- سیاسەتمەدارێکی زۆر گەورە و بە توانا. ناوبراو سێ دەورە جێگری دوکتۆر قاسملووی مەزن بووە، زیاتر لە لە

٥٠ ساڵ ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان و زیاتر لە ٣٠ ساڵ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی بووە. لە حیزبدا بە باوکی بەرنامە و ئەساسنامە ناسراوەو دوکتۆر قاسملوو گوتەنی: مەلای ١٣ عیلمە.

٢- نووسەرێکی گەورەیە. سەدان نووسراوەی بۆ رادیۆی دەنگی کوردستان و رۆژنامەی کوردستان و چاپەمەنی‌یەکانی دیکەی حیزب و رۆژنامەکانی باشووری کوردستان نووسیوە کە لە دەیان کتیبدا جێگای دەبێتەوە بۆیە ماموستا بە حەق نووسەرێکی گەورەیە.

٣- وەرگێرێکی نموونەیی‌یە. دەیان کتیبی وەک حەمەدۆک و گێلە پیاو و... دەری‌دەخەن کە هەر ئێستا هیچ کەس لە هەمووی کوردستان ناگاتە مامۆستا بۆ کاری. هەر کەسێک حەمەدۆک و وەرگێراوەکانی دیکە بخوێنێتەوە راستیی قسەی منی بۆ دەدەکەوێ.

٤- دیپلۆماتیکی مەزنە. لە کاتێکدا ماموستا پاش ڕووخانی رێژیمی شایەتی، ئەندامی سەرکردایەتی نەبوو بەڵام بۆ زۆربەی کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی حیزب و سەرانی ڕێژیمی کۆماری ئێسلامی لەگەڵ بووە و بە کردەوە نەقشی هەوەڵی هەبووە. وردبینیی ماموستا لە سیاسەت دا جێگای تێڕامانە . دەتوانین بڵێین لە دانیشتنەکان لەگەڵ تاران ئەو بە تەواوی سیاسەتی حیزبی پەیڕەوی دەکرد .

٥- رێبەرێکی موتەوازیع و خاکی‌یە؛ ساڵانە دەیان سیاسەتمەدار و مامۆستای زانکۆ و زانای بەشەکانی کوردستان لەسەر سیاسەت، نووسین و وەرگێڕان ڕاوێژ دەگەڵ ماموستا دەکەن، بەڵام قەت لە خۆ بایی نابێ و ئەوە گەورەیی مرۆڤە مەزنەکانە کە بە سەرکەوتن لە خۆ بایی نابن.

ماموستا زۆر تایبەتمەندیی باشی لە خۆیدا کۆ کردوەتەوە و هەمووی بۆ خزمەت بە گەلە غەرلێکراوەکەی بەکار هێناوە.
من لە ٧٥ ساڵەی لە دایک بوونی سیاسەتمەدار و نووسەر و وەگێڕدا سەری رێز و نەوازش بۆ خۆی و خزمەتەکانی دادەنوێنم، هیوام تەمەن درێژی و بەردوامیی زیاتر لە هەنگاوە بەنرخەکانی و سەرکەوتن و سەرفرازیی زیاتر بۆ خۆی و گەلەکەی.

قوتابی‌یەکی ماموستا، کەریم ئەڵلاوەیسی

# پارچە شێعرێک بۆتەمەنێک




## ئازاد سەردەشتی

چەند مۆمی ژین لە سەر کەیکی تەمەن هەڵکەی
هێشتا من هەر دەڵێم کەمە
چون پێشەنگ وڕێبەرێکی وەک تۆ زیرەک
لەم ڕۆژگارە زۆر ئەستەمە
تۆ ئەستێرەی،لە ئاسمانی میللەتم دا
کە هەموودەم هەر گەشاوەی
لەبەر چاوی کەس ون نابی
لە ناو باخی نیشتیمانڎا وەکوو گوڵێکی ڕازاوەی
تۆ لە سەنگەر،،سەنگەر لە تۆ
کەس ناتوانێ جیا کاتەوە
بۆیە دەڵێم یاخوا تەمەن
دەرگای ژینت ساڵانێکی دوورودرێژ بەڕووی تۆدا بکاتەوە
باسی شاخ و چیا بکەین ، تۆ ترۆپکی شاخەکانی
باسی شۆڕش و خەبات کەین ، تۆ ستوون و پایەکانی

باسی پەڕتووک و پێنوس کەین ، فەیلەسوفی پیتەکانی
لە ئاسمانی وڵاتم دا، تۆ ئەستێرێک لە ئەستێرە گەشەکانی
تۆ پێنووست، مورەکەبی شۆڕشگێڕیی تێڕژاوە
خوناوی ئاوی کوێستانی لێ پژاوە
هەر وشەیەک کە ئەی‌نووسی باسی ناخی نیشتمانە
بێ شک دوژمن پێی هەژاوە
بیرت هێندە پاک و خاوێن
بۆ میللەت جێی شانازی یە
هەموو عومرت لە پێناوی نیشتمانت بردۆتە سەر
بۆیە هەموو کورد بە گشتی
لە ڕابردووی تۆ ڕازی‌یە
بۆیە هەرچەند مۆمی ژینت، لەسەر کەیکی تەمەن هەڵکەی
هێشتا من هەر دەڵێم کەمە
چونکا کەمن بیرمەندو داناو شۆڕشگێر
بەچەشنی تۆ لەم سەردەمە،،
بەچەشنی تۆ لەم سەردەمە.

========================================



# پەیامی ئازاد عەباسیان



بە پێی وتەیەکی بەڕێزی:

سەربازێکی نیشتمان.

مرۆڤێکی ڕاستگۆ و خاوەن هەڵوێست و نەترس.

سیاسەتمەدارێکی ئەدەبی و ئەدەبوانێکی سیاسی .

وردبین و دەقیق، مرۆڤێکە کە هیچ کات لە وتەی گوتراوی خۆی، خۆی بێ ساحێب نەکردوە و هەڵەیێکیشی کە کردبێ ددانی پێدا هێناوە و هەڵەی مرۆڤەکانی دەوروبەریشی راشکاوانە هێناوەتە بەر باس. کۆمەڵایەتی‌بوونی مامۆستا یەکێک لە خەسڵەتە گەورەکانیەتی .منداڵ وەک منداڵ سەیر دەکا، مێرمنداڵ وەک مێرمنداڵ و هەر کەسە و بە پێی تەمەن و کەسایەتیی خۆی هەڵدەسەنگێنێ، نە زۆر بەکەس دەبەخشێ و نە لێشی کەم دەکاتەوە. تێکۆشەرێکی پڕ وزە و کاری، دێموکراتێکی ئازا و ئازاد. دانان بە هەڵە مێژوویی‌یەکانی حیزب و کەسایەتی‌یەکان. بەلای منەوە شۆڕشگێرێکی بەتوانا و پاک ، زۆر جاران قسەی ناڕەوا دەر حەق خۆی دەبیستێتەوە و لە نێوان هەڵوێست و سەبردا ، سەبر هەڵ دەبژێرێ، خۆم شاهید بووم چەند جار.

کەسایەتی‌یەک نموونەی ئینسان بوون، مامۆستا بێ‌تەعاروف مامۆستایە و مام وەستایە. لێ فێربوون و فێرکردن یەکێک لە خەسڵەتە مەزنەکانی مرۆڤە، مامۆستا بێ‌بەری لەو خەسڵەتە نیە و ئەویش خۆم شایەتیی بۆ دەدەم، بۆ کاری گۆڤاری منداڵان چووینە خزمەتی، باش لێمان نەدەزانی، نەمان‌دەزانی چ بکەین، دەمانویست پرسی پێ‌بکەین و لێی فێر بین، گوتمان لەوانەیە بۆ کاروباری منداڵان بڵێ کە من تاقەتم لێی نیە، بەڵام کاتێک کە چووین و پرسمان پێ‌کرد، زانیمان کە مامۆستا دەگەڵ منداڵ دا وەک خۆی دەدوێ.

***ئێستاکە لەوانەیە و هەیشە کە بڵێن مامۆستا لەمپەرە لە مەڕ یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزب، بەچاوخشاندنێک بە کتێبی کورتە مێژووی حیزبدا، چاومان بە وشەی "باڵەکانی حیزب دەکەوێ". ئەمە خۆی مانای بەرزهێشتنەوەی بنەماڵەی دێموکرات دەگەیەنێ کە لە لایان بەڕێزیانەوە دانراوە و وەک بیرێکی ژیرانە و مەسئوولانەی دەبینرێ و وڵامی زۆر لە پرسیارەکان دراوەتەوە. هەر دەم لە پێناو گەل و حیزب دا تێکۆشەر بووە و فیداکار .***

***مامۆستای سیاسی***

***مامۆستای ئەدیب***


***مامۆستای سەبوور***

***تەمەن درێژیت بۆ بە ئاوات دەخوازم و هەردەم بژی بەشادی.***

***ئازاد عەباسیان***

==============================================




دەبێ یەکسەر بەژینی خۆی بنازێ
ئەوی هێند بەختەوەر بوو بە هاوڕێت
هەزاران خۆزگەمە بەو ڕێ و بانەی
دەبێتە خۆڵ و خاک و تۆزی بەر پێت
لە شێعرەکانی ڕس